
چاپی سێیەم

بەشێک لە پەیامەکانی نوور

پەیامی پیران



بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فاڕووق ڕەسووڵ یەحیا

کردوویە بە کوردی

بسم الله الرحمن الرحيم

پەیامی

پیران

ئەم پەیامە:

* مامۆستا (بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی) بە زمانی تورکی دایناوە.
* مامۆستا (ئیحسان قاسم صالحی) لە زمانی تورکی‌یەوە کردوویەتی بە عەرەبی.
* (فارووق ڕەسووڵ یەحیا) لە عەرەبی‌یەوە کردوویە بە کوردی.
* مامۆستا (حسەین حەسەن کەریم) بەم کوردی‌یەدا ڕۆشتووەتەوە و لەگەڵ دەقی عەرەبی‌یەکەدا بەراوردی کردووە.
* مامۆستا (عەبدولکەریم عەبدولڵا ڕەفعەت) پیایدا ڕۆشتووەتەوە و لەگەڵ دەقە تورکی‌یەکەدا بەرامبەری کردووە.

* چاپی یەکەم: بەغدا ١٤٠٤ك - ١٩٨٤ز
* چاپی (شەرعی و بژارکراوی) سێهەم: سلێمانی ١٤٣٤ك - ٢٠١٣ز
* لەسەر ئەرکی وەرگێڕ لە چاپ دراوە.
* (ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا) نەخشەی بەرگی کێشاوە و سەرپەرشتیی چاپی کردووە.

* ژمارەی سپاردنی (٦٣٣)ی سالی (٢٠٠٦)ی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان پێ دراوە.

تێبینی: ئەم پەیامە دوو جاری تر، لە دوو چاپی کتێبی (بریسکەکان)دا، کە بەرگی سێهەمی (سەرجەمی پەیامەکانی نوور)ە، بلاوکراوەتەوە.

بەشێك لە پەیامەكانی نوور

پەیامی پیران

بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

دایناوە

فارووق ڕەسووڵ یەحیا

كردوویە بە كوردی

پێشەکیی وەرگێر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على أفضل خلقه سيدنا محمـــد، وعلى آله وصحبه أجمعين، والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين.

جیهانی پیری جیهانێکە مرۆڤ تیایدا هەست بە جۆرەها نامۆیی دەکات..

کاتێ یادی دۆست و خۆشەویستانی درێژایی تەمەنی خۆی دەکاتەوە و، دەبینێ بەشێکی زۆریان دنیایان بەجێ هێشتووە و، کۆچی ماڵئاواییان لێ کردووە.. وەك غەریبێك خۆی دێتە پێش چاو..

هەرکاتێ کە بە ڕووداوەکانی ژیانی پێشووی خۆیدا دەڕواتەوە و، لەگەڵ پاشماوەی تەمەنیدا بەراوردی دەکات.. دەبینێ بەشێکی کەمی لە ژیاندا ماوە و، خۆیشی لەسەر ڕێیە و، بەرەو کۆچی ماڵئاوایی دەڕوات..

مرۆڤ لەم هەڵوێستانەدا خۆی لە بەردەم گرنگترین جۆری نامۆییدا دەبینێتەوە. کەمی و زۆریی ئەم نامۆییەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنێتیی ئەو دەوروبەرەی کە مرۆڤی پیری تێدا دەژی و، بۆ پلەی باوەڕی خۆی. هەر لێرەشدا باوەڕی ڕاست ڕۆڵی گرنگی خۆی لە ڕەوتی ژیانی ئەو جۆرە مرۆڤانەدا دەبینێت.

ئەم چەرخەی ئێمە چەندین ئاڵوگۆڕی گەورە و گرنگی بەخۆیەوە دیوە.. چەرخێکە مرۆڤایەتی بەشێکی زۆری لە داب و نەریتەکانی خۆی گۆڕیوە و، بەشێکی تریشی لە ڕیشەوە دەرهێناوە. ئەوەتا هەر لە گەورەترین بەها مرۆڤایەتی یەکانەوە، کە خودی پلەی مرۆڤێتی یە، هەتا دەگاتە چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتی، ئاڵوگۆڕی یەکجار گەورەیان بەسەردا هاتووە.

لە ڕاستیدا ئەو کاتەی کە مرۆڤ وەك کەرەستەیەك سەیر کرا و، بە تەرازووەکانی ئامێر و بەرهەم نرخێنرا، ئەوکاتە پلەی مرۆڤ هێنرایە خوارەوە. کە پلەیەك بوو بەدیهێنەری پێی بەخشیبوو، هەر بەو پلەیەش بوو کە بەدیهێنەر مرۆڤی بەسەر بەشەکانی تری بوونەوەردا بەرز ڕاگرتبوو.

ئەم پلە داگرتنەی مرۆڤ هەر لە دیاردەی لەباربردنی "کۆرپەلە"وە هەستی پێ دەکرێت هەتا دەگاتە ڕێزنەگرتنی توێژی "پیران".

لە ڕاستیدا ئەوانەی کە سایەی خواناسی و باوەڕ بە ڕۆژی دوایی نەیگرتوونەتەوە و، لە ڕووناکیی ئیمان بێ بەشن ، هەر ئەوانەن کە نرخی مرۆڤ دەهێننە خوارەوە و، لە هەموو قۆناغێکی تەمەنیدا چەند پلەیەك دایدەگرن.

ئەوەتا دەبینین و دەبیستین و دەخوێنینەوە کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ژیانەوە لە ئادەمیزاددا، کە هێشتا ئاوەڵە و کۆرپەلەیە و چاوەڕوانی ئەوەیە کە لە ژیاندا جێگایەکی هەبێت، لە چەندین وڵاتی جیهاندا یاسای تایبەتی بۆ "لەباربردن"ی دادەنرێت و، لە لایەن خەڵکانێکی کۆمەڵگاکانیشیانەوە پشتگیری لەو چەشنە یاسایانە دەکرێت! لەکاتێکدا کە لە ئایینی ئیسلامدا ئەو کۆرپەلەیە مافی ژیانی هەیە و، وەك هەر مرۆڤێکی تەواو مافی یاسایی خۆی بۆ دیاری کراوە.

ئنجا وەنەبێ مرۆڤی هاوچەرخ لە بارودۆخە جیاجیاکان و قۆناغەکانی تری ژیانیدا بەختەوەرتر بێت. ئەوەتا - بۆ نموونە - هاوکات لەگەڵ هەوڵە بازرگانییەکانی دۆزینەوەی دەرمانی نەخۆشییە قورسەکاندا، جار بە جار ئەو دەنگەشمان بە گوێدا دەدرێت کە:

(مادەم لە توانادا بێت ئەو چەشنە نەخۆشانە بە تاقە دەرزییەك ڕزگار بکرێن و خەوی هەمیشەییان لێ بخرێت، ئیتر بۆچی ئەو هەوڵ و تەقالا زۆرانە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەو نەخۆشییانە بدرێت)!

تەنانەت هەندێ لەو بەناو خێرخوازانەی مرۆڤ شەرم نایانگرێت کە بە زیادەڕەوییەوە ئەم جۆرە هەڵوێستانەیان بە چاکە و خێریش لە قەڵەم بدەن!

خۆ ئەگەر ئەم چەشنە حاڵەتانەی ژیانی مرۆڤ واز لێ بهێنین و بێینە سەر باسی قۆناغی "پیری" لە ژیانی مرۆڤی ئەم چەرخەی ئێمەدا، شتی سەیر و سەمەرەتر بەدی دەکەین و دەبیستین و، لە جێی خۆماندا زیاتر سوپاسی خوا دەکەین لەسەر نیعمەتی ئیمان، کە بەهۆیەوە لەو پلە نزمانە پاراستووینی کە ئەو بێ بڕوایانە تێی کەوتوون.

ئەگەر دوور نەڕۆین، هەر لە کۆمەڵگاکانی خۆماندا و، دوای کزبوونی هێزی باوەڕ لەناو دڵاندا، چەندین نموونەمان پێش چاو دەکەوێت سەبارەت بە نەمانی ڕێزی پەککەوتە و پیران، هەر لە لایەن خێزان و وەچەکانی خۆیانەوە.

ئەگەر دوورتریش بڕۆین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو دەنگانەی بۆ لەباربردنی منداڵ و لەناوبردنی بیماران بەرز دەبوویەوە، هەر هەمان دەنگە بۆ کەناردان و ڕێز نەگرتنی پیرانیش بەرز دەبێتەوە. گوایا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ هەتا وەك مەکینەیەك بەرهەم ببەخشێت، شایانی پاراستن و هێشتنەوەیە، بەڵام کاتێ لە کار کەوت و توانای بەرهەمهێنانی نەما، ئەوا پاراستن و هێشتنەوەی دەبێت بە ئەرك لەسەر شانی بەرهەم هێنەران!

هەرکام لە ئێمە ئەگەر بە وردی ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی بێت، سەرەتاکانی ئەم دیاردەیەی تیا بەدی دەکات، کە لە بەشێکی تری جێگاکانی جیهاندا پێگەیشتووە و لە واقیعی ژیاندا جێبەجێ دەکرێت.

ئەم هەڵوێستانە، نامۆییەکی گرنگ بۆ مرۆڤ پەیدا دەکەن، بە تایبەتی توێژی پیران، کە بەشێکی زۆرن لەناو بەشەکانی مرۆڤدا و، مامۆستا نوورسی لە پاشکۆی یەکەمی (پەیامی حەشر)دا بە "نیوە"ی بەشەکانی ئادەمیزاد لە قەڵەمیان دەدات.

جا ئەگەر سەرباری ئەم نامۆییە، هزری ژاراوی و بیری تاریکی گومڕایان گەیشتبێتە دڵ و دەروونی هەندێك لەو پیرە بەساڵاچووانە و، لەو ڕێیەوە هاتنە دنیای مرۆڤ بە بێهوودە تەماشا بکات و، کۆچی دواییشی لەم ژیانە بە لەناودانێکی هەمیشەیی بزانێت و، بەم چەشنە ژیانی دنیای لێ تاریك بووبێت، ئەوا جگە لە داخ و خەفەتی تایبەتیی خۆی، زامەکەی قووڵتر و نامۆییەکەشی پتر فراوان دەبێت!

ئا لێرەدا – وەك پێشتر وتمان – باوەڕی ڕاست ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لە ژیانی مرۆڤی پیردا دەبینێت و، ئەو دەوروبەرە تاریك و پڕ لە نائومێدییەشی بۆ ڕووناك دەکاتەوە و، دەرگاکانی هیوا و ئومێدی بۆ دەخاتە سەر پشت.

هەر لەو پێناوەدا مامۆستا نوورسی ئەم پەیامەی نووسیوە، کاتێ کە بۆ خۆی گەرۆدەی ڕووداوەکانی قۆناغی پیری بووە. ئیتر بەوپەڕی ئەمانەتەوە تۆماری کردوون و بۆی بەجێ هێشتووین.

نووسەر لەم پەیامەدا لەبارەی ئەو چەشنە بیرکردنەوانەی پیرانەوە دەدوێت کە دەوروبەری لە بەرچاودا تاریك و ڕەش دەکات، بەڵام دوای تاقیکردنەوەی تایبەتیی خۆی، دەیسەلمێنێت کە تەنها لە یەك کاتدا مرۆڤ ئەو دەوروبەرەی خۆی ڕەش و تاریك دێتە پێش چاو، ئەویش ئەو کاتەیە کە لە ڕوانگەی

ئیمانەوە نەیپرواندبێتە ڕووداوەکان. دەنا ئەو حاڵەتە دەروونییانەی کە بەسەر پیراندا تێپەڕ دەبن، مایەی هیوا و شادمانین، نەك مایەی خەفەت و بێزاری.

ئەم مەبەستانەش کە لەم پەیامەدا هەن، هەرچەند ئێمە هەوڵ بدەین ناتوانین وەکو مامۆستا نوورسی دەریان ببڕین. هیچ نەبێ، خوێنەر لەو تام و چێژانە بێ بەش دەکەین کە لە نووسینەکەی مامۆستا خۆیدا هەیە. لەبەر ئەوە، بەجێیان دەهێڵین بۆ خوێنەرانی بەڕێز، تاکو دەرگاکانی دڵیان بکەنەوە و، گوێ لە وتە بەنرخەکانی ڕابگرن.

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم پەیامە هەرچەند لە ڕووداوەکانی ژیانی پیریی نووسەر دەدوێت و تایبەتە بە "پیران"ەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو خوێنەرێکی تر - جگە لە پیران - بە گوێرەی خۆی سوودی لێ وەردەگرێت. چونکە هەر "لاو"ە پیر دەبێت و، هەر "مرۆڤ"یشە ڕووبەڕووی هەمان هەڵوێستی ژیان دەبێتەوە. خۆ مرۆڤی وا هەیە کە هەرچەندە پیر نەبووە، کەچی ڕووداوەکانی ژیان هێندەی پیرێك ئازاری دەرخوارد دەدەن و ئەزموونیشی پێ دەبەخشن! وەك ئەوەی لە بەشێکی باسەکانی ئەم پەیامەوە دەردەکەوێت و، خۆیشمان لە ژیاندا هاوشێوەیان دێنە ڕێمان.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە ئەم پەیامە چەند ڕاستییەکی مێژوویی تێدایە سەبارەت بەو سەردەمەی کە مامۆستا نوورسی لەگەڵ ڕووداوەکانیدا ژیاوە. جگە لەو باسانەی کە لەمەڕ ژیانی تایبەتیی مامۆستا خۆی و ژیانی قوتابییەکانیەوە دەدوێت.

ئەم پەیامە سەرنجی خوێنەر لەوەدا ڕادەکێشێت کە دەبینێت نووسەر زۆر بە ڕاشکاوی لە ڕووداوەکانی ژیانی خۆی و ئەو حاڵەتە دەروونییانە دەدوێت کە بەسەری هاتوون!

مامۆستا نوورسی دەیەوێت لەم ڕێگایەوە خوێنەر لە فرتوفێڵەکانی دەروون و شەیتان ئاگادار بکاتەوە. تاکو ئەویش، بێ پێچ و پەنا، زامەکانی دەروونی خۆی دەستنیشان بکات و، دواتر هەنگاو بۆ چارەسەرکردنیان بنێت.

ئەم لایەنەی کە لەم پەیامەدا هەیە، پەیوەستە بەو تایبەتکاری‌یەی کە لە تێکڕای پەیامەکانی نووردا هەیە، کە بریتی‌یە لەوەی ئەم پەیامانە لەبارەی هەرشتێکەوە دەدوێن، گفتوگۆیان ئاراستەی شادەماری هەستیار و گوێڕایەڵی ناو قووڵایی دەروونی مرۆڤ دەکەن، بە جۆرێك کە خوێنەر گەلێ سوودمەند دەبێت لە وتە و ڕێنماییەکانی.

ئەمەش ڕاستی‌یەکە، هەرکەسێك لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم پەیامانەدا بژی، یاخود ژیابێت، هەستی پێ دەکات.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين[١].

فاروق رەسوول یەحیا
١٤٠٤/٩/٣٠ك
١٩٨٤/٦/٢٩ز

---

(١) شایانی ڕوونکردنەوەیە کە لەو بەروارەی سەرەوەدا ئەم پێشەکی‌یەمان بۆ چاپی یەکەمی ئەم وەرگێڕانە نووسی. دوایی بۆ چاپەکانی تر، وەکو سەرانسەری پەیامەکە، قەڵەم تێبردن و پوختەکاریمان بۆ ئەنجام دا. (وەرگێڕ)

پەیامی پیران

ئەم بریسکەیە بریتی‌یە لە بیست و شەش ئومێد[1]

بێدار کردنەوەیەك:

ئەو هۆیەی هانی دام ئازارە دەروونی‌یەکانم لـە سـەرەتای ئومێدەکـانی ئـەم پەیامەدا بە شێوازێکی هێندە کاریگەر تۆمار بکەم کە تەنانـەت زامـی ئێـوەش بکولێنێتـەوە، تەنـها نیـازی ڕوونکردنـەوەی مـەودای هـێز و کاریگـەریی لـە ڕادەبەدەری چارەسەرەکانی قورئانی پیرۆز بوو.

لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەم بریسـکەیە - کـە تایبەتـە بـە پیرانـەوە - لـە ڕووی داڕشتنەوە هـەتا سـەر پارێزگـاریی ڕەوتـی جـوان و شێوازی ڕێـك و ڕەوانـی خۆی نەکردووە، لەبەر چەند هۆیەك:

یەکەمیان:

ئـەم پەیامـە تایبەتـە بـە ڕووداوەکـانی ژیـانی خۆمـەوە. دیـارە گەڕانـەوەی ئەندێشەم بۆ ئەو کات و سەردەمانەی ڕابوردوو، هـەروەها ژیـان بەسـەر بـردن

(١) نووسەر لە نوسخەیەکدا کە بە دەستخەتی خۆی هەڵەگیریی لەسەر کردووە، ئەم پـەراوێزەی خوارەوەی لێرەدا نووسیوە:

لەبەر ڕووداني موسیبەتەکە (بەندیخانـەی ئەسـکی شـەهر) پاشماوەی ئومێدەکـانی تر (واتـە: لـە ئومێـدی حەڤدەهەمـەوە تـا بیسـت و شەشـەم) نەنووسـران. ئنجـا لەبـەر ئـەوەش کاتەکـەی بەسەرچووبوو ئەوا ئەم پەیامە بە ناتەواوی مایەوە.

لەگەڵ ڕووداوەکانیدا و پاشان نووسینەوەیان لە حاڵێکی وادا، بوو بە هۆیەکی ناڕێکیی لایەنی ڕەوانی و دەربڕینەکان لەم پەیامەدا.

دووهەمیان:

ڕوونکردنەوەکە هەندێ ئاڵۆزیی تێکەڵ بوو، چونکە نووسینی ئەم پەیامە لە پاش نوێژی بەیانی بوو، کە هەستم بە ماندووبوونێکی زۆر دەکرد. جگە لەوەی کە ناچاریش بووین پەلە لە نووسینیدا بکەین.

سێهەمیان:

کاتێکی فراوانمان بۆ ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەریی پەیامەکە بەدەستەوە نەبوو، چونکە تەنها یەك نووسەرەوەم لە لابوو کە ئەویش گەلێ کاروباری "پەیامەکانی نوور"ی بەسەردا کەوتبوو. تەنانەت هەندێ جار پۆزشی دەهێنایەوە و نەیدەتوانی ئامادە بێت. ئەمەش بوو بەهۆی لەدەستدانی ڕێکوپێکیی پێویست لەم پەیامەدا.

چوارەمیان:

مەگەر ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوەیەکی سەرپێیی، دەنا بە قووڵی لە واتاکانی ورد نەبووینەوە. چونکە دوای دانانی بە تەواوی هەستمان بە ماندووبوون دەکرد. دیارە ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە هاودەم لەگەڵ نووسینی بابەتەکەدا، هەندێ ناتەواوی لە دەربڕینەکانیدا سەر هەڵبدات.

لەبەر هەموو ئەمانە، تکا لە پیرە بەڕێزەکان دەکەم بە چاوی لێبوردنەوە بڕواننە کەموکوڕییەکانم و، منیش بەشداری دوعاکانیان بکەن کاتێ لە دەرگانەی ئەو خواوەندە میهرەبان و خاوەن سۆز و بەزەییەدا دەستەکانیان بەرز دەکەنەوە کە نزا و پاڕانەوەی ئەو پیرە بەڕێزانە ناگێڕێتەوە دواوە.

بِسمِ اللهِ الرَّحـــمنِ الرَّحيمِ

﴿كهيعص ۞ ذِكْرُ رَحْـــمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا ۞ إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا ۞ قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْباً وَلَمْ أَكُنْ بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيّاً﴾ (مريم:١-٤)

□ ئومێدی یەکەم:

ئەی ئەو کەسانەی گەشتوونەتە تەمەنی کامڵی!

ئەی خوشك و برا ئازیز و بەڕێزە پیرەکانم!

منیش وەکو ئێوە پیرێکی بەساڵاچووم!

دەمەوێت هەندێ لەو حاڵەتانەی کە بەسەرمدا هاتوون و ئەو دەرگایانەی هیوا و ئومێدیش کە لە پیریدا لێـم کراونەتـەوە، بۆ ئێـوەی بـەڕێزیان بنووسـم. تاکو ئێوەش لەگەڵ خۆمدا لەو دڵدانـەوە نوورانی‌یانـە بەشـدار بکـەم کـە لـەو هیوا و ئومێدانەوە تیشك دەدەن و دەبریسکێنەوە.

گومـانی تێدا نی‌یـە کـە ئـەو ڕووناکی‌یانــەی مـن بینیمــن و، ئـەو دەرگـا نوورانی‌یانەش کـە لـە مـن کرانـەوە، بـە گوێـرەی توانـا و لێـهاتنی پەرێشـان و ناتەواوی خۆم بوون، پشت بەخوا ئامادەیی پاك و بێگەردی ئێـوەی بـەڕێز ئـەو ڕووناکی‌یەتان جوانتر و درەخشانتر پیشان دەدات و، ئومێـد و هیواکانیشتان توندوتۆڵ و بەهێزتر دەخاتە بەردەم.

بـێ گومــان سـەرچاوەی ئـەو ڕووناکی‌یانـە و، گەنجینـەی ئـەو هیــوا و ئومێدانەی کە لەمەولا باسیان دەکەین، تەنها هەر "ئیمان"ە.

□ ئومێدی دووهەم:

لە سەرەتای پیریم و لە ڕۆژێکی پایز و دەمی عەسردا، لەسەر لوتکەی چیایەکەوە دەمڕوانییە دنیا. کتوپڕ لە ناخی دەروونمدا هەستم بە حاڵەتێکی یەکجار ناسك و خەماوی و تاریك کردا

چونکە بینیم: وا من بەساڵدا چووم و، ئەمڕۆش پیر بووە و، ساڵیش لە کاملێدایە و بەرەو پیری دەڕوات. تەنانەت دنیا خۆیشی پیر بووە!

لە ڕاستیدا ئەم پیرییەی کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە، بە تەواوی ڕایتەکاندم و تەزووی بە هەموو جەستەمدا هێنا. چونکە تێگەیشتم کە وادەی جودایی دنیا و دووریی یارانی خۆشەویستم لێ نزیك بووەتەوە!

لەم کاتەدا کە من بەم پەژارە و نائومێدییەوە دەتلامەوە، "میهرەبانیی خواوەند"م لە ناکاودا لێ دەرکەوت و، ئەو خەم و خەفەتە زۆر و جودایییە ئازاربەخشانەی بۆ گۆڕیم بە دڵخۆشی و شادمانی و نوورێکی درەخشانی ئەوتۆ کە هەموو سووچ و قوژبنێکی دەروونمی ڕووناك کردەوە.

بەڵێ هاوتەمەنە پیرەکانم!

ئەو خواوەندە گەورە و باڵادەستەی کە لە سەد شوێن زیاتر لە قورئانی پیرۆزدا بە سیفەتی "الرحمن الرحيم" خۆیمان پێ دەناسێنێت..

ئەو خوایەی کە هەمیشە بەو نیعمەتانەی دەیانرژێنێتە سەر زەوی، میهرەبانییەکەی خۆی دەردەخات و دەینێرێت بە هانا و یارمەتیی هەر زیندەوەرێك کە پەنای پێ بردبێت و پێویستی بە سۆز و بەزەیی ئەو بێت..

ئەو میهرەبانەی کە لە وەرزی بەهاری هەموو ساڵێکدا و لە جیهانی پەنهانی "غەیب"ەوە دیاریی نیعمەتە زۆر و لە ژمارە بەدەرەکانی خۆی بۆ ئێمەی دەست کورت و موحتاجی ڕۆزی و بە گوێرەی پلەکانی لاوازی و

دەستەوسانیمان دەنێرێت و، بەمەش میهرەبانی‌یە گشتی‌یەکەی خۆیمان بە ڕوونی و درەخشانی بۆ دەردەخات..

سۆز و بەزەیی ئەم بەدیهێنەرە میهرەبانەمان، مەزنترین ئومێد و گەورەترین هیوا و ڕووناکترین نووری سەردەمی پیریمانە!

هەست پێ کردن و دەستکەوتنی ئەو میهر و سۆز و بەزەییەش، تەنها بە پەیوەندی بوون دەبێت لەگەڵ ئەو "میهرەبان"ەدا بەهۆی: "ئیمان" و "گوێ ڕایەڵی" و "بەجێهێنانی فەرزەکان"ەوە.

□ ئومێدی سێهەم:

کاتێ لە بەرەبەیانی پیریدا لە خەوی شەوگاری لاوی بێدار بوومەوە، سەرنجم لە خودی خۆم دا، بینیم وا بە خێرایی لە لوتکەی بەرزاییەکەوە بەرەو دەرگای گۆڕەکەم بەردەبمەوە، وەك "نیازیی میسری"[1] لە وەسفی ئەم چەشنە حاڵەتەدا دەڵێت:

لە گەرمەی خەوی غەفڵەتی "گیان"م

ڕووخا بەرد بەردی کۆشکی "ژیان"م!

بەڵێ، ئەو جەستەیەی کە خانە و لانەی گیانمە، بە درێژایی ڕۆژگار یەك لە دوای یەکی بەردەکانی داکەوتن..

---

(١) نیازیی میسری (١٦١٨-١٦٩٤ز) شاعیرێکی سۆفی‌یە، لە گوندێکی سەر بە پارێزگەی "مەلاتیە"ی تورکیا لە دایك بووە. خوێندنی لە "ئەزهەر" تەواو کردووە، هەر لەبەر ئەوەش پێی وتراوە: "میسری". کە لە میسر گەڕاوەتەوە دەستی کردووە بە ڕێنمایی موسڵمانان لە یەکێك لە قوتابخانەکانی ئەو کاتەی ئەستەمبوولدا، هەر لەوێش تەریقەتی "خەلوەتی"ی دامەزراندووە کە پێشی دەوترێت: "تەریقەتی نیازی" و "تەریقەتی میسری". جگە لە "دیوانی شیعر" و "مەکتووبات"ەکەی، چەند بەرهەمێکی تری هەیە وەك: "موائد العرفان"، "عوائد الاحسان"، "هدایة الاخوان". (وەرگێڕ)

ئەو هیوا و ئاواتانەش کە بە توندی منیان بە دنیاوە بەستبوو، هەموویان پچڕان و لەت لەت بوون!

لەمەوە هەستم بە نزیکبوونەوەی وادەی جودایی و لێکدابڕانم کرد لەو هاوڕێ و خۆشەویستانەی کە لەژمارە نایەن.

لەبەر ئەوە، کەوتمە گەڕان بە دوای تیماری ئەم برینە مەعنەوی‌یە قووڵەی کە وا دیارە دەرمانی نی‌یە.

بەڵام هیچ چارەسەرێکم دەستگیر نەبوو. لە ناچاریدا منیش وەك "نیازی" وتم:

"دانست" خوازیاری فەنای جەستەمە
"ئەبەد" ئاواتی دڵی خەستەمە
دەروونم کەیلی پەژارە و دەردە
لوقمان سەرسامە و تیمار ئەستەمە

لەم کاتەدا کە من بەم حاڵەوە دەتلامەوە، لە ناکاودا نووری ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەی ﷺ کە ئەمیندار و نموونە و بانگەوازکار و زمانی میهرەبانیی خوای گەورەیە، هاودەم لەگەڵ شەفاعەت و ئەو دیاری‌یەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە و بریتی‌یە لە ڕێنمایی کردنی مرۆڤایەتی، بوون بە مەڵهەم و دەرمانێکی ساڕێژکاری دەردە بێ دەرمانەکەم و، ئەو نائومێدی‌یە ڕەشەیان بۆ گۆڕیم بە ئومێدێکی ڕووناکی درەخشان!

بەڵێ، ئەی خوشك و برایانی پیرم و ئەی ئەوانەی کە وەك من هەست بە پیری دەکەن!

ئێمە کۆچ دەکەین و هیچ ڕێگا چارەیەکی ترمان نی‌یە و، هەرگیز ڕێی مانەوەمان نادرێت. کەواتە هیچ سوودێك لە خۆفریودان و چاونووقاندن وەرناگرین و، دەبێ بەرەو چارەنووسی دیاری کراوی خۆمان بڕۆین.

بەڵام دەبێ بزانین کە هەرگیز جیهانی بەرزەخ وەکو ئەو گومانە تاریکە نییە کە "بێ ئاگایی" پیشانمان دەدات و "گومڕایان" دەیدەن بە گوێماندا..

جیهانی بەرزەخ جیهانی جودایی و شەوەزەنگ نییە. نەخێر، بەڵکو جێی کۆبوونەوەی خۆشەویستان و جیهانی بەدیدار شادبوونەوەی یاران و خۆشەویستانە، کە لە پێشەنگیانەوە پێغەمبەری خۆشەویستی خوا و شەفاعەتکاری ڕۆژی دواییمانە، هەزاران دروودی خوای لەسەر بێت.

بەڵێ، ئەو کەسەی کە بە درێژایی هەزار و سێ سەد و پەنجا ساڵ لە هەموو چەرخێکدا سەرداری سێ سەد و پەنجا ملیۆن کەسە و، پەروەردەکاری گیان و ڕابەری ژیری و خۆشەویستی دڵیانە..

ئەو کەسەی کە بەپێی ناوەرۆکی: "السبب كالفاعل" هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی کردەوەی چاکی ڕۆژانەی نەتەوەکەی "چاکە" دەخرێتە سەر لاپەڕەی کردەوەکانی..

ئەو کەسەی کە خولگەی مەبەستە پەروەردگارییەکان و تەوەرەی ئامانجە گەورە و بەرزەکانی خواوەندە لە گەردووندا..

ئەو کەسەی کە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بوونەوەرە، کە پێغەمبەری سەرداری ئیسلامە ﷺ..

هەروەك لە سەرەتای شەرەفدار بوونی جیهاندا بە پێغەمبەرایەتییەکەی دەیفەرموو: "أمتي.. أمتي"، وەك لە هەندێ "ڕیوایەتی صەحیح" و لە چەندین "کەشفی" ڕاستی پیاوچاکانەوە دەرکەوتووە، هەر ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ لە حەشریشدا و لەو کاتەی کە هەرکەسەو لە هەوڵی خۆیدایە و دەڵێت: "نفسي.. نفسي" ئەو بۆ شەفاعەتی نەتەوەکەی لێ دەبڕێت و دەفەرموێ:

"أمتي.. أمتي" و، بە گەورەترین و بەرزترین و خاوێنترین بەزەیی و لێبڕانەوە دەکەوێتە هەوڵ و کۆشش بۆ فریاکەوتنی نەتەوەکەی[1].

کەواتە ئێمە - ئەی برایانی پیرم! - بەرەو جیهانێك دەڕۆیـن کـە ئـەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ کۆچی بۆ کردووە.. ڕووەو ئەو جیهانـە دەگوێزینەوە کە بە نووری ئەو چرا ڕووناکە ﷺ و ڕۆشنایی ئەستێرەکانی دەوروبەری، لە ئەولیا و پیاوچاکە لە ژمارە بەدەرەکان، ڕووناك بووەتەوە.

بەڵێ، هەر تەنها پەیڕەوی کردنی "سوننەت"ە خاوێن و پیرۆزەکانی ئەم پێغەمبەرە خۆشەویستەیە ﷺ کە مرۆڤ دەخاتە ژێر ئاڵای شەفاعەتەکەی و، لەو نوورەی ئەوی بەش دەدات و، لە تاریکیی بەرزەخیش ڕزگاری دەکات.

❑ ئومێدی چوارەم:

کاتێ کە یەکەم هەنگاوم نایە ناو دەرگای پیرییەوە، تەندروستیی جەستەم - کە درێژە بە خەوی "بێ ئاگایی" دەدات - تێکچوو بوو.

بەم جۆرە، "پیری" و "نەخۆشی" یەکیان گرت و پێکەوە هێرشیان کردە سەرم و، تا ئێستایش بە دوو قۆڵی لێم ڕاست بوونەتەوە و زللەی یەك لە دوای یەکم تێ دەسرەوێنن. تا بە تەواوی خەوی "بێ ئاگایی"یان لێ زڕاندم.

ئنجا هیچ شتێکی وەك ماڵ و منداڵیشم نەبوو تا بە دنیاوە بمبەستنەوە. لەبەر ئەوە، کە سەیری ئەنجامی سەرمایەی تەمەنی خۆمم کرد - کە بەهۆی بێ ئاگایی سەردەمی لاویم لە دەستم دەرچوو - بینیم هەر تەنها تاوان و گوناهبارییە!

---

(١) ئیمامی "بوخاری" و "موسلیم" لە ئەبووهورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. (وەرگێڕ)

لەم کاتەدا منیش وەکو "نیازیی میسری" هاوارم لێ هەڵسا و، وتم:

بە دەستی خاڵی ڕێگام گرتەبەر
بە بێ ئاگایی و ڕەنجی بێ سەمەر
لە کاروان جێماو، نامۆ و ئاوارە
سەرمایەی ژینم ڕۆیشت بە هەدەر

* * *

تەنها لافاوی فرمێسکی چاوم
قرچەی سووتاویی تاسەی هەناوم
هاودەمی گەشتی تەنیایی من بوون
سەرباری "ژیری"ی سەر لێ شێواوم

لەو دەمەشدا لە نامۆییەکی سەختدا دەژیام. بۆیە هەستم بە پەژارە و نائومێدی دەکرد و، لە حەسرەت و پەشیمانیی ڕۆژانی ڕابوردووی تەمەنمدا بووم. لە تاوا بەدەم داد و هاوارەوە داوای یارمەتیم دەکرد و لە دووی ئومێدێکدا دەگەڕام کە دڵم ڕووناك بکاتەوە..

لە ناکاودا "قورئانی پیرۆز"ی خاوەن ئیعجاز ئاوڕی سۆزی لێ دامەوە و، دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردم و دەرگایەکی گەورەی هیوا و ئومێدی بۆ خستمە سەرپشت و، نوورێکی هێندە ئومێدبەخش و درەخشانی پێ بەخشیم کە ئەگەر ئەو نائومێدییەم سەد ئەوەندەش زیاتر و گەورەتر بوایە هەر هەمووی دەڕەواندەوە و دەوروبەرمی بۆ ڕووناك دەکردمەوە.

بەڵێ، ئەی خوشك و برایانی پیری بەڕێزم!

ئەی ئەو کەسانەی کە وەك من هەموو پەیوەندییەکتان لەگەڵ دنیادا پچڕاوە!

ئایا دەگونجێ: "کردگاری شکۆمەند" کە ئەم دنیایەی وەك شارێکی ڕێکوپێك و، چەشنی کۆشك و تەلارێکی ڕازاوە بنیات ناوە، لەگەڵ میوانە ئازیزەکانی ئەم شار و کۆشکەی خۆیدا نەدوێت، یان ڕوویان تێ نەکات؟

خۆ مادەم خوای گەورە ئەم کۆشکەی بە زانیاریی خۆی بنیات ناوە و بە ویستی خۆیشــی ڕێکــی خســتووە و ڕازاندوویەتیــەوە، ئــەوا دەبــێ لەگــەڵ دانیشتووانیدا بدوێت، چونکە هەروەك "وەستا زانایە" بە هەمان جۆر "زانـاش گۆیایە"!

ئنجا مادەم ئەم کۆشکەی کردووە بە میوانخانەیەکی ڕەنگین و ئەم شـارەش بە مەڵبەندێکی جوانی بازرگانی، ئەوا دەبێ هەر ئەو خوایە نامە و پرۆگرامی دانـابێت بـۆ ڕوونکردنـەوەی داخوازیـیـەکانی و جـۆری پەیوەندییـەکانی لەگەڵماندا.

گومان لەوەشـدا نییـە کـە پەسـەندترین و ڕێکـترینی ئـەو نامـە و کتێبانـەی نـاردوونی تەنـها "قورئـانی پـیرۆز"ی خـاوەن ئیعجـازە کـە بـە چـل شـێوە ئیعجازەکـەی چەسـپاوە و سـەلمێنراوە و[1]، بـە لای کەمـەوە لــە هــەموو خولـەکێکدا بەسـەر زاری سـەد ملیـۆن کەسـەوە دەخوێنرێتـەوە و، ڕوونـاکی پەخش دەکـات و، ڕێـی ڕاسـت پیشـانی خـەڵکی دەدات و، لـە بەرامبـەر خوێندنـەوەی هـەر پیتێکیـەوە بـە لای کەمـەوە (دە) دانـە چاکـە و، لـە هـەندێ کاتدا (دە هەزار) و تەنانـەت (سی هـەزار) - وەك لـە شـەوی "قـەدر"دا - بـۆ خوێنەرەکەی دەنووسرێت.

بـەم جۆرە "قورئانی پیرۆز" هـەر لـەم دنیایـەدا بـەروبوومی بەهەشـت و ڕووناکیی بەرزەخمان پێ دەبەخشێت.

---

(١) نووسەر لێرەدا ئاماژە بۆ پەیامی "موعجیزاتی قورئانی" دەکات کە وتەی بیست و پێنجەمی پەیامەکانی نوورە. (وەرگێڕ)

جا ئایا لە هەموو گەردووندا هیچ کتێبێك هەیە بەربەرەکانێی ئەم پلەبەی قورئان بکات و هیچ کەسێکیش هەیە بتوانێت ئەم لافە لێ بدات!

کەواتە مادەم ئەم قورئانە پیرۆزەی کە لە بەردەستماندایە "گوفتاری پەروەردگاری هەموو جیهانەکان"ە و.. فەرمانەکانی ئەون بە ئێمە ڕاگەیەنراون و.. سەرچاوەی میهرەبانی‌یە فراوانەکەیەتی کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە و.. قورئانێکە لە ڕوانگەی ڕەهایی پەروەردگاریێتی و گەورەیی خوایەتی و فراوانی و گشتگیریی میهرەبانیی بەدیهێنەری شکۆمەندی ئاسمانەکان و زەوی‌یەوە سەرچاوەی گرتووە..

مادەم وایە، ئەوا هەتا دەتوانیت دەستی پێوە بگرە و بەری مەدە. چونکە دەرمانی هەموو دەرد و ڕۆشنایی هەموو تاریکی و هیوای هەموو نائومێدی‌یەك تەنها لەودایە.

کلیلی دەرگای ئەم گەنجینە هەمیشەییەش بریتی‌یە لە: ئیمان و، تەسلیم بوون و، گوێ بیستی و ملکەچ بوون بۆ فەرمانەکانی و، لەزەت چەشتن لە خوێندنەوەی.

☐ ئومێدی پێنجەم:

لە سەرەتای پیریمدا حەزم لە گۆشەگیری و تەنیایی دەکرد لە سەر گردی "یوروشەع"، کە بەسەر گەرووی "بسفۆڕ"دا دەڕوانێت و، "گیان"یشم بە دوای ئاسوودەیی گۆشەگیری و تەنیاییدا عەودالٚ بوو..

ڕۆژێکیان لەسەر لوتکەی ئەو گردە ناوبراوە بەرزەوە سەیری ئاسۆکانی دنیام دەکرد.

لە ناکاودا هەڕەشەی "پیری" تابلۆیەکی ناسك و خەمناکی جودایی و نەمانی پیشاندام!

کە سەرنجی ئەو تابلۆیەم دا، بینیم هەر لە چڵەپۆپەی لقی چڵ و پێنجەمی درەختی ساڵەکانی تەمەنمەوە تا قوولترین ڕەگ و ڕیشەی چینەکانی ژێرەوەی

ژیانم، هەموویانم بە تەرمی ئەو دۆست و خۆشەویستانەم دەهاتە پێش چاو کە لە ژمارە نایەن و ئەوانەش کە لە ماوەی ژیانمدا پەیوەندیم لەگەڵیاندا بووە!

لە ناو حەسرەت و پەژارەی جودایی یاران و خۆشەویستاندا، ئەم ناڵەیەی "فزوولیی بەغدادی"م[1] لەبەر خۆمەوە وتەوە کە لە دەمی جودایی خۆشەویستانیدا وتویەتی:

لەگەڵ یادی وەسڵی تۆدا

فرمێسکی گەش دەبارێنم

تا هەناسەی ژینم مابێت

بە یادی تۆ دەناڵێنم!

لە ناوەندی ئەو هەموو خەفەت و حەسرەتە قووڵانەدا بە دوای دەروویەکی ئومێد و کلاورۆژنەیەکی ڕووناکیدا دەگەڕام کە دڵی خۆمی پێ بدەمەوە. لەپڕ نووری "ئیمان بە ڕۆژی دوایی" هات بە هانامەوە!

بەڵێ، ئەم ئیمانە نوورێکی ئەوتۆی پێ بەخشیم کە هەرگیز کوژانەوەی نییە و، ئومێدێکیشی خەڵات کردم کە هەرگیز خامۆش نابێت.

بەڵێ، خوشك و برا پیرەکانم!

مادەم "ڕۆژی دوایی" هەیە و هەمیشەییە و لە دنیا جوانترە..

مادەم ئەو خوایەی کە ئێمەی بەدی هێناوە خوایەکی دانا و میهرەبانە..

ئەوا دەبێ سکاڵا لە دەست پیری نەکەین و لێیشی بێزار و وەڕس نەبین. چونکە ئەو پیرییەی کە ئاوێتەی "ئیمان" و "پەرستش"ە و مرۆڤ کامڵ

---

(١) "فزوولیی بەغدادی" شاعیرێکی تورکە لە سەدەی شازدەهەمی زایینیدا ژیاوە و، ناوی "محەممەد"ە، ئەم شاعیرە دەورێکی کاریگەری بووە لە ئەدەبی تورکیدا و، بە دامەزرێنەری ئەدەبی ئازەریی تورکی دادەنرێت. بە زمانەکانی: تورکی و فارسی و عەرەبی شیعری وتووە. چەند بەرهەمێکی هەیە یەکێك لەوانە: "لەیلا و مەجنوون"ە، لە ساڵی ١٥٥٥زدا بە تاعوون کۆچی دوایی کردووە. (وەرگێڕ)

دەکات، نیشانەی کۆتایی هاتنی فەرمانبەریێتی و ئەرکەکانی ژیان و کۆچکردنی مرۆڤە بەرەو جیهانی پڕ لە میهرەبانی، بۆ پشوودان و حەوانەوە. کەواتە دەبێ زۆر پێی ڕازی بین و تەنانەت مایەی خۆشحاڵیمان بێت!

بەڵێ، سەد و بیست و چوار هەزار لە مرۆڤە هەڵبژاردەکانی گرۆی ئادەمیزاد کە پێغەمبەرانن - دروودی خوایان لەسەر بێت - (بەپێی دەقی فەرموودەی پێغەمبەرﷺ)[1] کە هەندێکیان پشت بە "شهوود" دەبەستن و هەندێکی تریشیان لە ڕوانگەی "حق الیقین"ەوە دەدوێن.. هەموو ئەوانە، بە گشتی و یەکدەنگ هەواڵی بوونی ڕۆژی قیامەتمان دەدەنێ و ڕایدەگەیەنن کە:

سەرجەمی خەڵکی دەدرێنە بەر بۆ ئەو ڕۆژە و، خوای باڵادەست هەروەك بەڵێنی داوە بە بێ گومانیش ڕۆژی دوایی دەهێنێتە کایەوە..

ئنجا ئەم مژدە و هەواڵەی کە ئەو پێغەمبەرە سەروەرانە - درووديان لەسەر بێت - ڕایانگەیاند، سەد و بیست و چوار ملیۆن ئەولیاش بە "کەشف" و "شهوود" و "علم الیقین" بینیویانە و، ڕاستییەکەیان دەرخستووە و، شایەتییان لەسەر داوە. ئەم شایەتیدانەشیان بەڵگەیەکی گومانبڕی بەهێزە لەسەر بوونی "ڕۆژی دوایی"..

هەروەها درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی بەدیهێنەری گەردوون، کە بە سەرانسەری جیهانەوە دیار و درەخشانن، داخوازی بوونی جیهانێکی هەمیشەیین و بەڵگەیەکی ئاشکرای ڕۆژی دوایین..

---

(١) عن أبي أمامة، قال أبو ذر: "قلت: يا رسول الله كم وفاء عدة الأنبياء؟ قال: مائة ألف وأربعة وعشرون ألفاً، الرسل من ذلك ثلاثمائة وخمسة عشر جماً غفيراً". رواه الإمام أحمد (مشكاة المصابيح ١٢٢/٣ ت ٥٧٣٧ قال المحقق: حديث صحيح) وانظر زاد المعاد المحقق ٤٣/١. (وەرگێڕ)

بەڵگەیەکی تری ڕۆژی دوایی، ئەو "توانا ئەزەلی" و "دانستە ڕەها ئەبەدی"یەی خوای گەورەیە کە هەمووساڵێك لە وەرزی بەهاردا بە فەرمانی "کن، فیکون" تەرمی ئەو درەختە لە ژمارە بەدەرە وشك و مردووانەی سەر ڕووی زەوی زیندوو دەکاتەوە و، دەیانکات بە نیشانە و بەڵگەی: "زیندووبوونەوەی پاش مردن".. هەروەها سێ سەد هەزار جۆر لە زیندەوەر و ڕووەك زیندوو دەکاتەوە، بەمەش سەدان هەزار نموونەی حەشر و نەشر و بەڵگەی ئاخیرەتمان بۆ دەردەخات..

هەروەها ئەو "میهرەبانی"یە فراوانەی خوای گەورە کە درێژە بە ژیانی ئەو گیاندارانە دەدات پێویستی‌یان بە ڕۆزی‌یە و، بە کەماڵی میهرەبانی و بە شێوەیەکی تابلێی دەراسا دەیانژیێنێت.. هەروەها ئەو "چاودێری"یە بەردەوامەی خواوەندیش کە لە ماوەیەکی کەم و وەختێکی کورتی وەك وەرزی بەهاردا چەندەها جۆر جوانی و ئارایشتکاریی لەژمارەبەدەر و هەمەڕەنگمان پیشان دەدات. بێ گومان ئەم "میهرەبانی" و "چاودێری"یە، بە چەشنێکی بەڵگەنەویست، داخوازی "بوونی ڕۆژی دوایی"ن..

هەروەها "ئەوینی مانەوە" و، "تاسەی هەتاهەتایی" و، "ئاواتە هەمیشەییەکان" کە لە مرۆڤدا ڕەگیان داکوتاوە و بە تەواوی جێی خۆیان لە ناخی ئەم مرۆڤەدا کردووەتەوە، کە ڕێکوپێکترین بەروبوومی ئەم بوونەوەر و گەردوونەیە و، خۆشەویستترین بەدیهاتووی بەدیهێنەریەتی و، پەیوەندی‌یەکی فراوانی لەگەڵ سەرجەمی بوونەوەرانی گەردووندا هەیە.

بێ گومان ئەم تاسە و ئەوین و ئاواتانە، ئاماژە بۆ بوونی جیهانێکی هەمیشەیی پاش ئەم جیهانە براوەیە دەکەن و، بەڵگەی بوونی ڕۆژی دوایی و خانەی بەختەوەریی هەمیشەیین.

هەموو ئەو بەڵگانەی کە باس کران، تا ڕادەی باوەڕ پێ کردن و بە ئەندازەی ئاشکرایی و بەڵگەنەویستیی بوونی ئەم جیهانە بینراوە، بوونی "ڕۆژی دوایی" دەچەسپێنن و ئاشکرای دەکەن[1].

جا مادەم وانەی "ئیمان بە ڕۆژی دوایی" گرنگترین وانەیە کە قورئانی پیرۆز بە ئێمەی دەڵێتەوە و، ئەم ئیمانەش بەم چەشنە و تا ئەم ڕادەیە جێگیر و دامەزراوە و، خاوەنی بەڵگەی ئاوا بەرز و توندوتۆڵە.. ئنجا ئەو نوور و ئومێد و دڵدانەوانەش کە لە ئیماندان هێندە بەهێزن کە ئەگەر سەد هەزار "پیری" لە یەك کەسدا کۆببنەوە، هەر سەروزیادی پێ بەخشینی دڵنەوایی و ڕووناك کردنەوەی هەموویان دەبێت..

ئەوا دەبێ ئێمەی پیری بەساڵاچوو بە پیرییەکەمان دڵخۆش و شادمان بین و، هەمیشە بڵێین:

"الحـــمد لله على كمال الإيمان".

---

(١) ئاسانیی چەسپاندنی هەواڵێکی "ئیجابی" و دژواریی "نەفی" کردنیشی لەم نموونەیەوە دەردەکەوێت:

ئەگەر یەکێك وتی: (لە سەر زەویدا باخچەیەك هەیە بەروبوومەکانی وەك قوتووی شیر وایە)! یەکێکی تریش لە بەرپەرچیدا وتی: (شتی وا نییە)! ئەوا یەکەمیان دەتوانێت تەنها بە پیشاندانی جێی ئەو باخچەیە، یان بە پیشاندانی هەندێ لە بەروبوومەکەی، قسەکەی بە ئاسانی بچەسپێنێت. بەڵام دووهەمیان دەبێ هەموو سەرزەوی بگەڕێت و بپشکنێت و، بەمەش بیچەسپێنێت کە باخچەی وا نییە! (دیارە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە)..

هەروەها سەبارەت بەوانەش کە هەواڵی بوونی ڕۆژی دوایی و بەهەشتمان دەدەنێ، هەزاران بەڵگە و بەروبووم و ئەنجامی ئەو بەهەشتەمان پیشان دەدەن، لە کاتێکدا کە دوو شایەتی ڕاستگۆ سەروزیادە بۆ سەلماندنی قسەکەیان. بەڵام ئەوانەی کە ئەمە ناسەلمێنن، دەبێ ئەم بوونەوەر و زەمانە یەکجار فراوانە بپشکنن و هەموویان بگەڕێن، ئەوجا گەر بەهەشتیان نەدۆزییەوە، دەتوانن قسەکەیان بە بەڵگەوە بچەسپێنن!

جا برایانی پیرم! فەرموون سەیری گەورەیی هێزی "ئیمان بە ڕۆژی دوایی" بکەن و، بزانن چەندە پاڵپشتێکی پتەوی دامەزراوی چەسپاوە! (دانەر)

❑ ئومێدی شەشەم:

ئەو دەمەی لە شوێنی دوورخرانەوەم - کە دیلی‌یەکی ئازاربەخش بوو - بە تەنیایی لەسەر لوتکەی چیای "چام" دەژیام، کە بە سەر سەوزەلانیی "بارلا"دا دەڕوانێت.. لەو تەنیایی و گۆشەگیری‌یەدا بە شوێن نوورێکدا دەگەڕام کە دڵم ڕووناك بکاتەوە.

شەوێکیان لەو ژووره بچکۆلە سەرنەگیراوە دانیشتبووم کە لەسەر درەختێکی سنەوبەری سەر لوتکەی ئەو چیایە (بە تەختە) دروست کرابوو..

کتوپڕ پیری‌یەکەم چەندین جۆری غەریبیی خستە پێش چاوی هەست و شعوورم، وەك ئەوەی کە لە مەکتووبی شەشەمدا بە ڕوونی باس کراوە. چونکە لە هێمنی و کپیی ئەو شەوەدا جگە لە زایەڵەی خەمناکی خشەی گەڵای دارەکان هیچ دەنگێکی تری تێدا نەدەبیسترا. هەستم کرد ئەو زایەڵەیە سەرجەمی هەست و نەستەکانم و ناخی پیری و غەریبیمی پێکا و، بە گوێی دڵمدا چرپاندی و وتی:

(هەروەك ڕۆژی ڕووناك بوو بەم گۆڕە تاریکە و دنیا کفنی ڕەشی پۆشی، ڕۆژگاری تەمەنیشت - بە هەمان جۆر - شەوی بەسەردا دێت و، ڕۆژگاری دنیاش دەگۆڕێت بە شەوگاری بەرزەخ و، ڕۆژی هاوینی ژیانیش دەبێت بە شەوی زستانی مردن)!

"دەروون"یشم بە خەفەتەوە لە وەڵامدا وتی:

(ڕاستە، من لێرەدا نامۆ و دوور لە شار و نیشتمانی خۆمم. بەڵام جودایی خۆشەویستانی درێژایی تەمەنم کە لە پەنجا ساڵ تێپەڕ بووە و لە فرمێسك ڕشتن بە دوایاندا هیچی تر شك نابەم، نامۆییەکی گەلێ دژوارترە لە نامۆیی نیشتمان. تەنانەت ئەم شەو من هەست بە غەریبی‌یەك دەکەم کە ئازارەکەی

گەلێ زیاترە لەچاو غەریبیی سەر لوتکەی ئەم چیایە کە ئەویش پۆشاکی نامۆیی وخەفەتی پۆشیوە! چونکە "پیری" هەڕەشەی نزیکبوونەوەی کاتی جودایی تەواوەتی و کۆچی دواییم لەم دنیایە لێ دەکات).

لەتاوا، هەر لە ناوەندی ئەم نامۆییەی کە خەفەت گەمارۆی داوە و ئەم خەفەتەش کە ئاوێتەی ئازارە، بە دوای تروسکاییەکی نوور و دەرگایەکی هیوا و ئومێددا دەگەڕام..

لە ناکاودا "ئیمان بە خوا" هات بە فریامەوە و دەستی گرتم و، لە پاش هەستکردن بەو غەریبییە، ئاسوودەیی و دڵنەواییەکی گەورەی ئەوتۆی پێ بەخشیم کە ئەگەر ئەو ئازار و نامۆییەم چەندان جار لەوەش زیاتر بوایە هەر دەیڕەواندنەوە و ئاسوودەیی پێ دەبەخشیم.

بەڵێ خوشك و برایانی پیرم!

مادەم بەدیهێنەرێکی میهرەبانمان هەیە، ئەوا ئیتر ئێمە غەریب و نامۆ نین.. مادەم خوای گەورە هەیە، ئەوا ئێمە هەموو شتێکمان هەیە.. مادەم خوا و فریشتەکانی هەن، ئەوا ئەم دنیایە چۆڵ نییە و، ئەم بیابان و هەردانەش کە بە چۆڵ دێنە بەرچاومان، لە ڕاستیدا پڕن لە مەلائیکەت و بەندە بەڕێزەکانی خوای گەورە.

بەڵێ، نووری ئیمان بەو خوایە و، ڕوانینە دنیا لەبەر خوای گەورە و لە ڕوانگەی ئەو ئیمانەوە، هەرچی درەخت و دار و بەرد هەیە، هاودەم لەگەڵ بەندە خاوەن هەست و شعوورەکانی، هەموویان دەکات بە خەمڕەوێن و هاوەڵ و ئاشنامان. چونکە دەگونجێ ئەو بوونەوەرانە بە زمانی حاڵیان لەگەڵماندا بدوێن و، دڵمان بدەنەوە و، بێ تاقەتیمان دەربکەن.

بەڵێ، بە ئەندازەی سەرجەمی بوونەوەرانی گەردوون و بە ژمارەی پیتەکانی کتێبی ئەم جیهانە گەورەیە، بەڵگە لەسەر "بوونی خوای گەورە" هەیە.

هەروەها بە ئەندازەی هەموو ئامێرەکانی سەرجەمی گیانداران و ژمارەی ئەو خۆراك و نیعمەتانەش کە بە تایبەتی پێی بەخشیون و، تەوەرەی ڕەحمەت و میهرەبانی و چاودێریی خوای گەورەن، بەڵگە بە دەستەوە هەیە کە هەر هەموویان ڕێنماییمان دەکەن و، دەمانگەیەننە دەرگای بەدیهێنەری بەخشندە و میهرەبان و پارێزەری خۆشەویستمان.

گومانیش لەوەدا نی‌یە کە چاکترین و گیراترین تکاکار لەو دەرگانەیەدا: "دەستەوسانی" و "لاوازی"ن کە لە سەردەمی پیریمانـدا پەیدا دەبن و سەرهەڵدەدەن.

کەواتە لە بریی ئەوەی پشت لە پیری هەڵبکەین، دەبێ خۆشمان بوێت و ڕێزی بزانین. چونکە شەفاعەتکارێکی جێی ئومێدە لەو دەرگانە بەرزەی خواوەنددا.

❑ ئومێدی حەوتەم:

کاتێ کە لە سەرەتای پیریمدا خەندەی خۆشحاڵیی "سەعیدی کۆن" نەما و، جێی بۆ شین و گریانی "سەعیدی نوێ" چۆڵ کرد، دنیاخوازانی "ئەنقەرە" پێیان وابوو من وەك باری پێشووم ماومەتەوە و هەر "سەعیدی کۆن"ی جارانم. بۆیە بانگهێشتیان بۆ کردم کە بچم بۆ ئەوێ. منیش ڕۆشتم[1].

---

(١) ئەمەش لە ١٩٢٢/٩/٩دا بووە، لەم سەفەرەی ئەنقەرەدا و لە ڕۆژی ١٩٢٣/١/١٩دا بەیاننامەیەکی گرنگی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران (مەجلیسی مەبعووثان) نووسی کە (ژەنەڕاڵ کازم قەرەبەکر) لە ئەنجومەنەکەدا خوێندیەوە و سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێدەکات: (یـا أیـها المبعوثون! إنکم لمبعوثون لیوم عظیم)! لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم وتارەدا نزیکەی (شەست نوێنەر) ڕێگای خواپەرستی و بەجێهێنانی فەرزەکانیان گرتەبەر، پاش ئەوەی ئەو دەوروبەرەی کە لە ئەنقەرەدا تێی کەوتبوون لە سەرچاوەی ئیمان دووری خستبوونەوە. هەر لەم سەفەرەی ئەنقەرەشدا پەیامی (حەباب)ی چاپ کرد، لە بەرامبەر ئەو لە خوا دوورییەی کە لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەدا بوو. (وەرگێڕ)

لە ڕۆژێکی کۆتایی پایزدا ڕۆشتمە سەر لوتکەی قەڵاکەی ئەنقەرە، کە لە من گەلێ زیاتر دووچاری پیری و پرتووکان بووبوو!

لەوێ ئەو قەڵایەم وەك ڕووداوە مێژووییە بەردبووەکان هاتە بەرچاو!

جا بەهۆی پیربوونی ساڵ لە وەرزی پایزدا و، پیریی خۆم و، پیریی قەڵاکە و، پیریی مرۆڤایەتی و، پیریی دەوڵەتی مەزنی عوسمانی و، مردنی خەلافەت و، پیربوونی دنیا بە گشتی، خەمێکی قووڵ، ناخی دەروونمی گرتەوە و تەزوویەکی بەتینیش بە جەستەمدا هات..

ئەو حاڵەتە، ناچاری کردم کە لەسەر لوتکەی ئەو قەڵایەوە چاو بەناو بەرزاییەکانی ئایندە و شیو و دۆڵەکانی ڕابوردوودا بگێڕم و، بە دوای نوور و ئومێد و شتێکی دڵخۆشکەردا بگەڕێم، تاکو شەوەزەنگی چڕ و تاریکی ئەو بارە ڕۆحیەم بۆ ڕووناك بکاتەوە و، لە تاریکایی ئەو هەموو چەشنە پیرییە تێك ئاڵاوانەی دەوروبەرم، کە نوقمی بووە، دەری بهێنێت[1]!

بۆ مەبەستی چاوگێڕان بە دوای نوور و ئومێددا، ئاوڕێکم بە لای ڕاستدا - کە ڕابوردووە - دایەوە. ئەم لایەم لە دوورەوە لە شێوەی گۆڕستانی باوك و باپیرانم و تێکڕای مرۆڤایەتیدا هاتە پێش چاو. واتە لە بریی ئەوەی دڵم بداتەوە و نوورێکم پێ ببەخشێت، کەچی ئەوەندەی تر بێزاری کردم و دڵی داگرتم!

پاشان ئاوڕم بە لای چەپدا دایەوە - کە ئایندەیە - بەو نیازەی دەرمانێکم تێدا دەست بکەوێت. کەچی ئەم لایەم لە شێوەی گۆڕستانێکی گەورە و تاریکی خۆم و هاوچەشنەکانم و نەوەکانی داهاتوودا بینی! بەم جۆرە، ئەم لایەش دەردەکەی گرانتر کردم!

---

(١) ئەم حاڵەتە ڕۆحیە لە شێوەی موناجاتدا، بە زمانی فارسی هاتە دڵمەوە و نووسیم، پاشان لە پەیامی (حەباب)دا لە ئەنقەرە چاپ کرا. (دانەر)

دوای ئەوەی کە دڵم لە "ڕابوردوو" و "ئاینده" هەڵکەندرا، سەیرێکی کاتی "ئێستا"م کرد. یەکسەر لە بەرچاوی ڕوانینی مێژوویمدا ئەم کاتەم لە شێوەی تابووتی تەرمی جەستەی تێکشکاوم و، بە وێنەی سەربڕاوێك لە نێوان ژیان و مردندا، هاتە پێش چاو!

کە دەستم لەم لایەش داشۆرد، سەرم بەرز کردەوە و بۆ چڵەپۆپەی درەختی تەمەنی خۆمم ڕوانی. بینیم تەنها یەك دانە بەری گرتووە، ئەویش تەرمەکەی خۆمە و بۆم دەڕوانێت!

لەتاوا سەرم داخست و ڕوانیمە ڕەگ و ڕیشەی درەختی تەمەنم. بینیم خاك و گڵی ژێر پێم، تێکڕا گڵی جەستە و ئێسکی پرتووکاوی منن کە تێکەڵی یەکتری بوون و خەڵکی بەسەریاندا دەڕۆن و پێی پێدا دەنێن!

بەم شێوەیە، ئەم دوو ڕوانینەش، لە بریی ئەوەی دەرمانم بدەنێ و زامەکەم ساڕێژ بکەن، کەچی دەردەکەیان پتر بۆ گران کردم و هیچ دەرمانێکم تیایاندا بەدی نەکرد!

لە ناچاریدا ئاوڕێکم بە لای "دوا"وە دایەوە. بینیم ئەم دنیا فانییە بەرەو شیو و دۆڵی بێهوودەیی و ڕووەو تاریکستانی "نەبوون" تلێر دەبێتەوە! ئەم سەیرکردنە، ژەهری بەسەر زامەکەمدا کرد و، لە بریی ئەوەی ساڕێژ و تیماری بکات پتر کولاندیەوە و هێنایەوە سۆ.

کە لەم لایەش نائومێد بووم، سەیرێکی "بەردەم"ی خۆمم کرد و ڕوانیمە دوور. دەبینم وا گۆڕەکەم لەسەر چەقی ڕێگادایە و دەمی لێ کردوومەتەوە و چاوەڕێم دەکات! لە پشتیەوە ئەو ڕێگا دوور و درێژە نەبڕاوەیەش دەردەکەوێت کە چین لە دوای چینی کاروانەکانی گرۆی مرۆڤی پێدا تێپەڕ دەبن!

منیش لە بەردەم ئەم هەموو گیروگرفتە سەخت و سەرسوورهێنەرانەی کە لە هەر شەش لامەوە رووم تێدەکەن، بینیم هیچ پاڵپشتێکم نی‌یە کە پشتی پێ ببەستم و، جگە لە بەشێکی بچووکی ئەو ویستە هەندەکی‌یە(الإرادة الجزئیـــة) نەبێت کە پێم بەخشراوە، هیچ چەکێکی ترم بە دەستەوە نی‌یە.

کەواتە لە بەردەم هەموو دوژمنانی زۆر و شتانی زیانبەخش و لە ژمارە نەهاتوودا تەنها ئەو چەکە مرۆڤانەیە نەبێت کە بریتی‌یە لە (جوزئی ئیختیـاری) هیچی تر شك نابەم.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم چەکەش لە خۆیدا کۆڵەوار و ناتەواوە و، ناتوانێت بڕواتە ناو کاتی "ڕابوردوو" تاکو خەم و خەفەتەکانی ئەوێم نەهێڵێت و، بیشچێتە ناو "ئاینده"وە تاکو هەر شتێکی سامناك لە ڕێگامدایە لەناویان ببات، ئەوا دڵنیا بووم لەوەی کە نە دەستەڵاتی چارەسەرکردنی سەرجەمی ئازارەکانی خۆمم هەیە و، نە دەشتوانم گشت هیوا و ئاواتەکانی ڕابوردوو و داهاتووم بهێنمەدی. بۆیە لە ناچاریدا دەست لەئەژنۆ دانیشتم و دۆش دامام!

لەم کاتەدا کە لە هەر شەش لامەوە چەندین جۆری بێزاری و سەرسامی و نائومێدی و تاریکی دەورەیان دابووم، "نوورەکانی ئیمان"م بینی کە لە ڕووی قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازی بەیانەوە دەدرەوشانەوە! ئەم نوورانە بە هانامەوە هاتن و، هەر شەش لاکانیان بە چەندین نووری درەخشان بۆ ڕووناك کردمەوە، بە چەشنێك کە ئەگەر ئەو بێزاری و تاریکی‌یە زۆرانەی گەمارۆیان دابووم سەد جارەش بوونایەتەوە، ئەو نوورانە سەروزیادی ڕووناککردنەوەی هەموویان دەبوون.

بەم جۆرە، ئەو نوورانەی ئیمان یەك بە یەکی ئەو زنجیرە سامناك و درێژانەیان گۆڕی بە دڵدانەوە و ئومێد و، سەرجەمی مەترسی‌یەکانیشیان کرد بە هیوای گیان و، ئارامی و ئاسوودەیی لە دڵ و دەروووندا!

بەڵێ، "ئیمان" توانیی ئەو وێنە سامناکەی "ڕابوردوو" - کە گۆڕستانێکی گەورە بوو - بدڕێنێت و، بیگۆڕێت بە ئەنجومەنێکی نوورانـی و کۆگـای خۆشەویستان. ئەمەشی بە "عین الیقین" تەنانەت بە "حق الیقین" پیشان دام..

هەروەها ئەو "داهاتوو"ەی کە کاتێ بە چاوی بێ ئاگاییەوە سەیری دەکەین وەکو گۆڕێکی گەورە و فراوان دێتە پێش چاومان، "ئیمان" بە "علم الیقین" پیشانی دام کە لە ڕاستیدا ئەنجومەنی میوانداریی خوای گەورەی میهرەبانە، کە لە کۆشکەکانی بەختیاریی هەمیشەییدا بۆ میوانەکانی خۆی ئامادەی کردووە..

پاشـان "ئیمـان" ئـەو دیمـەنی تـابووت و تەرمـەی کـاتی "ئێسـتا"ی تێکشکاند و، تێیگەیاندم کە کاتی ئێستام مەڵبەندێکی بازرگانییە بۆ دوارۆژ و میوانخانەیەکی ڕازاوەی خواییە..

ئنجا ئەو تاقانە "بەر"ەی درەختی تەمەن، کە چاوی بێ ئاگایی لە شێوەی "تەرم"دا پیشانی دام، دەرکەوت بەو جۆرە نییە. چونکە "ئیمان" بە "علم الیقین" پیشانی دام کە ئەوە بریتییە لە دەربازبوونی "گیان"م - کە شیاوی ژیانی هەمیشەییە و دەستنیشان کراوی بەختیاریی هەتاهەتایە - لە هێلانە کۆنەکەی خۆی بەرەو ژیانی ناو ئاسۆی ئەستێرەکان و گەشتوگوزار لە ناویاندا..

پاشـان ڕازە نهێنییەکانی "ئیمـان" دەریانخسـت کـە خـاکی ئێسـکی پرتووکاوم و خاکی سەرەتای دروستبوونم بەو شێوە کەم نرخە نییە کە پێی پێدا بنرێت، بەڵکو دەرگای میهرەبانیی خوای گەورە و پەردەی سەر ڕووی هۆڵەکانی بەهەشتە..

ئنجا کە یەکەم جار بە چاوی بێ ئاگایی دەمڕوانییە حاڵ و بارودۆخە داڕووخاوەکـانی "دنیـا" وا دەهاتنە پێش چاوم کە لە شێو و دۆڵی

بێهوودەییەوە بکەونە ناو تاریکایی "نەبوون"ەوە. کەچی "ئیمان" پیشانی دام کە ئەم ئاڵو گۆڕانەی دنیا بریتین لە نامە و نووسراوە صەمەدانییەکانی خواوەند و، لاپەڕەکانی نەخشونیگاری ناوە جوانەکانی، کە ئەرکی سەرشانیان ئەنجام داوە و، واتاکانی خۆیان ڕاگەیاندووە و، بەرهەم و ئاکامی خۆیان لە بوونەوەردا بەجێ هێشتووە.

بەم جۆرە "ئیمان" هەتا پلەی "علم اليقين" بەها و چییەتی(ماهية)ی دنیای پێ ناساندم..

پاشان ئەو "گۆڕ"ەی کە لەوەو پێش وامدەزانی بۆم دەڕوانێت و، لەسەر چەقی ڕێگا لە مەڵاسدایە و چاوەڕوانم دەکات، "ئیمان" بەهۆی نووری "قورئانی پیرۆز"ەوە دەری خست کە ئەو گۆڕە بیرێك نییە دەمی لێ پان کردبێتمەوە، بەڵکو پیشانی دام کە ئەو گۆڕە لە ڕاستیدا بریتییە لە دەرگای چوونەژوورەوە بۆ ناو "جیهانی ڕووناکی". ئەو ڕێگا دوور و درێژەش بە تاریکایی و نەبوون کۆتایی پێ نایەت، بەڵکو ڕاستە شەقامێکە بەرەو جیهانی "ڕووناکی" و "بوون" و "بەختیاریی هەمیشەیی".

بەم جۆرە.. ئەم حاڵەتانە بوون بە دەرمانی دەرد و مەڵهەمی زامەکانم. ئەمانەشم بە شێوەیەکی هێندە ئاشکرا بەدی کرد کە گەیاندمیانە قەناعەتێکی تەواو بەو ئەنجامانە.

پاشان ئەم "جوزئی ئیختیاری"یە کەمەی کە تەنها دەستکەوتێکی تابلێیت هەندەکیی هەیە، "ئیمان" بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆی پێ بەخشی کە بەهۆیەوە پاڵ بە توانستێکی ڕەهاوە بداتەوە و، پەیوەندیی بە میهرەبانییەکی فراوانیشەوە بکات لە دژی ئەو هەموو دوژمنە لەژمارەبەدەر و تاریکییە زۆرانەی کە لە هەموو لایەکەوە دەورەیان داوە. تەنانەت هەر خودی "ئیمان" دەبێت بە بڕوانامەیەك بە دەست "جوزئی ئیختیاری"یەوە.

ئنجا هەرچەندەش ئەم جوزئە ئیختیاری‌یە - کە چەکی مرۆڤـە - خۆی لـە خۆیدا کۆڵەوار و، کەم و، کۆتا و، ناتەواوە، بەڵام ئەگەر بە ناوی خواوەندی حەق و لە پێناوی خوا و لە ڕێگای ئەودا بەکارهێنرا، ئەوا بە ناوی ئیمانەوە بەهەشتێکی هەمیشەیی و فـراوان بـە پانتـایی پێنـج سـەد سـاڵ ڕێ دەسـتی خاوەنەکەی دەخات..

ئیماندار لەمەدا وەك ئەو سەربازە وایە کە ئەگەر هێزە هەندەکی‌یەکەی خۆی بە ناوی دەوڵەتەوە بەکار بهێنێت، دەتوانێت بە ئاسانی چەند کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدات کە بە هەزاران جار لە هێزە تایبەتی‌یەکەی خۆی گەورەتر بێت.

ئنجا هەروەك "ئیمان" بەڵگەنامەیـەك بـە دەسـتی "جوزئـی ئیختیـاری" دەسپێرێت، لە هەمان کاتدا جڵەوی جوزئی ئیختیاریش لـە دەست "جەستە" دەسێنێتەوە کە هیچ دەستەڵاتێکی بەسەر ئاینده وڕابوردوودا نی‌یە و، دەیداتە دەست "دڵ" و "گیان"!

جا لەبەر ئەوەی بازنەی "دڵ" و "گیان" بە وێنەی جەستە پابەندی "کاتی ئێستا" نی‌یە و، چەند ساڵێکی ئاینده وڕابوردووش لە سنووری بازنەی ژیانی دڵ و گیاندان، ئەوا ئـەم جوزئە ئیختیاری‌یە لـە هەندەکی‌یەوە دەردەچێت و دەبێت بە هەمەکی! ئیتر هەروەك بە "هێزی ئیمان" دەڕواتە ناو قووڵایی شیو و دۆڵەکانی "ڕابوردوو" و تاریکیی خەم و خەفەتەکانی ئەوێ لـەناو دەبات، بە هەمان جۆر و بە "نووری ئیمان" سەردەکەوێت و دەفڕێت تا دەگاتە لوتکەی بەرزاییەکانی "ئاینده"ش و هەموو مەترسی‌یەکانی تێدا لەناو دەبات!

بەڵێ، ئەی خوشك و برایانی پیرم و ئـەی ئـەو کەسانەی کـە دەردیسـەریی پیری ئازاریان دەدات!

سوپاس بۆ خوا! مادەم ئێمە لە ئیمانداراینین و، ئەم ئیمانەش گەنجینەی شیرین و، ڕووناکی و، خۆشەویستیی تا ئەم ڕادەیەی تێدایە..

مادەم ئەم پیری‌یەشمان زیاتر دەستمان دەگرێت و دەمانباتە بەردەرگای ئەو گەنجینانە..

ئەوا دەبێ هەزاران شوکر و ستایش پێشکەش بە خوای گەورە بکەین لەسەر ئەم پیری‌یەی کە ڕووناکیی "ئیمان"ی ئاراستە کراوە!

□ ئومێدی هەشتەم:

ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە چەند تاڵێکی سپی - کە نیشانەی پیری‌یە - تێکەڵی مووی سەرم ببوون..

ڕووداوە سەختەکانی یەکەم جەنگی جیهانی و، ئاسەوارە قووڵەکانی دیل بوونم لە ڕووسیا[1] بە سەر ژیانمەوە، خەوی بێ ئاگایی منیان قورستر کردبوو. دوای ئەوەش کە لە دیلی دەرباز بووم و گەڕامەوە بۆ ئەستەمبوڵ، ئەو پێشوازی‌یە ڕەنگین و گەرمەی لێم کرا چ لە لایەن خەلیفە و چ لە لایەن "شێخولئیسلام" و چ لە لایەن سەرکردەی گشتی و چ لە لایەن قوتابیانی زانستە شەرعی‌یەکانەوە، هەروەها ئەو ڕێزلێگرتنە گرنگەی کە لە ڕادەیەکدا بوو من شایستەی نەبووم..

هەموو ئەمانە، هاودەم لەگەڵ مەستی و بێ ئاگایی لاویدا، بوون بەهۆی دروستبوونی بارێکی ڕۆحیی ئەوتۆ کە خەوی بێ ئاگایی منیان لە جاران قورستر کرد، بە ڕادەیەك کە دنیام بە هەمیشەیی دەهاتە بەرچاو! هەروەك

---

(١) مامۆستا نوورسی لە ١٩١٦/٢/١٩دا لە بەرەی قەفقاز لە کاتی بەرگری کردن لە شاری (بەدلیس) بە دیل گیرا. لەو کاتەدا مامۆستا سەرکردەی "تیپەکانی پارێدەدەران" بووە، کە لە قوتابی‌یەکانی و لە خۆبەخشەران پێکهاتبوون. پاشان چاودێریی خوا هات بە هانایەوە و لەو دیلی‌یە ڕزگاری بوو، ئەوەبوو لە ١٩١٨/٦/١٥ گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵ. (وەرگێڕ)

"دەروون"یشم هێنـدە بە شێوەیەکی سەیر خۆی پابەندی دنیا کردبوو وەك بلێی هەرگیز مردنی لە ڕێگادا نەبێت!

ئا لەم کاتە و لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا سەرێکی مزگەوتی "بایەزید"م دا لـە ئەستەمبوول، بەو نیـازەی کـە لەسەر زاری قورئـان خوێنـە دڵسۆزەکانی ئەوێ گـوێ لــە قورئـانی پـیرۆز ڕابگـرم. ئـەوەبوو لەسـەر زمـانی قورئـان خوێنەکانەوە ئەو ڕاگەیاندنە توند و بەهێزەی قورئانی پیرۆزی ئیعجازبەخشم بیست کە بە گوفتارە بـەرز و ئاسمانی‌یەکـەی خۆی مـردن و نـەمانی مـرۆڤ و هەموو زیندەوەرێکی لە ئایەتی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ﴾دا (آل عمران:١٨٥) بە ئاشکرا ڕاگەیاندووە!

ئەم ڕاگەیاندنە توند و بەهێزە، هێندە بە گەرموگوڕی ڕۆشتە نـاو گوێمـەوە کە هـەمـوو چینە چڕ و ئەسـتوورەکانی خـەوی بێ ئاگـایی و مەسـتیی منی بڕی و، جێی خۆی لە ناخی دڵمدا کردەوە!

دوای ئەوە لە مزگەوت دەرچووم.

پاش چەند ڕۆژێك هەستم کرد کە پاشماوەی ئاسەوارەکانی ئەو خەوی بێ ئاگاییەی کە لە مێژە جێی خـۆی لـە نـاخی منـدا کردبـووەوە، وەك زریـانێکی گەورە و سەخت لە سەرمدا دەجوولاً و، خۆم وەك کەشتی‌یەك دەبینی کـە لـە نـاو شـەپۆلی دەریـادا قیبلەنماکـەی بـە ڕاسـت و چـەپدا بخولێتـەوە و لــە کار کەوتبێت. دەروونم لەناو ئاگرێکی چەرە دووکەلاًویدا هـەڵدەقرچا. خۆ هـەر کـات لـە ئاوێنـەدا سـەیری خۆمـم دەکـرد، مـووە سـپی‌یەکان پێیـان دەوتم: وریابە!!

بەڵێ، ئەم جارە بە پەیدا بوون و بێدارکردنەوەکانی ئەو چـەند تاڵـە سپی‌یە هەموو شتێکم لە لا ڕوون بـووەوە. چونکـە بینیـم ئـەو لاوی‌یـەی کـە مـن زۆر جـار پێـی دەنـازیم و شـەیدای چێژەکـانی بووبووم، ئێستا پێم دەڵــێ: "خـوا

حافیز"! هەروەها ئەو ژیانەش کە پەیوەندیی خۆشەویستیم لەگەڵدا بەستبوو، وردە وردە بەرەو کزبوون و کوژانەوە دەڕۆشت. ئەو دنیایەش کە دەستم لە داوێنی گیر کردبوو، تەنانەت زۆریش بۆی پەرۆش بووم، بگرە شەیداشی بووبووم، بینیم پێم دەڵێت: "خوا حافیز، خوات لەگەڵ"! بەمەش پێی رادەگەیاندم کە من لێرەدا میوانم و هێندەی نەماوە ئەم میوانخانەیە بەجێ بهێڵم. بەڵکو لەمەش زیاترم دی؛ چونکە بینیم دنیا خۆیشی خەریکی خۆپێچانەوەیە بۆ کۆچکردن و "خواحافیزی" وتن!

ئنجا یەکێ لە واتا هەمەکی‌یەکانی ئایەتی: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذائِقَةُ الْمَـوْتِ﴾ لە رووی دڵمدا کرایەوە، کە بریتی‌یە لەمەی خوارەوە:

(سەرجەمی مرۆڤایەتی بە گشتی وەك تاقە کەسێك وایە، دەبێ بمرێت تاکو سەرلەنوێ زیندوو بکرێتەوە.. گۆی زەویش کەسێکە دەبێ تامی مردن بچێژێت تاکو شێوەی مانەوە و هەمیشەیی لەخۆ بگرێت.. دنیاش بە هەمان جۆر کەسێکی ترە و دەبێ بمرێت، تاکو لە شێوەی دوارۆژدا دروست بکرێتەوە).

ئنجا بیرم لەو بارە کردەوە کە ئەو کاتە منی تێدابووم. بینیم:

ئەو لاوی‌یەی کە خولگەی هەموو تام و چێژێکە، بەرەو نەمان دەڕوات و شوێن بۆ ئەو پیری‌یە چۆڵ دەکات کە سەرچاوەی هەموو داخ و خەفەتێکە!

ئەم ژیانە درەخشان و رووناکەش لە ڕۆشتندایە و، مردنی بە ڕواڵەت تاریك و لێڵ خۆی بۆ شوێنەکەی ئامادە دەکات!

ئەم دنیا خۆشەویست و شیرینەش کە وا دەزانرێت هەمیشەییە و خۆشەویستی بێ ئاگایانە، بینیم زۆر بە پەلە بەرەو ئاوابوون دەڕوات!

منیش بۆ ئەوەی سەر بە ناو بێ ئاگاییدا بکەم و لە دەست ئەو بارە پەرێشانە خۆم بخەڵەتێنم، ئاوڕێکم بە لای ئەو پلە و پایە بەرزە کۆمەڵایەتی‌یەدا

دایەوە کە پاش گەڕانەوەم لە دیلی لە ئەستەمبووڵ بەدەستم هێنا و، دەروو پێی خەڵەتا و، سەرتاپا دڵنەوایی و ڕێزلێنان و ڕووتێکردنی خەڵکی بو بەرامبەرم و، زۆر لە توانا و وزەی خۆیشم زیاتر بوو. بینیم هەموو ئەمانە دەرگای گۆڕەکەم لەگەڵمدا دێن کە لێی نزیك بوومەتەوە و، هەر هێندە گەیشتمە ئەوێ سەرجەم ڕووناکی‌یەکانیان دەکوژێنەوە!

پاشان بۆم دەرکەوت کە ڕیایەکی قەبە و خۆپەرستی‌یەکی سارد و سڕ بێ ئاگاییەکی کاتی خۆیان لە پشتی پەردەی ڕازاوە و نەخشاوی "لە ڕازی بوون"ەوە مەڵاس داوە، کە نموونەی بەرز و ئاواتی گەورەی شەیدایان ناوبانگە! ئیتر تێگەیشتم کە ئەم شتانەی تا ئێستا منیان خەڵەتاند، لەمەودوا هیچ دڵنەوایی و ڕووناکی‌یەکم پێ نابەخشن.

جا بۆ ئەوەی ئەم جارەیان بە تەواوی لە خەوی بێ ئاگایی بێدار ببمەوە دەستم کردەوە بە گوێ ڕاگرتن لەو قورئان خوێنە بەڕێزانەی ناو مزگەوتی "بایەزید" بۆ مەبەستی خوێندن و وەرگرتنی وانە ئاسمانی‌یەکەی قورئانی پیرۆز ئیتر لەم ڕێیەوە و لە ناوەندی فەرمانە خاوێن و پیرۆزەکانی پەروەردگار مزگێنی‌یەکانی ئەو ڕابەرە ئاسمانی‌یەم بیست کە لە ئایەتی: ﴿وَبَشِّرِ الذينَ آمَنُوا...﴾دا (سورة البقرة:٢٥) ڕایگەیاندووە.

بەڵێ، کاریگەریی ئەو ڕێزنە و بەرەکەتەی لە قورئانی پیرۆزەوە دەست کەوت، هانی دام کە لە ناو ئەو شتانەی سەرسامیان کردبووم و خستبوومیا نائومێدی و دڵتەنگی‌یەوە، بە شوێن ئومێد و ڕووناکیدا بگەڕێم.

هەزاران شوکر و ستایش بۆ بەدیهێنەری بەخشندەم کە یارمەتیی دام بۆ دۆزینەوەی دەرمان لە هەمان نەخۆشیدا و، بینینی ڕووناکی لە هەمان تاریکیدا و، هەست کردن بە دڵنەوایی لە هەمان ئازار و سامناکیدا!

یەکەم جار سەیرێکی ئەو "ڕوو"ەم کرد کە خەڵکی دەترسێنێت و لە پێش چاوی هەمواندا سامناك دەردەکەوێت، کە بریتی‌یە لە ڕووی "مردن"!

بە نووری قورئانی پیرۆز بۆم دەرکەوت کە ڕووی ڕاستەقینەی مردن سەبارەت بە ئیمانداران ڕوویەکی جوانی ڕووناکە، هەرچەند دیوی دەرەوەی بە پەردەیەکی ڕەشی تاریك و ناشیرین و ترسناك داپۆشراوە..

ئەم ڕاستی‌یەشمان بە جۆرێکی گومانبڕ لە زۆر پەیامدا چەسپاندووە. بە تایبەت لە "وتەی هەشتەم" و "مەکتووبی بیستەم"دا ڕوونمان کردووەتەوە کە: "مردن" لەناودانی هەتاهەتایی و جودایی هەمیشەیی نی‌یە، بەڵکو پێشەکی و سەرەتای ژیانێکی هەمیشەییە و.. مۆڵەت و حەوانەوەیە و.. کۆتایی هێنانە بە ئەرکی کارمەندیی ئەم ژیانە و.. شوێن گۆڕین و بە یەك شادبوونەوەیە لەگەڵ کاروانی ئەو خۆشەویستانەی کە کۆچیان بۆ جیهانی بەرزەخ کردووە.

بەم جۆرە و لە ڕوانگەی ئەم ڕاستی‌یانەوە، ڕووی گەش و ڕووناکی مردنم دی. بێ گومان نەك بە ترس و لەرزەوە، بەڵکو - لە ڕوویەکەوە - بە ڕوانینی حەز و تاسەمەندی‌یەوە بۆم ڕوانی. کە ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی یەکێك لە نهێنی‌یەکانی یادی مردن(رابطة الموت)م بۆ دەربکەوێت کە ڕێڕەوانی ڕێبازەکانی "تەسەووف" ئەنجامی دەدەن.

پاشان سەرنجی "سەردەمی لاوی"م دا کە سەردەمێکە هەموو کەسێك شەیدایەتی و خەفەت بە نەمانی دەخوات و، وەکو لاویی من، لە هەموو کەسێکی تریش بە بێ ئاگایی و گوناهباری دەچێتە سەر! بینیم لە پشت ئەو بەرگە ڕازاوە نەخشاوەی لاوی‌یەوە ڕوویەکی ناشیرین و تەنانەت سەرسووڕهێن و مەستکەر هەیە کە بەو بەرگە داپۆشراوە.

خۆ ئەگەر من ڕاستی و ناوەرۆکی لاویم نەزانیبایە، ئەوا با تەمەنێکی سەد سالیشم ببوایە، هەتا دوا هەناسەی ژیانم دووچاری خەفەت و گریانی دەکردم، بۆ ئەو چەند سالە کەمەی کە بە مەستی و پێکەنینەوە دەچێتە سەر، بە وێنەی ئەو شاعیرەی کە بە خەفەت و ئازارێکی تاڵەوە بۆ لاویی خۆی گریاوە و، وتوویەتی:

أَلا ليتَ الشبابَ يعودُ يوماً فَأُخبِـرَهُ بما فَعَلَ المشيبُ(١)

بەڵێ، ئەو پیرانەی کە بە جوانی لە نهێنییەکانی تافی "لاوی" نەگەیشتوون، بە وێنەی ئەم شاعیرە، تەمەنی پیرییان بە خەفەت و گریانەوە دەبەنە سەر، بۆ لەدەستچوونی "سەردەمی لاوی"یان.

ئەگەر گەشە و لێهاتوویی هەرەتی "لاوی" لە باوەڕدارێکی هێمن و ژیر و دڵ بێدار و بە ویقاردا جێی خۆی بکاتەوە و، وزە و هێزی لاوی لە خواپەرستی و کردەوەی چاك و بازرگانیی دواڕۆژدا بەسەر ببات، ئەوا دەبێت بە گەورەترین هێزی خێر و چاکە و باشترین هۆی بازرگانی و جوانترین و بەتامترین مایەی چاکەکاری.

بەڵێ، سەردەمی لاوی، سەردەمێکی گەلێ بەنرخە و نیعمەتێکی گەورەی خوایی و شادمانییەکی بەتام و خۆشە، بۆ کەسێك کە باش بەکاری بهێنێت و ئەرکە ئایینییەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات. بەڵام ئەگەر سەردەمی لاوی ڕێگای ڕاستی تێدا نەگیرێتە بەر و لەگەڵ داوێن پاکی و خواپەرستیدا هاودەم نەبێت، ئەوا گەلێ مەترسیی سەخت و لەناودەری لە ڕێدایە. چونکە هاندان و هەڵەشەیی ئەم سەردەمەی تەمەن "بەختەوەریی

---

(١) کورد لە واتای ئەم بەیتە شیعرە عەرەبییەدا وتوویەتی:

خۆزگا گەنجییەکەم لەگەڕا دواوە گلەیی پیریم ئەکرد بەلاوە

(وەرگێڕ)

هەمیشەیی" و "ژیانی دواڕۆژی" مرۆڤ لەناو دەبات، تەنانەت لەوانەیە ژیـانی ئـەم دنیاشـی تێکبشـکێنێت. کـە ئەمـەش دەبێـت بـەهۆی ئـەوەی لـە سـەردەمی پیریدا خەفەت و ئـازارێکی زۆر دەرخـواردی ئـەو کەسـە بـدات، تەنـها لـەبـەر چەند ساڵێکی کەم کە بە کەیف و شادییەوە لێی چووەتە سەر.

جا لەبەر ئەوەی زۆربەی خـەڵکی "سـەردەمی لاوی"یـان بـە بێ زیـان لـێ نـاگوزەرێ، ئـەوا دەبێ ئێمـەی پیر و بەسـاڵاچوو سوپاسـێکی زۆری خـوای خۆمان بکەین کە لە زیان و مەترسییەکانی ئەو سەردەمە ڕزگاری کردووین.

لە لایەکی تریشەوە تام و لەزەتەکانی "لاوی" - وەك هەموو شـتێکی تـر - لـە ئەنجامـدا دەبڕێنـەوە و کۆتاییـان پێ دێـت. جـا ئەگـەر ئـەم سـەردەمـە بـە پەرستش و کردەوەی چاك بەسەر ببرێت ئەوا بـەروبوومی نـەبڕاوە و بـەردەوام بە مرۆڤ دەبەخشێت و، دەبێت بەهۆی دەستخستنی لاوێتییەکی هەتاهـەتایی لە ژیانێکی هەمیشەییدا.

* * *

پاشان سەیرێکی ئەم دنیایەم کرد کە زۆربەی خـەڵکی شـەیدا و گیرۆدەی بوون. بەهۆی نووری قورئانی پـیرۆزەوە بینیـم (سێ) دنیـای گشـتی هەیـە کـە تێهەڵکێشی یەکتری بوون:

یەکـەم: ئـەو دنیایـەی کـە دەڕوانێتـە نـاوە جوانـەکانی خـوای گـەورە و ئاوێنەی ئەو ناوانەیە.

دووهـەم: ئـەو دنیایـەی کـە دەڕوانێتـە ڕۆژی دوایی و کێڵگـەی چـاندنی تۆوی ئەودنیایە.

سێهەم: ئـەو دنیـایەی کـە دەڕوانێتـە ئەهـلی دنیـا و گـومڕایـان و، جێـی گاڵتـە و گـەپ و ڕابواردنیانە.

هەروەها بۆم دەرکەوت کە هەرچی کەسە لە ناوەندی ئەم دنیایەدا دنیایەکی گەورە و تایبەتیی خۆی هەیە. واتە هێندەی ژمارەی مرۆڤ دنیای تێهەڵکێشی یەکتری هەیە. بەڵام دنیای تایبەتیی هەموو کەسێك لەسەر بناغەی ژیانە تایبەتی‌یەکەی ئەو کەسە ڕاگیر بووە و، هەر کات جەستەی ئەو کەسە ڕووخا و تێکشکا، ئەوا دنیاکەی ڕووخاوە و قیامەتی بەرپا بووە. جا لەبەر ئەوەی بێ ئاگایان بەم خێرایی و کتوپڕی‌یە هەست بە ڕووخانی دنیا تایبەتی‌یەکەی خۆیان ناکەن کە ئاوا بە زوویی هەرەس دەهێنێت و کۆتایی پێ دێت، ئەوا شەیدای دەبن و پێیان وایە کە وەك دنیا دامەزراوە گشتی‌یەکەی دەوروبەریان وایە!

منیش کە بیرم کردەوە، لەبەر خۆمەوە وتم:

بێ گومان منیش - وەکو خەڵکی - دنیایەکی تایبەتیی خۆم هەیە و، دنیاکەی منیش وەکو هی ئەوان بە خێرایی و لە پڕ دەڕووخێت. ئیتر دەبێ چ سوودێك لە دنیا تایبەتی‌یەکەی تەمەنە کورتەکەمدا ببێت؟!

بە نووری قورئانی پیرۆز بۆم دەرکەوت کە ئەم دنیا تایبەتی‌یەی من و خەڵکی:

خانەیەکی کاتی‌یە بۆ بازرگانی و.. میوانخانەیەکە هەموو ڕۆژێك لە میوان پڕ دەبێت و پاشان خاڵی دەبێتەوە و.. بازاڕێکی سەر ڕێگایە بۆ ئەوانەی کە دێن و دەڕۆن و.. کتێبێکی کراوەی بەدیهێنەری وێنەکێشە کە دانستی خوای گەورە نووسین و کوژاندنەوەی بە ویستی خۆی تێدا دەکات و.. هەموو بەهارێکیشی نامەیەکی نەخشاوی ڕازاوەیە و.. هاوینەکانیشی چامەیەکی هۆنراوەی بەسۆز و ڕەنگینە و.. چەند ئاوێنەیەکی هەمیشە نوێی ئەوتۆیە کە درەوشانەوەی ناوە جوانەکانی کردگاری شکۆمەندیان تێدا دەردەکەوێت و.. باخچە و کێڵگەی تێدا چاندنی تۆوی

ئەودنیایە و.. گوڵدانی میهرەبانیی خواوەندە و.. کارگەیەکی کاتییە بۆ ئامادەکردنی ئەو تابلۆ پەروەردگارییە هەمیشەییانەی کە لە جیهانی هەتاهەتایی و نەمریدا پیشان دەدرێن.

ئیتر منیش، کە ئەمەم بینی، لە لایەنی خۆمەوە شوکرانەی زۆرم پێشکەشی خواوەندی بەدیهێنەری بەخشندەم کرد بۆ ئەوەی کە دنیای لەسەر ئەم شێوەیە بەدی هێناوە!

بەڵام ئەو "خۆشەویستی"یەی کە بۆ ئەوە لە ناخی مرۆڤدا جێگیر کراوە تا بۆ دوو ڕووە جوانەکەی دنیا بەکاری بهێنێت کە دەڕواننە ناوە جوانەکانی خوای گەورە و ڕۆژی دوایی، کەچی مرۆڤ نیشانەکەی نەپێکا و بە هەڵەدا چوو کاتێ کە ئەو خۆشەویستییەی لە جێگای خۆیدا بەکار نەهێنا و بەرەو ڕووە ناشیرینە زیانبەخشەکەی سێهەمی دنیا وەری چەرخاند. بۆیە فەرموودە پیرۆزەکەی پێغەمبەری ئازیزی ﷺ تێدا هاتەدی کە دەفەرموێ:

"حب الدنيا رأس كل خطيئة"(١).

ئەی خوشك و برایانی پیرم!

من بەهۆی نووری قورئان و یادخستنەوەی پیری و ئەو ڕووناکییەی کە ئیمان بە دڵی منی بەخشی، ئەم "ڕاستی"یەم بینی کە بە چەندین بەڵگەی گومانبڕ و سەلمێنەریش لە گەلێ پەیامدا چەسپاندوومە. ئیتر هەستم کرد کە ئاسوودەیی و دڵنەوایی ڕاستەقینە و ئومێدی بەهێز و ڕووناکیی درەخشان سەبارەت بە من هەر تەنها لەو ڕاستییەدایە. بۆیە بە هاتنی پیری و بەسەرچوونی سەردەمی لاویم، ڕازی و دڵخۆش بووم!

---

(١) رواه البيهقي في الشعب باسناد حسن إلى الحسن البصري رفعه مرسلاً، وذكره الديلمي في الفردوس، ورواه البيهقي أيضاً في الزهد وأبونعيم من قول عيسى بن مريم، وآخرون يعدونه من كلام ابن مسعود أو جندب البجلي رضي الله عنهم. بڕوانە: (كشف الخفاء:١٠٩٩)، (ضعيف الجامع الصغير وزيادته: ٢٦٨١). (وەرگێڕ، لە چاپە عەرەبییەکەوە)

دەسا ئێوەش - ئەی خوشك و برایانی پیرم! - لەدەست پیری مەگرین و پێی دڵگران مەبن. بەڵکو هەمیشە لە شوکر و سوپاسی خوای گەورەدا بن. چونکە مادەم ئێوە ئیماندارن و، "ڕاستی"ش بەو جۆرە دەدوێت کە باسمان کرد، ئەوا با گریان و پەژارە هەر بەشی گومڕا و بێ ئاگایان بێت، نەك هی ئێمە.

❑ ئومێدی نۆهەم:

ئەو کاتەی لە یەکەم جەنگی جیهانیدا بە دیل گیرام، لە شارێکی دووری باکووری خۆرهەڵاتی ڕووسیا دەژیام کە ناوی "کۆسترما" بوو. ئەو شارەش مزگەوتێکی بچووکی تەتارەکانی لێ بوو کە لەسەر کەناری ڕووباری "ڤۆڵگا"ی بەناوبانگ بنیات نرابوو.

منیش لە نێوان ئەفسەرە دیلەکانی هاوەڵمدا دڵتەنگی دایگرتبووم و سەودای گۆشەگیری کەوتبووە سەرمەوە، بەڵام نەیاندەهێشت بە بێ ڕوخسەت کەس بڕواتە دەرەوەی ئۆردوگای دیلەکان. پاشان هەرچۆن بوو هێشتیان بە کەفالەتی تەتارەکان بڕۆمە دەرەوە و لە مزگەوتەکەدا بژیم. ئیتر شەو بە تەنیایی لەوێ دەمامەوە و دەخەوتم. بەهاریش نزیك بووبووەوە و، شەوگاری ئەو ناوچە دوورەش گەلێ درێژ بوو.

لەو شەوە درێژ و تاریکانەدا کە بە پەژارەی ڕەشی غەریبی خۆیان داپۆشیبوو، زۆر جار هەتا ڕۆژم دەکردەوە خەو لە چاوەکانم دەزڕا! خۆ لەو شەوانەشدا هیچ دەنگێك بەر گوێ نەدەکەوت جگە لە خوڕەی خەمناکی ڕووباری ڤۆڵگا و چرکەی ناسکی تکەی باران و پەژارەی جودایی نەبێت کە لە هاژە و وژەی باوە دەهاتە گوێم! هەموو ئەمانەش منیان لەو خەوە قورس و قووڵەی بێ ئاگایی - بۆ ماوەیەکی کاتی - بێدار کردەوە..

خۆ هەرچەند هێشتا خۆمم بە پیر نەدەزانی، بەڵام هەر کەسێك جەنگی جیهانیی ببینیایە دەبوو پیر ببوایە!

چونکە چەند ڕۆژێکی ئەوتۆ هاتن و ڕۆشتن کە منالیان تێدا پیر دەبوو! وەك بڵێی یەکێك لە نهێنی‌یەکانی ئایەتی: ﴿یَومـاً یَجعـلُ الوِلـدانَ شیباً﴾(المزمل:١٧) ڕۆشتبێتە ناویانەوە! لەبەر ئەوە بوو کە هەرچەندە بە تەمەن نەگەیشتبوومە چل ساڵ، کەچی خۆمم وەك پیرێکی هەشتا ساڵی دەهاتە بەرچاو!

لەو شەوگارە تاریك و خەمناك و درێژانەدا و، لەو دەوروبەرە نوقم بووەی ناو پەژارەی غەریبی و، لە ناوەندی ئەو بارە ئازاربەخشەی خۆمدا، نائومێدی‌یەکی هێندە قورس خۆی کوتایە سەر سنگم کە بە جارێ هەموو هیوا و ئومێدێکی بریم سەبارەت بە ژیانم و گەڕانەوەم بۆ نیشتمانم! خۆ هەرکات کە ئاوڕم بە لای تەنیایی و بێ دەستەڵاتیی خۆمدا دەدایەوە، بە تەواوی هەموو ئومێدێکم دەبڕا و بێ هیوایی سەری تێ دەکردم..

بەڵام یارمەتیم لە قورئانی پیرۆزەوە بۆ هات و، "زمان"م دەستی کرد بە دووپات کردنەوەی:

﴿حَسْبُنَا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ (آل عمران:١٧٣).

"دڵ"یشم بە گریانەوە وتی:

غریبم بی کسم ضعیفم ناتوانم الأمان گویم

عفو جویم مدد خواهم ز در گاهت إلهی

بەڵام "ڕۆح"م کە خۆشەویستانی زووی شارەکەمی کەوتەوە یاد و مردنمی لەم غەریبی‌یەدا هاتە پێش چاو، شیعرەکانی "نیازی"ی خوێندەوە کە لە دووی هاوڕێ دەگەڕێت:

"بەلای هەموو خەفەتێکی دنیادا گوزەرم کرد و..
دامە شەقەی باڵ بەرەو "نەبوون".
دەفڕیم بە تاسەوە و، لە هەموو ساتێکدا هاوارم دەکرد:
هاوڕێ.. هاوڕێ..."!

بە هەرحاڵ.. "لاوازی" و "دەستەوسانی"م لەو شەوە تاریك و خەمناك و درێژانەی کە تاریکیی جودایی و نامۆیی داپۆشیبوون، گەیشتنە ڕادەیەك کە لە دەرگای میهرەبانیی خواوەند نزیکیان خستمەوە و، بوون بە مایەی گیرابوونی نزا و پاڕانەوەکانم و، تکاکارم لە حوزووری خوای گەورەدا. بە شێوەیەك کە تا ئێستاش من سەرسامی ئەوەم کە چۆن توانیم دوای چەند ڕۆژێکی کەم ڕابکەم و، بە جۆرێکی چاوەڕوان نەکراو ماوەیەکی هێندە دوور و درێژ ببڕم کە مەگەر بە ساڵێکی تەواو دەنا بەو ماوە کەمە نابڕێت، بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆش لە زمانی ڕووسی بزانم!!

چونکە بە جۆرێکی زۆر سەیر و سەرسووڕهێنەر لەو دیلیەیە ڕزگارم بوو، ئەویش تەنها بە فەزڵی چاودێریی خوای گەورە بوو کە ناردی بە هانای "لاوازی" و "دەستەوسانی"مەوە. بەم جۆرە لە ڕێی "وارشۆ" و "ڤییەننا"وە گەیشتمەوە "ئەستەمبووڵ"..

گەشتی دوور و درێژی ئەم ڕاکردنەشم هێندە بە ئاسانی بە دەستەوە هات کە ئازاترین کەس لەوانەی زمانی ڕووسی دەزانن کاری وایان بۆ نەدەچووەسەر.

جا بە ئیلهامی حاڵەتەکەی ئەو شەوەی کە لە مزگەوتەکەی لێواری ڤۆلگادا بردمە سەر، ئەم بڕیارەم دا:

(لەمەولا دەست ناخەمە ناو کاروباری خەڵکی و، پاشماوەی تەمەنم لەناو ئەشکەوتەکاندا بە گۆشەگیری دەبەمە سەر. خۆ مادەم هەر دەبێ لە کۆتاییدا

بە تەنیایی بڕۆمە ناو گۆڕەکەم، دەبا هەر لە ئێستاوە خۆم لەگەڵ ئەو تەنیایی و گۆشەگیرییە ڕابهێنم)!

بەڵێ، وام بڕیار دا..

بەڵام - بە داخەوە - خۆشەویستە زۆر و دڵسۆزەکانی ئەستەمبووڵم و ژیانە بریقەدار و ڕازاوە کۆمەڵایەتییەکەی ئەوێ، بە تایبەتی ڕێز گرتن و ڕووتێکردنی خەڵکی لێم - کە هیچ سوودێکیشی تێدا نییە - هەموو ئەمانە، بڕیارەکەمیان بۆ ماوەیەکی کەم لە بیر بردمەوە.

وەك بڵێی ئەو شەوە تاریکەی دەمی نامۆییم ڕەشێنەی ڕووناك و بینەر بوو بێت لە چاوی ژیانمدا و، ڕۆژگارە ڕازاوە و ڕەنگینەکانی ژیانی ئەستەمبووڵیش - لەبەر ئەوەی شتی دووریان نەدەبینی - بەشە نەبینەکەی سپێنیی چاوم بن!

ئیتر بەم جۆرە چاوم لە یەك نا و خەوێکی قووڵی قورسم لێ کەوت. هەتا دوای دوو ساڵ لەسەر کتێبی "فتوح الغیب"ی شێخ عەبدولقادری گەیلانی چاوم کردەوە!

دەسا خوشك و برایانی پیرم!

باش بزانن کە "لاوازی" و "دەستەوسانی" بۆ ئەوە لە پیریدا دانراون تاکو ببن بەهۆی دەستخستنی میهرەبانی و چاودێریی خوای پەروەردگار. من خۆم بەهۆی گەلێ ڕووداوی ژیانی خۆمەوە شایەتی لەسەر ئەم ڕاستییە دەدەم.

جگە لەمە، میهرەبانیی خواوەندیش لەسەر ڕووی زەویدا بە باشی ئەمە دەسەلمێنێت و بە جوانی دەری دەخات..

چونکە لە کاتێکدا کە بێ دەستەڵاتترین و لاوازترینی گیانداران بێچووەکانیانن، کەچی جوانترین و ناسکترین و بەتام و لەزەتترین شێوە و

حاڵەتەکانی میهرەبانی لەو بێچووانەوە دەردەکەوێت. نابینیت دەستەوسانیی بێچووی ناو هێلانەکان چۆن دایکانیان دەکات بە خزمەتکار و سەربازی چاوەڕێی فەرمان؟ ئەوەتا دوور و نزیك دەگەڕێن بۆ پەیدا کردن و هێنانی ڕۆزیی ئەو بێچووانە؟ بەڵام هەر ئەوەندەی بێچووەکانیان پەڕ و باڵ دەردەکەن و لاوازییان تێدا نامێنێت، هەر خودی ئەو دایکانە پێیان دەڵێن: بڕۆن، بۆ خۆتان ڕۆزیی خۆتان پەیدا بکەن. ئیتر هیچ گوێیان پێ نادەن و خەمیان ناخۆن!

هەروەك نهێنیی میهرەبانیی خوای گەورە سەبارەت بەم بێچووانە بەم جۆرە دەکەوێتە کار، بۆ ئەو پیرانەش بە هەمان جۆرە کە لە گۆشەی دەستەوسانی و بێ دەستەڵاتییەوە وەکو منالی ساوا و بێچوویان لێ هاتووە!

ئەزموونی تایبەتیی خۆم قەناعەتێکی تەواوی پێ بەخشیوم کە هەروەك میهرەبانیی خواوەند ڕۆزیی ئەو ساوا و بێچووانە – بەهۆی بێ دەستەڵاتییانەوە – بە شێوەکی سەرسوورهێنەر دەنێرێت و، سەرچاوەی مەمکان دەتەقێنێتەوە و، وەك لافاوی بەخوڕی لێ دەکات بۆیان..

بە هەمان جۆر، ڕۆزیی ئەو پیرە باوەڕدارانەش کە وەك منالی ساوا و بێ گوناهیان لێ هاتووە، لە گەنجینەی میهرەبانیی خواوەند و لە شێوەی بەرەکەتدا بۆیان ڕەوانە دەکرێت..

ستوون و پشتیوانی بەرەکەتی هەر ماڵێك تەنها ئەو پیرانەن کە تیایدا دەژین. هەر ئەو پیرە نوێژپاکانەن کە ماڵیان ئاوەدان کردووەتەوە، دەبن بەهۆی پاراستنی ماڵەکانیان لە هەموو بەڵا و گیروگرفتێك.

ئەم ڕاستییەش بەشێکی فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ دەیچەسپێنێت کە دەفەرموێ:

"... لولا الشُيوخُ الركّعُ لصُبَّ عليكم البلاء صَبّاً"(١).

ئیتر مادەم "لاوازی" و "دەستەوسانی"ی سەردەمی پیری، دەبن بە تەوەرەی دەستخستنی میهرەبانیی خوای گەورە..

مادەم قورئانی پیرۆزیش لە پێنج پلەدا و بە شێوازێکی ئیعجازبەخشی ناوازە، داوا لە منداڵ و نەوەکان دەکات کە ڕێزی دایك و باوك بگرن و، بەسۆز و بەزەیی و میهرەبان بن بۆیان:

﴿إمّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاهُما فَلا تَقُلْ لَهُما أُفٍّ وَلا تَنْهَرْهُما وَقُلْ لَهُما قَولاً كَرِيماً ۞ وَاخْفِضْ لَهُما جَناحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارحَمهُما كَما رَبَّيانِي صَغِيراً﴾ (الإسراء:٢٣ - ٢٤)..

مادەم ئیسلام فەرمانی بە بەزەیی و ڕێز لێگرتنی پیران داوە و، سروشتی مرۆڤایەتیش خواستی لەسەر ئەم بەزەیی و ڕێزەیە..

ئەوا دەبێ ئێمەی بەساڵاچوو "پیری"یەکەمان بە سەد قۆناغی "لاوی" نەگۆڕینەوە!

چونکە لە بریی ئەو چێژە ماددییانەی کە لە لاویدا هەن، ئێمە چەند چێژێکی مەعنەوی و هەمیشەیی و شایستەمان هەیە و، لەو بەزەیی و ڕێزەوە دەستمان دەکەوێت کە لە چاودێریی میهرەبانیی خوا و سروشتی مرۆڤایەتییەوە هەڵقوڵاون.

---

(١) لە سەرچاوەکاندا بەم جۆرەیە: (لولا عباد الله ركّع وصبية رضّع وبهائم رتّع لصُبّ عليكم البلاء – وفي رواية العذاب – صباً). واتە: ئەگەر لەبەر پیرانی نوێژپاك و منداڵانی شیرەخۆر و ئاژەڵانی موحتاج بە لەوەڕ نەبوایە، ئەوا دەردوبەڵاتان بەسەردا دەباری. رواه الطيالسي والطبراني وابن منده وابن عدي وغيرهم عن ابي هريرة رفعه... ورواه السيوطي في الجامع الصغير – الحديث نفسه – ثم رُص رصّاً، قال المناوي نقلاً عن الهيثمي. وهو ضعيف. (باختصار عن كشف الخفاء ٢/١٦٣). (وەرگێڕ)

بەڵێ، لەبەر دڵدانەوە و متمانە بەخشین بە دڵی ئێوەش، دڵنیاتان دەکەمەوە کە: ئەگەر دە ساڵی سەردەمی لاویی "سەعیدی کۆن"م بدەنێ، نایگۆڕمەوە بە یەك ساڵی سەردەمی پیریی "سەعیدی نوێ"!

لەبەر ئەوە، من ڕازیم بە پیریم. دەسا ئێوەش وەك من پێی ڕازی بن!

☐ ئومێدی دەهەم:

دوای ئەوەی لە "دیلـی" گەڕامەوە، بە درێژایی دوو ساڵ لە ژیانی ئەستەمبوڵم - سەر لە نوێ - بێ ئاگایی سەری تێ کردبوومەوە. چونکە باری ڕامیاریی ئەو کاتەی ئەوێ و تەوژمەکانی، زەین و بیری منیان شپرزە و پەرتەوازە کرد و سەرقاڵیان کردم بە خۆیانەوە و، نەیانهێشت ئاوڕێك بە لای خۆمدا بدەمەوە و بە قووڵی لە خۆم ورد ببمەوە.

ڕۆژێکیان لە شوێنێکی بەرزی ناو گۆڕستانی "ئەبوو ئەییووبی ئەنصاری"دا - خوای لێ ڕازیی بێت - کە بەسەر دۆڵێکی قووڵدا دەیڕوانی، دانیشتبووم و سەرنجم لەو ئاسۆیانەی دەورووبەری ئەستەمبوڵ دەدا. کتوپڕ دنیا تایبەتی‌یەکەی خۆمم وا هاتە پێش چاو کە لە سەرەمەرگدا بێت! چونکە لە ئەندێشەمدا وام هەست دەکرد کە لە هەندێ لامەوە ڕۆحم دەکێشرێت!

منیش لەبەر خۆمەوە وتم:

ئایا بڵێیت نووسراوی سەر ئەم کێلانە بۆ ئەم جۆرە ئەندێشانە هانیان دابێتم؟

ئەمەم وت و، ڕووی خۆمم لەو ئاسۆ دوورانە وەرچەرخاند و ڕوانیمە گۆڕستانەکە. لەم کاتەدا ئەم واتایە خرایە دڵمەوە کە:

(ئەم گۆڕستانەی چواردەورت سەد ئەستەمبوڵی تێدایە؛ چونکە سەد جار ئەستەمبوڵی تێدا ڕۆکراوە! دانستی خواوەندی بەتوانا و دانایش کە

دانیشتووانی ئەستەمبووڵی لێرەدا خاڵی کردووەتەوە، هەرگیز تۆ لەوان جیا ناکاتەوە و دەبێ تۆش وەك ئەوان بڕۆیت و ئێرە بەجێ بهێڵیت)!

بەم خەیاڵە سامناکەوە گۆڕستانەکەم بەجێ هێشت و، ڕۆشتمە ناو ژوورێکی بچووك لە مزگەوتی "ئەبوو ئەییووبی ئەنصاری"دا، کە پێشتر زۆر جار دەڕۆشتمە ناوی..

لەوێ بیرم لە خۆم کردەوە و، بۆم دەرکەوت کە من لە سێ لاوە میوانم. چونکە هەروەك لەم ژوورە بچکۆلەیەدا میوانم، بە هەمان جۆر لە ئەستەمبووڵیشدا، تەنانەت لە دنیاشدا میوانم و دەبێ بڕۆم و بەجێی بهێڵم! خۆ دیارە میوانیش دەبێ بیر لە ڕێگا و سەفەری خۆی بکاتەوە و مشووری بۆ بخوات!

بەڵێ هەروەك لەم ژوورە بچووکە دەڕۆمە دەرەوە و چۆڵی دەکەم، بە هەمان شێوە ڕۆژێکیش دێت کە لە ئەستەمبووڵ دەڕۆمە دەرەوە و بەجێی دەهێڵم، هەروەك دەبێ ڕۆژێك بێتە پێشەوە کە ئەم دنیایەش بەجێ بهێڵم!

خەفەت و ئازارێکی لێڵ و تەماوی لەم حاڵەدا خۆی هاویشتە سەر دڵ و بیر و ئەندێشەم! چونکە بێ گومان کە من کاتێك ئەستەمبووڵ بەجێ دەهێڵم تەنها لە ژمارەیەکی کەمی هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستانم دانابڕێم، بەڵکو لە هەزاران دۆست و خۆشەویستی ئەستەمبووڵ دوور دەکەومەوە. تەنانەت کە لەم دنیا جوانە دەردەچم هەزاران بەڵکو سەدان هەزاریان لە دوای خۆم لێ بەجێ دەهێڵم!

بەم حاڵە و بەدەم خەفەتەوە جارێکی تر ڕۆشتمەوە بۆ هەمان شوێنی ناو گۆڕستانەکە. ئەم جارەیان دانیشتووانی ئەستەمبووڵم وەك چەندین تەرم هاتنە پێش چاو کە هەڵسابنە سەر پێ و بە ڕێدا بڕۆن! بە وێنەی ئەو ئەکتەرانەی کە خۆیان مردوون، کەچی لە فلیمەکانی سینەمادا - چونکە بە نیازی وەرگرتنی

پـەند و عیـــبرەت جــار بــەجارێك دەڕۆشــتمە ســەیریان - دەردەکــەون و دەجوولێنەوە!

ئەندێشەم پێی وتم:

مـادەم هـەندێك لـەم تەرمانـەی کـە ئێسـتا لـەم گۆڕسـتانەدا نوسـتوون، دەگونجێ وەك ئەکتەرەکانی سینەما دەربکەون و بجوولێنەوە، کەواتـە بیر لـەو خەڵکانەش بکەرەوە کە دێنە ناو ئەم گۆڕستانە و هەر لە ئێستاوە وا دابنێ کە ڕۆشـتوونەتە نـاو گۆڕەکانیانـەوە! کەواتـە ئێسـتا هـەموو ئەوانـە تـەرمن و دەجوولێنەوە!

لەم کاتەدا کە من بەم خەفەت و بارە ئازاربەخشەوە دەتلامەوە، لە ناکاودا بەهۆی نووری قورئانی پیرۆز و، بە ڕابەریی شێخی گەیلانی - قُدِّسَ سِـــرُّهُ - نورێکی خۆش و بەتام و لەزەتم لە قورئـانی پیرۆزەوە بـە هاناوە هـات کـە ئەو حاڵەتە خەفـەت بزوێنـەی لـەناو برد و گەشـاندمیەوە و دڵـی خـۆش کـردم. چونکە ئەو نوورەی کـە لـە قورئـانی پیرۆزەوە هـات بـە هانامـەوە و لـە ڕووی دڵمدا کرایەوە، ئەمانەی خوارەوەی یاد خستمەوە:

(لـە دەمـی دیلیـت لـــە "کۆسـترما" یـەك دوو ئەفســەری دیلــی هــاوڕێت لەگەڵدا بــوون و، بـە دڵنیاییشـەوە دەتزانــی کــە ڕۆژێــك دێــت هــەموویان دەگەڕێنەوە بۆ ئەستەمبووڵ. خۆ ئەگـەر ئـەو کاتـە یـەکێکیان لێـی بپرسیتایە: "ئایا لێرە دەمێنیتەوە یان دەگەڕێیتەوە بۆ ئەستەمبووڵ"؟ بێ گومـان - ئەگـەر نـەختێك هـۆش و ژیریـت بیوایـە - بەوپـەڕی شـادمانی و خۆشـــحاڵییەوە ڕۆشتنەوەت بۆ ئەستەمبووڵ هـەڵدەبژارد. چونکـە لـە نێـوان هـەزار دۆسـت و خۆشەویست و هاوڕێدا نۆسەد و نەوەد و نۆیان لـەوێن.. بـەڵام لـێرەدا مەگـەر یەك دوانێکیانت لەگەڵدا بن، کە ئەوانیش بە دڵنیاییەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوێ. واتە ڕۆشتنەوەت بۆ ئەستەمبووڵ هیچ نابێتە مایەی خەفەت و ئازار..

خۆ وا هاتیتەوە و، لە ولاتی دوژمنان و شەوگارە دوور و درێژە ڕەش و تاریکەکانی و زستانە سارد و سڕەکەی ڕزگارت بوو، ئنجا گەیشتیتەوە ئەو ئەستەمبوولە جوان و خەملاوەی کە دەڵێی "بەهەشتی سەر ڕووی زەوی"یە. ئایا هێشتا بەمە ڕازی نابیت و شوکری خوای گەورەی لەسەر ناکەیت؟!

بە هەمان جۆر، لە سەدا نەوەد و نۆی خۆشەویستانی درێژایی تەمەنیشت، هەر لە منالیتەوە تا ئێستا، کۆچیان بۆ ئەو گۆڕستانە کردووە کە بە ڕواڵەت ترسناك دیارە. خۆ ئەگەر یەك دوانێکیشیان لە دنیادا مابن، ئەوانیش لە ڕۆشتندان بۆ ئەوێ. کەواتە مردنت جودایی و لێکدابڕان نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا پێ شادبوون و بەیەك گەیشتنەوەیە لەگەڵ ئەو خۆشەویستانەتدا..

بەڵێ، "گیان"ی نەمری ئەوان هەندێکیان هێلانە ڕووخاوەکەی ژێر زەوییان بەجێ هێشتووە و لە گەشتی ناو ئەستێرەکاندان و، هەندێکی تریشیان لە ناو چینەکانی جیهانی بەرزەخدا دەژین).

بەم جۆرە ئەو نوورەی کە لە قورئانی پیرۆزەوە هات بە هانامەوە و لە ڕووی دڵمدا کرایەوە، ئەمانەی سەرەوەی یاد خستمەوە.

"قورئان" و "ئیمان" ئەم ڕاستییەیان بە جۆرێکی هێندە بەهێز و گومانبڕ چەسپاندووە کە ئەگەر کەسێك "دڵ" و "گیان"ی خۆی لەدەست نەدابێت، یاخود نوقمی گومڕایی نەبووبێت، وەك بە چاو ببینێت ئاوا باوەڕ بەم ڕاستییە دەهێنێت و هەستی پێ دەکات.

چونکە ئەو خوایەی کە بۆ ئاشکرا کردنی کەرەم و میهرەبانیی پەروەردگارێتییەکەی، ئەم جیهانەی بە لوتف و سۆزی خۆی و نیعمەتە لە ژمارە نەهاتووەکانی ڕازاندووەتەوە و پارێزگاریی هەموو شتێکی بوونەوەر، تەنانەت شتە بچووکە هەندەکییەکانی وەك تۆوی ڕووەك و درەختەکانیش دەکات..

ئاشکرایە ئەم بەدیهێنەرە میهرەبان و بەخشندەیە، نایەوێت ئەو مرۆڤەی کە ڕێکوپێکترین و ڕێز لێگیراوترین و گرنگترین و خۆشەویستترینی بەدیهێنراوانیەتی، هەروا بە بێ دواڕۆژ و بێ بەزەییانە لەناو بیات و بە لەناودانی هەمیشەیی بیفەوتێنێت – وەك لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت – بەڵکو بە پێچەوانەوە؛ هەروەك چۆن جووتیار تۆوی دەغڵ و دان لە زەویدا دەچێنێت تاکو لە شێوەی ژیانێکی تری وەك گوڵە گەنمدا دروست بکرێتەوە، خواوەندی میهرەبانیش کە مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کەم دەخاتە ژێر خاکی دەروازەی چوونە ژوورەوەی جیهانی پڕ لە میهرەبانی و بەزەییەوە، بۆ ئەوەیە کە لە ژیانی دواڕۆژدا ئەو مرۆڤە بەروبوومی خۆی ببەخشێت(١).

پاش ئەوەی کە ئەم ئاگاداریەیەم لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگرت، لە ئەستەمبووڵ زیاتر دڵم بەو گۆڕستانە دەکرایەوە، گۆشەگیری و تەنیاییشم لە تێکەڵاویی خەڵکی گەلێ پێ خۆشتر بوو!

هەر ئەمەش بوو کە هانی دام جێگایەك بۆ گۆشەگیری بدۆزمەوە لە "صاری یەر"دا کە بەرزاییەکە بەسەر دەربەندی "بسفۆڕ"دا دەڕوانێت. ئیتر بۆ خۆم لەوێ دادەنیشتم و، شێخی گەیلانی – قدس سرە – لە ڕێی کتێبی "فتوح الغیب"ەوە بوو بە مامۆستا و پزیشك و ڕابەرم و، "ئیمامی ڕەبیانی"یش – قدس سرە – بەهۆی "مەکتوبات"ەکەیەوە بوو بە مامۆستایەکی دڵدەرەوەی بەسۆزم.

بەم جۆرە، منەتباری و ڕەزامەندیەکی تەواوم بە پیری و دوورکەوتنەوەم لە ڕابواردن و چێژە شارستانێتیەکان و خۆکشانەوەم لە ژیانی کۆمەڵایەتی

(١) لە پەیامەکاندا، بە تایبەتی: "وتەی دەهەم – پەیامی حەشر" و "وتەی بیست و نۆهەم – مەلائیکەت و ژیانی دواڕۆژ" ئەم ڕاستیەمان بە جۆرێکی وا بەهێز و دامەزراو چەسپاندووە وەك گومان نەبوون لەوەی کە: "دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار". (دانەر)

دەربڕی و، شوکرانەبژێری‌یەکی زۆرم لە دەرگانەی خوای گەورەدا پێشکەش کرد.

ئەی ئەو کەسەی کە وەك من بەرەو پیری دەڕوات!

ئەی ئەوانەی کە بەهۆی هەڕەشەی پیری‌یەوە هەردەم لە یادی مردندان!

پێویستە ئێمەمانان نەك هەر تەنها بە "پیری" و "نەخۆشی" و "مردن" ڕازی بین، بەڵکو پێویستە خۆشمان بوێن و، لە ڕوانگەی ئەو نوورەی ئیمان کە قورئانی پیرۆز هێناویەتی بە جوان و خۆشیان بزانین!

خۆ مادەم ئێمە گەورەترین نیعمەتمان هەیە کە ئیمانە، ئیتر "پیری" شتێکی خۆشە. "نەخۆشی" و "مردن"یش هەر بەو جۆرەن.

تەنها شتێك کە بە تەواوی ناشرین و بێز لێکراو بێت بریتی‌یە: لە گوناه و هەرزەیی و بیدعەت و گومڕایی. خۆ ئێمەش - سوپاس بۆ خوا - لەوانەوە دوورین.

❑ ئومێدی یازدەهەم:

کاتێ کە لە دیلی گەڕامەوە، لەگەڵ "عەبدوڕڕەحمان"ی برازامدا[1] لەناو خانوویەك لەسەر لوتکەی "چامڵیجە"ی ئەستەمبووڵ نیشتەجێ بووبووم.

دەکرێت ئەو جۆرە ژیانە - لە لایەنی دنیاییەوە - بۆ ئێمەمانان لە چەند ڕوویەکەوە بە ژیانێکی میسالی دابنرێت..

---

(١) ناوی "عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەبدوڵلا"یە و برازای مامۆستا نوورسی‌یە. لە ساڵی (١٩٠٣ز) لە گوندی "نوورس" لە دایك بووە و، لە ساڵی (١٩٢٨ز)یشدا لە گوندی "زولفەزڵ"ی نزیکی ئەنقەرە کۆچی دوایی کردووە، خوا لێی خۆش بێت. ژیاننامەیەکی مامۆستا نوورسیی نووسیوە کە هەر لە سەرەتای ژیان و لەدایکبوونی مامۆستاوە تا ساڵی (١٩١٨ز) باسی ژیانی ئەوی تێدا کردووە و، لە کتێبێکدا کە لە ئەستەمبووڵ چاپی کردبوو، بڵاوی کردەوە. (وەرگێڕ)

چونکە لە لایەکەوە لە دیلـی ڕزگـارم بووبـوو. لـە لایـەکی تریشـەوە دەرگاکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "دار الحكمة الإسـلامية"(١) بەپێی پیشە و ئەرکی زانستیی سەرشانم لە من کرابوونەوە. ئنجا ناوبانگیش بە ڕادەیەك دەورەی دابووم کە من شایستەی نەبووم. ئەمە جگە لەوەی کە من لە خۆشترین شوێنی ئەستەمبووڵ (چامڵیجە)دا دەژیـام و، هـەموو شـتێکم بـە گوێـرەی دڵ بـوو، چونکـە خوالێخۆشـبوو "عەبدوڕڕەحـمان"ی برازامـم لەگەڵدا بوو، کە جگە لەوەی لەوپەڕی وریـایی و زیرەکیدا بـوو، لـە هـەمان کاتدا قوتابی و خزمەتگوزار و نووسەر و مرۆڤێکی گیانفیدا بوو، بە ڕادەیـەك کە من بە کوڕێکی مەعنەویی خۆمم دادەنا.

لەم کاتەدا کە خۆم بە بەختەوەرترین کەسی ئەم جیهانە دەزانی، سەیرێکی ئاوێنەم کرد. هەر هێندەی چەند تاڵێکی سپیم لە سەر و ڕیشمدا بەدی کرد، یەکسەر ئەو بێداربوونەوە ڕۆحییـەی سەردەمی دیلیـم کـە لـە مزگەوتەکەی "کۆسترما"دا هەستم پێ کرد، بە بینینی ئـەم تاڵـە مـووە سپیانە سـەری هەڵدایەوە!

لەمەوە دەستم کرد بە سەرنجدان و بیرکردنەوە لەو شتانەی کە بـە دڵ پەیوەستیان بووم و وامدەزانـی مایەی بەختـەوەریی ژیـانی دنیـان. بەڵام دوای سـەرنجدانێکی ورد بـۆم دەرکـەوت کـە هـەموو یـەکێکی ئـەو حاڵــەت و هۆکارانە، کەم نرخ و مرۆڤ خەڵەتێنەرن و شیاوی ئەوە نین کە دڵیـان پێوە بەستریت. سەرەڕای ئەمانەش، لـەم کاتـەدا پچڕانـی پەیوەندیی هاوڕێیەتی، تەنانەت بێ وەفاییـەکی چاوەڕوان نەکراوم لـە هـاوەڵێکی دڵسۆزم دی کـە هەرگیز شتی وام بە دڵدا نەدەهات..

---

(١) (دار الحكمة الإسلامية): باڵاترین دامەزراوەی زانستیی ئەو سەردەمە و سەر بە (مەشیەخەتی ئیسلامی)ی دەوڵەتی عوسمانی بووە. (وەرگێڕ)

ئەمانە هەموویان، بوون بە مایەی دوورکەوتنەوە و بێزاری و نەفرین کـردنم لە ژیانی دنیا و، لە دڵی خۆمم پرسی:

(ئایـا مـن خەڵـەتاوم کـە دەبینـم زۆربـەی خـەڵکی بـە چـاوی غیبتـە و حەسوودیەوە سەیری ئەم ژیانـەی ئێمە دەکـەن، کە لـە ڕاستیدا شایستەی شیوەن و گریانە؟! ئایا ئەو هەموو خەڵکە شێت بوون؟ یـان مـن بـەرەو شێتی دەڕۆم کە ئەو شەیدایانەی دنیا بە شێت دەزانم)؟!

بە هەرحاڵ.. ئەم بێداربوونەوەیەی کە بە هۆی بینینی پیریـەوە ڕووی دا، بە باشی و جوانی نەمانی شتانی "فـانی"ی پیشـان دام و تێی گـەیاندم کـە دەبێ هەر بڕۆن و چاوەڕێی مانەوە نەکەن!

کـە ئـاوڕم بـە لای خۆمـدا دایـەوە، بینیـم لەوپـەڕی دەستەوسـانیدام. "گیان"یشم کە داخوازی مانەوە و نەمرییە و، دەستی لـە داوێنـی دنیـا و ئەو شتانە گیر کردبوو کە ڕوو لە نەمانن، چونکـە پێی وابوو نـەمری و مانـەوەیان تێدایە، ئەم گیانە کە دەستەوسانیی منی بۆ دەرکەوت، بە دەم هاوارەوە وتی:

(مادەم جەستەم فانی بێت، دەبێ چ سوودێکم لەم شتە "فـانی"یانـە دەست بکـەوێت؟.. کـە خـۆم بـەم جۆرە دەستەوسـان بم، دەبێ چاوەڕێی چـی بم لـە دەستەوسـان و بێ دەستەڵاتان؟! کەواتـە ئـەم دەردە هیـچ دەرمـانێکی نیـیـە و چارەسـەر نـاکرێت، مەگـەر تەنـها لای ئـەو خـواوەنـدە باڵادەسـتەی کـە هـەر بووە و هەر ئەبێ و دەمێنێتەوە).

بەم جۆرە کەوتمە گەڕان و بەدواداچوون..

یەکەم شت کە بۆ مەبەستی دۆزینـەوەی هیـوا و ئومێـد پـیایدا ڕۆشـتمەوە، لـەو زانستانە بـوون کـە زووتـر خوێندبوومـن و دەسـتم کـەوتبوون. بـەڵام بەداخەوە من تا ئەو کاتـەش زانستە ئیسـلامییەکان و زانستە فەلسـەفییەکانم تێکـەڵ کردبـوون و پێکـەوە لێـم هـەڵدەگۆزین. ئنجا لەبەر ئـەوەی کـە مـن

لەڕادەبەدەر بەهەڵەدا چووبووم، وامدەزانی ئەم بابەتە فەلسەفی‌یانە سەرچاوەی کامڵ بوون و پێشکەوتن و تەوەرەی "ڕۆشنبیری"ن! کەچی لە ڕاستیدا هەر ئەو بابەتە فەلسەفی‌یانە بوون کە سەریان لە ڕۆحم شێواند و، لەکەی زۆریان لەسەر هەڵچنی و، هەر ئەوانیش بوون بە تەگەرە لە ڕێی بەرزبوونەوەی مەعنەویمدا.

بەڵێ، لەو کاتەدا کە من بەم حاڵەوە دەتلامەوە، میهرەبانی و کەرەمی خوای گەورەی بەتوانای باڵادەست دانستە بەرز و پیرۆزەکەی قورئانی پیرۆزی نارد بە هانامەوە و، لەکەی ئەو بابەتە فەلسەفی‌یانەی داشۆرد و "گیان"ی منیان لەوانە پاك کردەوە، وەك لە زۆر پەیامدا باس کراوە. چونکە ئەو تاریکی‌یە ڕۆحی‌یەی کە لە زانستە فەلسەفی‌یە تازەکانی لەمەڕ بوونەوەر سەرچاوە دەگرن، نزیك بوو ڕۆحی منیش داپۆشن و ڕۆشناییەکەی لە ناوەندی بوونەوەراندا نغرۆ بکەن..

ئەوەبوو هەرکاتێ کە دەمڕوانی‌یە هەر لایەنێکی ئەو بابەتە فەلسەفی‌یانە؛ تروسکاییەك ڕووناکیم تێدا نەدەبینی، تەنانەت تەنگە نەفەسیش دەبووم! هەتا ئەو دەمەی کە نووره درەخشانە تەوحیدی‌یەکەی قورئانی پیرۆز هات و تەڵقینی "لا إله إلاّ هو"ی دادام و، ئەو تاریکی‌یەی لەسەر ڕەواندمەوە و سنگم کرایەوە. ئنجا توانیم بەوپەڕی حەوانەوە و دڵنیایی هەناسەی ئاسوودەیی هەڵبکێشم.

بەڵام نەفس و شەیتان، بەهۆی ئەو دەرس و ئامۆژگاری‌یانەی کە لای گومڕایان و ئەهلی فەلسەفە خوێندبوویان، خۆیان بۆ ڕانەگیرا و پێکەوە هێرشیان کردە سەر "دڵ" و "ژیری"م. ئەوەبوو لەم هێرشەدا چەند گفتوگۆ وتووێژێك لە نێوان هەردوو لا ڕووی دا، کە سوپاس بۆ خوا بە سەرکەوتنی "دڵ" و دام و دەستەکەی کۆتایی پێ هات!

جا لەبەر ئەوەی بەشێکی ئەم گفتوگۆ و وتوویژانە لە زۆربەی پەیامەکاندا باس کراون، ئەوا لێرەدا دووپاتیان ناکەینەوە، بەڵام تەنها یەك بەڵگەی نێوان هەزاران بەڵگە دەهێنین بۆ دەرخستنی ئەو سەرکەوتنەی "دڵ" بەسەر "نەفس و شەیتان"دا. بۆ ئەوەش کە ئەم بەڵگەیە دڵ و گیانی هەندێ لەو پیرە بەرێزانە پاك و خاوێن بکاتەوە کە تاوێك بە گومڕایی و تاوێك بە خۆخەریك کردن بە شتی بێهوودەوە "گیان" و "دڵ"یان لەکە و تەپوتۆزی لێ نیشتووە و، "دەروون"یشیان لە سنووری خۆی دەرچووە بەو شتانەی کە لە ژێر پەردەی زانست و هونەرە شارستانییەکاندا خۆیان مەڵاس داوە و دووچاری ئەو پیرە بەرێزانە بووە، تاکو - پشت بە خوا - ئەوانیش خۆیان لە زیانەکانی نەفس و شەیتان ڕزگار بکەن.

گفتوگۆکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەستی پێ کرد:

"دەروون"م - بە ناوی زانستە فەلسەفییە ماددییەکانەوە - ئەم پرسیارەی ئاراستەی دڵم کرد:

(سروشتی شتانی ناو گەردوون وایە کە تێکەڵی بوونەوەران دەبن و دەڕۆنە ناویانەوە.. ئەوەتا هەموو شتێك پەیوەستە بە هۆکار(سبب)ێکەوە و لەو هۆکارەوە پەیدا بووە. بۆ نموونە: "بەر" لە درەخت و، "دانەوێڵە" لە خاکەوە وەردەگیرێت. ئیتر ئایا پاڕانەوە لە خوا و داواکردنی بچووکترین شتی جوزئی لەو خوایە چ واتایەکی تێدایە)؟!

یەکسەر لەم کاتەدا بەهۆی نووری قورئانی پیرۆزەوە نهێنیی "تەوحید"م لێ دەرکەوت و "دڵ"یش بەم شێوەیەی خوارەوە کردی بە وەڵامی پرسیارەکەی "دەروون" و، وتی:

بچووکترین شت - کتومت وەك گەورەترین و مەزنترین شت - ڕاستەوخۆ لە توانست و گەنجینەی بەدیهێنەری بوونەوەرەوە دێت و پەیدا

دەبێت. جگە لەمە هیچ ڕێیەکی تر لە ئارادا نییە و، "هۆکارەکان"یش تەنها پەردەی ڕووی توانستی خوای گەورەن. چونکە ئەو شتەی کە بەپێی بۆچوونی ئێمە بە بچووکترین و کەم نرخترین بوونەوەر دەردەکەوێت، دەگونجێ لە ڕووی دروستکردن و بەدیهێنان و ڕێکوپێکییەوە لە مەزنترین بەدیهاتوو گرنگتر و گەورەتر بێت..

بۆ نموونە: ئەگەر "مێش" لە ڕووی بەدیهێنانەوە لە "مریشك" وردتر و گرنگتر نەبێت، ئەوا هەرگیز هیچی لەو کەمتر نییە! کەواتە لە ڕوانگەی بەدیهێنانەوە ناتوانرێت هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوان "گەورە" و "بچووك"دا بکرێت. یان ئەوەیە دروستکردنی هەموویان - بە گەورە و بچووکەوە - بدرێتە پاڵ هۆکارە ماددییەکان، یان ئەوەیە بە گشتی بدرێتە پاڵ خوای تاك و تەنیا..

جا لە کاتێکدا کەرتی یەکەمیان کارێکی نەگونجاوی مەحاڵە و لە پەسەند کردنی ژیرییەوە دوورە، کەچی کەرتی دووهەم باوەڕێکە لە پلەی "وجوب"دایە و پێویستە باوەڕمان پێی ببێت.

چونکە: مادەم زانستی خوای گەورە دەوراندەوری هەموو شتێکی داوە و هەموو شتێك دەگرێتەوە، وەك لە ڕێکوپێکی بوونەوەر و حیکمەتەکانیەوە دەردەکەوێت.. مادەم ئەندازەی هەموو شتێك لە زانستی خوای گەورەدا دەستنیشان دەکرێت.. مادەم ئەم بوونەوەرانەی کە لەوپەڕی ڕێکوپێکی و جوانیدان، وەك لە بەرچاودایە، بەوپەڕی ئاسانی لە نەبوونەوە دێنە جیهانی بوون.. مادەم ئەو زانا بەتوانایە خاوەنی توانستێکی وەهایە کە لە ماوەی چاوتروکاندنێکدا هەموو شتێك بە فەرمانی "کن فیکون" بەدی دەهێنێت، وەك لە زۆر پەیامدا بە بەڵگەی بەهێز چەسپاندوومانە، بە تایبەتی لە مەکتووبی بیستەم و کۆتایی بریسکەی بیست و سێهەمدا..

ئەوا دەبێ ئەم ئاسانییە ڕەها و دەراسایەی کە بە چاو دەبینرێن تەنها هی دەورەدان و گشتگیریی زانستی خواوەند بێت بە هەموو شتێك و ئەنجامی مەزنیی توانسته ڕەهاکەی بێت بەسەر هەموو شتێکدا.

بۆ نموونە:

ئەگەر ماددەیەکی کیمیایی تایبەتی بەسەر کتێبێکدا بهێنیت کە بە مەرەکەبێکی کیمیایی تایبەتی و نەبینراو نووسرابێتەوە، یەکسەر نووسراوی نەبینراوی کتێبەکە دەردەکەوێت و هەموو کەسێك دەتوانێت بیخوێنێتەوە، بە هەمان جۆر ئەندازەی هەموو شتێکیش لە زانستی گشتگیر و بێ سنووری خوای گەورەدا دیاری کراوە.

جا کاتێ کە ئەو خواوەندە بەتوانا و خاوەن دەسەلاتە بەوپەڕی ئاسانی و بە فەرمانی "کن فیکون" هێزی توانستی خۆی - بە وێنەی ماددە کیمیاییەکەی ناو نموونەکە - بە توانستی ڕەها و ویستی جێبەجێ کراوی خۆی بەسەر ئەو ماهییەتە زانستییەدا دەهێنێت، یەکسەر بوونی دەرەکیی پێ دەبەخشێت و دەیهێنێتە پێش چاو. ئەو کاتەش نەخش و نیگارەکانی دانستی ئەو بە ڕوونی دەخوێنرێنەوە.

(ئەمە ئەگەر کاری "بەدیهێنان" بدرێتە پاڵ خوای تاك و تەنیا و خاوەن زانستی گشتگیر و توانستی ئەزەلی).

بەڵام ئەگەر بەدیهێنان و دروستکردنی هەموو شتێك تێکڕا نەدرێتە پاڵ خاوەن زانستی ڕەها و توانستی ئەزەلی، ئەوا دەبێ بۆ بەدیهێنان و دروستکردنی بچووکترین بەدیهاتووی تەنانەت وەك مێشێك هەرچی شت لەم بوونەوەرەدا پەیوەندییەکی بەو مێشەوە بێت، بە کێشانە و تەرازوویەکی وردی تایبەتی لە جەستەی ئەو مێشەدا کۆ بکرێنەوە! تەنانەت دەبێ هەموو ئەندام و گەردیلەیەکی کارگوزاری جەستەی ئەو مێشە ئاگادارییەکی

تەواوی لە نهێنیی بەدیهێنانی مێش و حیکمەتی بوونی بێت، بەڵکو دەبێ بە دوور و درێژی ئاگادار و شارەزای ئەو وردەکاریەش بێت کە لە بەدیهێنانیدا هەیە!

جا مادەم هۆکارە ماددی و سروشتی‌یەکان - وەك لای هەموو مرۆڤێکی ژیر و هۆشمەند ئاشکرایە - هەرگیز ناتوانن هیچ شتێك لە نەبوونەوە بەدی بهێنن، ئەوا ئەوپەڕی توانای ئەو هۆکارانە تەنها "کۆکردنەوە"ی شتانە. جا لەبەر ئەوەی لە کۆکردنەوە زیاتر هیچی تریان لە تواناداا نی‌یە و، لە لایەکی تریشەوە هەموو زیندەوەرێك نموونەی زۆربەی تۆخمەکانی بوونەوەری تێدایە (وەك بلێی تۆوی بوونەوەر و پوختەکەی بێت) ئەوا دەبێ گشت گەردیلەکانی "تۆو" لە درەختێکی تەواودا دەربهێنرێن و کۆ بکرێنەوە و، هەموو تۆخمەکانی زیندەوەر و گەردیلەکانیشی، دوای پاڵفتە کردن و ڕێکخستن و ئەندازە کردنیان، زۆر بە وردی و بە چەند تەرازوویەکی تایبەتی و چەند پاڵێوگەیەکی زۆر ورد، لە سەرانسەری جیهاندا بهێنرێن و کۆ بکرێنەوە!

بەڵام لەبەر ئەوەی هۆکارە ماددی و سروشتی‌یەکان وشك و ڕەق و بێ ئاگان، ئەوا نازانن پلان و پرۆگرام و پێرستێك بۆ ئەم کارە دابڕێژن و ڕێکی بخەن و، لە توانایاندا نی‌یە مامەڵە لەگەڵ گەردیلەکاندا بکەن و لە چەند قاڵبێکی مەعنەویدا بیانتوێننەوە بۆ ئەوەی بڵاو نەبنەوە و ڕێکوپێکی‌یان تێك نەچێت، لە کاتێکدا کە دەگونجێ هەر یەك لە بەدیهاتووان لە چەندین شکڵ و شێوەی بێ سنووردا دەربکەون..

لەبەر ئەوە، بەخشینی یەکێك لەو شێوە بێ سنوورانە بەو بەدیهاتووە جگە لە شێوەکانی تر و، و ڕێکخستنی ئەو شێوەیە بەوپەڕی ڕێکوپێکی و بە ئەندازەیەکی دیاری کراو، بە بێ بڵاوبوونەوەی گەردیلەکانی تۆخمەکان

- کە وەك لافاو وان - پاشان بنیاتنانیان یەك لەسەر یەك بە بێ هیچ جۆرە قالبێکی تایبەتی و بە بێ دەستنیشان کردنی ئەندازەیەکی دیاری کراو، پاش ئەمانەش بەخشینی بوونێکی ڕێکوپێك و دەرەکی بەو زیندەوەرە..

ئاشکرایە کە ئەنجامدانی ئەم هەموو کارانە - بەم جۆرە لە لایەن هۆکارە ماددیەکانەوە - کارێکە لە سنووری توانا بەدەرە و، تەنانەت لە سنووری ژیری و گریمانیشدا نییە!

دیارە هەر کەسێك بینایی ژیر و هۆشی لەدەست نەدابێت، دەزانێت کە ئەمە مەحاڵە و، هەرگیز هۆکارەکان کاری وایان لە دەست نایەت.

بەڵێ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییە، قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

﴿إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَاباً وَلَوْ اجْتَمَعُوا لَهُ﴾! (الحج:٧٣).

واتە: (ئەگەر هەموو هۆکارە ماددیەکان کۆببنەوە هێشتا ناتوانن تاقە مێشێك دروست بکەن و، ناتوانن ئامێرەکانی بە تەرازوویەکی ورد و تایبەتی ڕێك بخەن، تەنانەت گەر ئەو هۆکارانە ویست و ئیختیاریشیان پێ درابێت)..

خۆ ئەگەر بیشتوانن جەستەی مێشێك کۆبکەنەوە و پێکیەوە بنێن، خۆ ناتوانن مانەوە و بەردەوامیی بۆ دابین بکەن..

ئەگەر ئەمەشیان بە ئەندازەیەکی تایبەتی توانی، ئەوا ناتوانن ئەو گەردیلانە بە ڕێکوپێکی بجووڵێنن کە هەمیشە تازە دەبنەوە و، دێنە ناو ئەو بوونەوەرە و، کاری خۆیانی تێدا ئەنجام دەدەن!

کەواتە زۆر ئاشکرایە کە هۆکارەکان هەرگیز خاوەنی ئەم شتانە نەبوون و نین، بەڵکو خاوەنی ڕاستەقینەیان غەیری هۆکارەکانە و، ئەو کەسەیە کە وەك ئەم ئایەتە پیرۆزە دەری دەخات: ﴿مَا خَلْقُكُمْ وَلا بَعْثُكُمْ إِلاَّ

كَنَفْسٍ وَاحِدَةٍ﴾ (لقمان:٢٨) كاروبارى بەدیهێنانى هێندە بەلاوە ئاسانە كە زیندوو كردنەوەى هەموو بوونەوەرانى سەر زەویى وەك زیندوو كردنەوەى تەنیا مێشێك پێى ئاسانە و، دروستكردنى وەرزى بەهاریشى بەلاوە وەك ئاسانیى بەدیهێنانى تاقە گوڵێك وایە..

چونكە لەبەر ئەوەى خاوەنى فەرمانى "كن فیكون"ە، ئەوا پێویستى بە "كۆكردنەوە" نىیە!!

هەروەها لەبەر ئەوەى هەموو بەهارێك، جگە لە ماددەى تۆخمەكانى بوونەوەرە لە ژمارە نەهاتووەكانى بەهار، هەر ئەو خواوەندە خۆى سیفەت و شكڵ و شێوەشیان لە نەبوونەوە دروست دەكات..

هەروەها لەبەر ئەوەى پلان و نموونە و پێڕست و نەخشەى هەموو شتێك لە زانستى ئەودا دیارى كراوە و..

لەبەر ئەوەش كە هەموو گەردیلەكانى بوونەوەر تەنها لە بازنەى زانست و توانستى ئەو خوایەدا دەبزوێن..

لەبەر هەموو ئەمانە، ئەو خوایە ویستى لە هەر شتێك بێت بە ماوەى چاوتروكاندنێك و بەوپەڕى ئاسانى لە نەبوونەوە بەدیى دەهێنێت و، هیچ شتێك ناتوانێت بە ئەندازەى گەردیلەیەكیش لەو كارەى كە پێى سپێرراوە لابدات. دەبینیت هەسارە گەڕۆكەكان دەبن بە سوپایەكى گوێڕایەڵى ڕێكوپێك و، گەردیلەكانیش دەبن بە سەربازى ملكەچى فەرمانەكانى ئەو.

جا لەبەر ئەوەى هەموویان بەپێى زانست و توانستى ئەزەلیى ئەو خوایە دەڕۆن و دەجووڵێنەوە، ئەوا نابێ بە چاوێكى سووك و بچووك و گرنگى پێ نەدان سەیرى هیچ كام لەو ئاسەوارانە بكرێت كە بەو توانستە دێنە وجوود، چونكە "مێش"ێك كە سەر بەو توانستە خواییە بێت "نەمروود"ێك لەناو

دەبات و، "مێروولـە"یـەك كۆشـكی "فیرعـەونێك" دەڕووخێنێـت و تـۆوی سنەوبەریش - كە تابلێی بچووكە - ئەو درەختە سـنەوبەرە لەسـەر شـان هەڵدەگرێت كە دەڵێی چیایەكی گەورە و زەبەلاحە!

جا وەك لـە گەلــێ پـەیامدا ئـەم ڕاستییەمان چەسـپاندووە، لێرەشـدا، دووپاتی دەكەینەوە و، دەڵێین:

هـەروەك سـەربازێكی سـەر بـە دەوڵـەت دەتوانێـت بـەهۆی نـهێنیی ئـەو "پەیوەندی بوون"ەی بە دەوڵەتەوە، چەند كارێكی ئەوتۆ ئەنجام بـدات كـە بـە سەدان جاریش لە وزەی خۆی گـەورەتر بێـت، وەك ئـەوەی كـە لـەم ڕێیـەوە سەركردەیەكی گەورەی دوژمن دیل بكات..

بە هەمان جۆر، هەموو شتێكی سەر بەو توانستە ئەزەلییـەی خواوەندیش، سەد هـەزار جـار لـەو هۆكـارە سروشتییانە زیـاتر، دەبێـت بـە سـەرچاوەی موعجیزاتی وردەكاری و سنعەتی خواوەند.

به پوختی:

ئەو وردەكارییـە نـاوازە و ئاسـانییە ڕەهایـەی كـە لـە بەدیـهێنانی هـەموو شتێكدا هـەن، پێكــەوە دەری دەخــەن كــە ئــەو بەدیـهاتووە جێی دەســت و ئاسەوارێكی خوای خاوەن زانستی گەورە و توانستی ئەزەلییە. دەنا شتێكی سەد لە سـەد مەحاڵە و، تەنانەت لـە سنوور و بازنەی ئیمكان بەدەرە كە بە بێ ئەو توانست و زانستە هیـچ شتێك بتوانێت لـە "نەبوون"ەوە بێتـە جیـهانی "بوون"!

بـەم جـۆرە، ئەم بەڵگەیـە كـە تـابڵێی قـووڵ و ورد و تایبەتـمـەندە بـەهێز و ئاشـكرایە، توانیـی "دەروونـی سەركەشـم" دەمكـوت بكـات، كـە بووبـوو بـە قوتابییـەكی كـاتیی شـەیتان و، وەكیلێكـی گومڕایـان و پەیڕەوانـی ڕێـی

فەلسەفە، بە ڕادەیەك كە - سوپاس بۆ خوا - ئیمانێكی دامەزراوی هێنا و، وتی:

بەڵێ، دەبێ من بەدیهێنەر و پەروەردگارێكم هەبێت كە بچووكترین خورپە و خەیاڵەكانی دڵم و نادیارترین پاڕانەوە و ئومێدەكانم ببیستێ و.. خاوەنی دەستەڵاتێكی هێندە ڕەها بێت كە شاراوەترین پێویستییەكانی گیانم جێبەجێ بكات و.. ئەم دنیا گەورەیەش بگۆڕێت بە دنیایەكی تر، تاكو بەختیاریی هەمیشەییشم لەو دوارۆژەدا پێ ببەخشێت، دوای ئەوەی كە ئەم دنیایەی هەڵگرت و دوارۆژی هێنایە جێ..

ئەو پەروەردگارە هەروەك مێشێك بەدی دەهێنێت، ئاسمانەكانیش دروست دەكات.. هەروەك بە چاوی "خۆر" ڕووی گەشی ئاسمانی ڕازاندووەتەوە، بە گەردیلەش بیلبیلەی چاوی منی ڕازاندووەتەوە..

دەنا گەر كەسێك نەتوانێت مێشێك بەدی بهێنێت، هەرگیز ناشتوانێت دەست لە ختوورەی دڵم وەربدات و، گوێی لە نزا و پاڕانەوەكانی گیانم بێت.. ئەو كەسەی نەتوانێت ئاسمانەكان بەدی بهێنێت، ناشتوانێت بەختیاریی هەمیشەییم پێ ببەخشێت.

كەواتە پەروەردگاری من تەنها ئەو كەسەیە كە گوێی لە ختوورەی دڵمە و، تەنانەت ڕێنمایی و چاكسازیی دەكات.

ئەو خوایە هەروەك لە ماوەی یەك سەعاتدا ئاسمان لە هەور پڕ دەكات و پاشان خاڵیشی دەكاتەوە.. هەر ئەو خوایە، ئەم دنیاش دەگۆڕێت بەودنیا و، بەهەشت ئاوەدان دەكاتەوە و دەرگاكانی دەخاتە سەرپشت و، پێم دەفەرموێ:

"وەرە بڕۆرە ژوورەوە"!

دەسا برایانی پیرم!

ئـەی ئـەو کەسـانەی کـە وەك مـن - بـەهۆی بەدبـەختیی دەروونـی سەرکەشـەوە - بەشێکی تەمـەنیان لـە بـە هەڵـەبردنی زانسـتە بیانیـیـەکان و شەوەزەنگی فەلسەفەی تاریکدا بەسەر بردووە!

باش بزانن ئەو فەرمانە قودسـیـیەی: (لا الـه الا هـو) کە هەمیشـە قورئـانی پیرۆز دووپاتی دەکاتـەوە، پایەیـەکی ئیمـانیی هێنـدە ڕاسـت و تونـدوتـۆڵ و دامەزراوە کە هەرگیز لەجێی خۆیدا نابزوێت و جێی پێ لێژ نـابێت، چونکـە هـەموو تاریکییـەك دەڕەوێنێتـەوە و زامـە مەعنەوییـەکانی مرۆڤیـش تیمـار دەکات.

گێڕانـەوەی ئـەم ڕووداوە دوور و درێـژەش لـە نێـوان بابەتـەکانی هیـوا و ئومێدی پیریمدا، بەدەست خۆم نەبوو. بـەڵکو لـە ترسـی وەڕس بوونـی خوێنـەر هەر حەزم لە نووسینیشی نەبوو. بەڵام دەتـوانم بڵێـم: ئەمـە لـە دەسـت خۆمـدا نەبوو، بەڵکو پێم نووسرا!

بەهەر حاڵ.. با بڕۆینەوە سەر باسەکەی خۆمان:

بـەڵێ، نـەفرەتکردنم لـەو ژیانـە ڕازاوە دنیاییـەی ئەستەمبوولـم - کـە لـە ڕواڵەتدا لەزەت و خۆشـحاڵی بـوو - بـەو جۆرە بوو کە باسمـان کـرد و، لـە ئـەنجامی ئـەو ڕوانـین و تێفکرینـەوە بـوو کـە لـە دوای بینینـی تاڵـە مـووە سپییەکانی سەر و ڕیشم و، دوای بێ وەفایی هاوڕێ دڵسۆزەکەم، ڕووی دا.

ئیتر "دەروون"م لە بریی ئەو چێـژە دنیـایی و ماددییانـەی کـە پێشـتر پێیـان خەڵـەتابوو، بە دوای چێژە مەعنەوییـەکاندا دەگـەڕا و، سـۆراخی ئومێـد و نوورێکی بۆ ئەم پیرییە دەکرد کە سـارد و سڕ و قەبە و قورس دەردەکـەوێت لە بەرچاوی بێ ئاگایاندا، تاکـو تین و گەرموگوڕیی پێ ببەخشێت!

هەزاران شوکر و سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ڕێنمایی کردم ئەو چێژە ڕاستەقینە هەمیشەییانە لە: (لا إله إلا هو) و نووری "تەوحید"دا بدۆزمەوە، لە بری ئەو چێژە دنیاییە بێ ئاکامانەی کە هیچ ڕاستی و تامێکیان نییە..

هەروەها سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ڕەزای پیری لە لا شیرین کردم و، لە گەرمایی و ڕووناکیی پیریدا حەواندمیەوە. بە پێچەوانەی پیری گومڕایان کە تاڵێی سارد و سڕ و ڕەزا گرانە!

بەڵێ برایانم!

مادەم ئێوە خاوەنی ئیمانن و، نوێژ و پاڕانەوەشتان هەیە (کە پتر ئەو ئیمانە دەگەشێننەوە و پەرەی پێ دەدەن)!

ئەوا دەتوانن وەك لاوییەکی هەمیشەیی سەیری پیرییەکەتان بکەن، لەو ڕووەوە کە لاوییەکی هەمیشەیی پێ بەدەست دەهێنن. چونکە لە ڕاستیدا پیریی سارد و شڕ و قەپە و تاریك و ناشیرین و ئازاربەخش، تەنها پیریی گومڕایانە، بەڵکو سەردەمی لاویشیان بە هەمان شێوەیە!

کەواتە با هەر ئەوان لە شین و گریاندا بن و، هەر ئەوان ئاخ و داخی کەسەر و حەسرەتیان لێ بەرز بێتەوە و، بڵێن:

بە داخەوە! چیمان بە خۆمان کرد!

بەڵام ئێوەی پیری باوەڕدار و بەرێز دەبێ هەردەم لە شوکرانەی خوای گەورەدا بن و، بەوپەڕی شادی و خۆشحاڵییەوە بڵێن:

"الحمد لله على كل حال"!

□ ئومێدی دوازدەهەم:

لەو کاتەدا کە بە تەنیایی لە "بارلا"ی سەر بە پارێزگای "ئیسپارتە" دەژیام و، بە دەست ئەو دیلییە ئازاربەخشەوە دەتلامەوە کە پێی دەوترێت:

"ڕەهـەندەیی" (دوورخراوەیـی) و، تێکـەڵیی خـەڵکی و تەنانـەت نامـە گۆڕینەوەشـم لەگەڵ هـەر کەسـێکدا لـێ قەدەغـە کرابـوو، سـەرەڕای نەخۆشی و پیری و غەریبیی خۆیشم..

لـەم کاتـەدا کـە مـن گرفتـاری ئـەم حاڵـە بـووم و خـەم و خەفـەتی تاڵـم لـە دەسـت دەچەشـت، نوورێکـی دڵـدەرەوە و درەخشـانم لـە سـەرنج و نهێنیـیـە وردەکانی قورئانی پیرۆزەوە لـێ دەرکەوت، کە خوای گەورە بـە میـهرەبانیی خۆی پێی دەبەخشیم و ڕێی پێ ڕووناك دەکردەوە بۆم.

منیش تێدەکۆشام کـە بـە هـێزی ئـەو نـوورەوە ئەشـکەنجە و بارودۆخـە ئازاربەخشەکەم لە بیری خـۆم بەرمـەوە، بە ڕادەیـەك کـە توانیـم لـەو ڕێیـەوە شـار و خزمـان و خۆشەویسـتانم لـە بـیر بچێتـەوە، تەنـها یـەکێك لـەو خۆشەویستانە نـەبێت کـە - بـە داخـەوە - هـەرگیز لـە یـادم نـەچوو، ئـەویش "عەبدوڕڕەحمان"ی برازام بوو.. کە لە ڕاستیدا کوڕی مەعنـەوی و هـاوڕێی ئازا و قوتابیی دڵسۆزم بوو، نزیکەی حەوت ساڵیش دەبوو لێـك دابڕابوویـن. نەمدەزانی لـە کوێیـە تـا بە هـەر جۆرێـك بـووە نامـەی بـۆ بنـێرم و قسـەی لەگەڵدا بکەم و، پێکەوە هاوبەشی خەمی یەکتر بین. هەروەك ئەویش جێگـای منی نەدەزانی هەتا بێت بۆ لام و بۆ دڵدانەوە و خزمەتکردنم لـێ بپرێت..

بەڵێ، لـەم پیرییـەمدا گەلـێ پێویستم بە یەکێکی تێکۆشەر و ڕاسـت و ڕاستگۆی وەك "عەبدوڕڕەحمان" هەبوو!

ڕۆژێکیان لە ناکاودا نامەیەکیان دایە دەستم.. هەر کە هەڵم پچڕی سـەیر دەکەم ئەم نامەیە کەسێتیی "عەبدوڕڕەحمان"ی بە تەواوی پێوە دیارە.

(بەشێك لەو نامەیە لە مـەکتووبی بیسـت و حەوتـەمدا دانـرا، بـە شێوەیەك کە سێ کەرامەت دەردەخات).

لە ڕاستیدا ئەم نامەیە زۆر گریاندمی و تا ئێستاش هەر دەمگریێنێت! چونکە "عەبدورڕەحمان" لەم نامەیەدا دەری بڕیبوو کە بە تەواوی دەستی لە چێژە دنیاییەکان و لە هەموو خۆشی و لەزەتێکی هەڵگرتووە و، نووسیبووی کە ئەوپەڕی ئاواتی ئەوەیە بگاتە لای من و لە پیریمدا چاودێریم بکات هەروەك من لە کاتی منالّیی ئەودا چاودێریم دەکرد. تاکو بە قەڵەمە کارامەکەی لە کارمەندی و ئەرکی ڕاستەقینەی ئەم دنیایەمدا یارمەتیم بدات، کە بریتی‌یە لە بڵاوکردنەوەی ڕاز و نهێنی‌یەکانی قورئانی پیرۆز. جگە لەمەش داوای "سی" پەیامی کردبوو کە بۆی بنێرم تاکو بە خۆی و یارمەتیدەرانیەوە لە هەریەکەیان "سی" دانە بنووسنەوە!

ئەم نامەیە بە هیوایەکی توندوتۆڵ منی بە دنیاوە بەستەوە و، لەبەر خۆمەوە دەموت:

(وا من قوتابیی دڵسۆز و ئازا و زیرەك و بەوەفای خۆم دۆزی‌یەوە، ئەو کەسەی کە پەیوەندیی نێوانمان لە پەیوەندیی نێوان باوك و کوڕ گەلێ بەهێزتر بوو. وا دۆزیمەوە و، ئاشکراشە کە دێت بۆ لام بۆ چاودێری کردنم).

ئەم هیوایە هەرچی ئازاری دیلی و تەنیا بالّی و غەریبی و پیری بوون، هەموویانی لە بیر بردمەوە!

ئەم نامەیە ئیمانێکی گەلێ درەخشان و بەهێزی پێوە دیاربوو. وەك بڵێی کاتێ "عەبدورڕەحمان" نووسیویەتی چاوەڕێی ئەجەلی خۆی کردووە! چونکە لەو ماوەیەدا نوسخەیەکی لە "وتەی دەهەم - پەیامی حەشر" دەست کەوتبوو کە سەبارەت بە (ئیمان بە ڕۆژی دوایی) دەدوێت و چاپم کردبوو. جا ئەو پەیامە بە وێنەی مەڵهەمێك هەموو زام و برینە مەعنەوی‌یەکانی ماوەی حەوت ساڵی ڕابوردووی ئەوی تیمار و ساڕێژ کردبوو.

لە پاش نزیکەی دوو مانگ کە من لەم هیوایەدا دەژیام و، چاوەڕێی گەیشتنی "عەبدوڕڕەحمان" بووم، تاکو پێکەوە ژیانێکی پڕ لە بەختیاری لە دنیادا بەرینە سەر، کەچی لە ناکاودا دەنگوباسی مردنی هات!!

ئەم دەنگ و باسە وەها ڕاپتەکاندم کە تا ئێستا و بە درێژایی ئەم پێنج ساڵەی مردنیشی، هێشتا کاریگەری و خەفەتی هەر لە دڵمدا ماوە و، ئازار و پەژارەیەکی هێندە زۆری بۆ بەجێ هێشتم کە لەو دیلی و تەنیابالی و غەریبی و پیری و نەخۆشییەی تیایاندا دەتلامەوە گەلێ زۆرتر و زیاتر بوو!

پێشتر دەموت: (نیوەی دنیا تایبەتییەکەی خۆم بە مردنی دایکم لەدەست دەرچوو). کەچی وا ئێستا نیوەکەی تریشی بە مردنی "عەبدوڕڕەحمان" تەواو بوو، کەواتە ئیتر من هیچ پەیوەندییەکم بە دنیاوە نەماوە!

بەڵێ، ئەگەر "عەبدوڕڕەحمان" لە ژیاندا بمایە، لە دنیادا دەبوو بە جەمسەرێك بۆ کارمەندییەکەی سەر بە دواڕۆژم و، دوای خۆیشم دەبوو بە باشترین جێگەدارم و، لە ماوەی دنیاشدا هاوڕێیەکی بە وەفا دەبوو بۆم و، دڵم پێی دەکرایەوە و، دەبوو بە ئەمیندارێکی دڵسۆز و قوتابییەکی زیرەکی "پەیامەکانی نوور".

بەڵێ، کۆچی دوایی "عەبدوڕڕەحمان" سەبارەت بە کەسێکی وەك من - وەك مرۆڤێك - لە دەستچوونێکی ئازاربەخش و دڵ سووتێنەرە!

خۆ هەرچەندە هەوڵێکی سەرومڕم دەدا بۆ ئارامگرتن و خۆڕاگری، کەچی ڕووبەڕووی زریانێکی هێندە بەتین وتەوژم بووبوومەوە کە هەموو سووچ و قوژبنێکی گیانمی گرتبووەوە. خۆ ئەگەر ئەو دڵدانەوانە نەبوونایە کە هەندێ جار لە نهێنییەکانی قورئانی پیرۆزەوە دەهاتنە فریام، ئەوا کەسێکی وەك من هەرگیز بەرگەی ئەو گەردەلوولەی نەدەگرت و، ئارامی لا هەڵدەگیرا و، بە تەواوی ئۆقرەی لەبەر دەبڕا!!

هەر بەم خەفەت و ئازارانەوە، هەندێ جار دەڕۆشتم بۆ ناو هەردوو شاخە چۆڵەکانی "بارلا" و لەوێ بە گۆشەگیری و تەنیایی دادەنیشتم و، بە وێنەی فیلمی سینەما تابلۆ جوانەکان و دیمەنە نیانەکانی ئەو ژیانی بەختەوەرییەم بە پێش چاودا دەهات و دەڕۆشت کە لەگەڵ قوتابییەکانمدا - لە کەسانی وەك عەبدورڕەحمان - بردبوومەسەر. جا هەرکات ئەو تابلۆیانە لە بەردەم ئەندێشەمدا تێدەپەڕین، هەست ناسکیی پیری و غەریبیم ئەوەندەی تر لە هێزی بەرگریی کەم دەکردمەوە و، پتر ورەی دەڕووخاندم و، زیاتر هەستی دەبزواندم!

بەڵام لە ناکاودا یەکێك لە نهێنییەکانی ئایەتی: ﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلاَّ وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُون﴾ (القصص:٨٨) هێندە بە ئاشکرا و ڕوونی لە ڕووی دڵمدا دەرکەوت کە هانی دام دوو جار "يا باقي أنت الباقي" لەبەر خۆمەوە دووپات بکەمەوە و، بەمەش دڵم بە تەواوی کرایەوە.

بەڵێ، بەهۆی نهێنی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە و، لە نێوان ئەو هەردوو شیوە چۆڵەدا و، لەگەڵ ئەو دەروونە پڕ ئازارەدا، خۆمم لە لای سەرووی سێ تەرمی گەورەدا بینییەوە، وەك لە پەیامی "پلیکانەی سوننەت"دا ئاماژەم بۆ کردووەوە:

یەکەم: خۆمم وەك کێلی گۆڕێك هاتە پێش چاو، کە پەنجا و پێنج سەعیدی مردووی ماوەی ژیانی منی تێدا ئەسپەردەی خاك کرابوون، بە درێژایی تەمەنم کە خۆی لە پەنجا و پێنج ساڵ دابوو!

دووهەم: خۆمم بە وێنەی زیندەوەرێکی بچووکی وەك "مێروولەیەك" دەبینی کە بەسەر ڕووی ئەم چەرخەدا دەڕۆشت، کە لە جێی کێلی گڵکۆی تەرمە گەورەکەی گرۆی مرۆڤە، هەر لە ئادەم پێغەمبەرەوە - دروودی لەسەر بێت - تا دەگاتە ئێستا.

سێهەم: بەهۆی نهێنیی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە مردنی ئەم دنیا گەورەیەم لە پێش چاودا بەرجەستە بوو، وەك ئەوەی کە هەموو ساڵێك - بە وێنەی مردنی مرۆڤ - چەندین دنیای گەڕۆك دەمرێت و بە تازەبوونەوەی ساڵ، ساڵی پێشوو کۆچ دەکات.

کاتێ کە من لەم حاڵەدا بووم، واتا ئاماژەییەکەی ئایەتی: ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللهُ لا إِلَهَ إِلاّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ﴾ (التوبة:١٢٩) هات بە فریامەوە و، نوورێکی نەکوژاوەی هێنا بە هانامەوە و، ئەو خەم و پەژارە زۆرەی کە لە مردنی "عەبدوڕڕەحمان"ەوە تووشم بوو هەمووی ڕەواندەوە و، دڵنەوایی ڕاستەقینەی پێ بەخشیم.

بەڵێ، ئەم ئایەتە پیرۆزە پێی سەلماندم کە مادەم خوا هەیە، ئیتر ئەو خوایە جێی هەموو شتێکمان بۆ دەگرێتەوە و، بوونی ئەو سەروزیادی بوونی هەموو شتێکی ترە. چونکە دەرکەوتنی چاودێری و عینایەتێکی ئەو جێی هەموو جیهان دەگرێتەوە و، تاقە تیشکێکی نووری ئەویش ژیانێکی وا بەو سێ تەرمە دەبەخشێت کە دەری دەخات ئەوانە تەرم نین، بەڵکو بریتین لەوانەی کە ئەرکی فەرمانبەرییان لەم سەرزەوییەدا کۆتایی پێ هێناوە و بۆ جیهانێکی تر کۆچیان کردووە.

لەبەر ئەوەی ئەم نهێنی و حیکمەتەمان لە "بریسکەی سێهەم"دا ڕوون کردووەتەوە، بە پێویستی نازانم لێرەدا زیاتر ڕوون بکرێتەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە:

ئەو شتەی بوو بەهۆی ڕەوینەوەی سەرجەمی داخ و خەفەتە زۆرەکانم تەنها دووپات کردنەوەی دوو جارەی "يا باقي أنت الباقي" بوو، کە واتای ئایەتی پیرۆزی: ﴿كُلُّ شَيْءٍ هالِكٌ إِلاّ وَجْهَهُ﴾ لێك دەداتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، دەڵێم:

کاتێ کە بۆ یەکەم جار "یا باقي أنت الباقي"م وت، هەستم کرد بە وێنەی نەشتەرگەری لە دەروونمدا تیماری ئەو برینە مەعنەوییە زۆرانە دەکرێت کە بەهۆی تەواو بوونی دنیا و کۆچ کردنی خۆشەویستانی وەك "عەبدوڕڕەحمان"ەوە لە دڵمدا پەیدا بووبوون..

بەڵام بۆ جاری دووهەم ڕستەی: "یا باقي أنت الباقي" بوو بە مەڵهەمێك و گشت ئەو برینانەی بۆ ساڕێژ کردم. ئەویش بە تێڕامان لەم واتایەی خوارەوە:

(کێ دەڕوات با بڕوات! خۆ تۆ هەر دەمێنیتەوە! تاقە درەوشانەوەیەکی میهرەبانیی تۆ سەروزیادە بۆ هەموو شتێکی فانی و بڕاوە. هەروەها مادەم تۆ هەیت، ئیتر ئەو کەسەی کە بەهۆی باوەڕهێنانی پێت و گوێڕایەڵیی بۆ ئایینەکەت - کە ئیسلامە - پەیوەندیی بە تۆوە هەیە، لە هیچ شتێکی کەم نییە و هەموو شتێکی هەیە. نەمان و ڕۆیشتن و مردن و نەبوونیش، هەموویان پەردەی تازەکردنەوە و هۆکاری گەشت و گوزارن بەناو چەندین جێ و شوێنی جیاجیادا)!

ئیتر بەم بیرکردنەوەیە، ئەو حاڵەتە ڕۆحییە خەفەت بەخش و سامناك و تاریك و سووتێنەرانەم نەمان و، خۆشحاڵییەکی ڕووناك و بەلەزەت و خەمڕەوێن جێی گرتنەوە و، ئنجا دڵ و زمانم و تەنانەت هەموو خانە و گەردیلەیەکی جەستەشم - بە زمانی حاڵ - دەستیان کرد بە وتنی: "الحمد لله" و سوپاسکردنی خوای گەورە.

یەك لە هەزارانی ئەو تیشکی میهرەبانییەی خواوەندم بەم جۆرەی خوارەوە لێ دەرکەوت:

کاتێ بەو خەم و پەژارانەوە لە خەفەتگای ئەو هەرد و شیوانەوە گەڕامەوە بۆ "بارلا"، لاوێك بە ناوی: "مستەفا قولە ئونلی" هات بۆ لام و، چەند پرسیارێکی فیقهیی دەربارەی نوێژ و دەستنوێژەوە ئاراستە کردم..

خۆ هەرچەندە من لەو کاتانەدا پێشوازیم لە هیچ میوانێك نەدەکرد، کەچی وەك ئەوەی ڕۆحم "ئیخلاس"ی ناو ڕۆحی ئەو لاوەی خوێندبێتەوە و "بە هەستی پێش ڕوودان" هەستی بە ئایندەی ئەم لاوە و خزمەتگوزارییەکانی بۆ پەیامەکانی نوور[1] کردبێت، پێشوازیم لێ کرد و، بە میوانێکی خۆم وەرم گرت[2].

---

(١) "عەلی‌یە بچکۆلە"ی برای ئەم "مستەفا"یە بە ڕاستی سەلماندی کە "عەبدورڕەحمان"ێکە بۆ خۆی! چونکە بە تەنها خۆی و بە قەڵەمە جوان و کارامەکەی حەوت سەد نوسخەی لە پەیامەکانی نوور نووسی‌یەوە. جگە لەوەی کە چەندین "عەبدورڕەحمان"یشی پێگەیاند. (دانەر)

(٢) بەڵێ، دەرکەوت ئەم لاوە نەك هەر شیاوی وەرگرتنە، بەڵکو شایستەی پێشوازی لێ کردنیشە(*). (دانەر)

(*) (ئەمەی خوارەوە ڕووداوێکە بۆ دەرخستنی ڕاستیی ئەو فەرمایشتەی مامۆستام دەیگێڕمەوە کە دەڵێت: مستەفا - کە یەکەم قوتابیی پەیامەکانی نوورە - شایستەی پێشوازی لێ کردنە:

ڕۆژێك لە پێش "عەرەفە"دا مامۆستا ئارەزووی لە گەشت و گەڕان بوو. لەبەر ئەوە، منی نارد تاکو ئەسپێکی بۆ ئامادە بکەم. منیش پێم وت: تۆ مەیەرە خوارەوە بۆ داخستنی دەرگاکە، من دایدەخەم و لە دەرگای پشتەوە دەڕۆمە دەرەوە. وتی: نەخێر، هەر لەو دەرگایەوە بچۆرە دەرەوە، ئیتر کە من دابەزیم ئەویش لەگەڵمدا دابەزییە خوارەوە و کە من ڕۆشتمە دەرەوە دەرگاکەی بە کیلۆن داخست و سەرکەوتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی بۆ پاڵکەوتن.

پاشان ئەم "مستەفا"یە لەگەڵ حاجی عوسماندا هاتبوون. مامۆستاش لەو کاتانەدا، بە تایبەتی دوو میوانیش، زۆر دوور بوو ئیزنیان بدات بڕۆن بۆ لای.. بەڵام ئەم "مستەفا" ناوبراوە هەر کە گەیشتبووە لای دەرگاکە، لەو دەرگایە بە زمانی حاڵ پێی وت: مامۆستام ناساغە و توانای میوانداریی نی‌یە، بەڵام من خۆم دەکەمەوە بۆت! ئیتر ئەو دەرگا داخراوە کرایەوە لێی!

بەڵێ، فەرمایشتەکەی مامۆستام گەلێ ڕاستە کە دەڵێت: "مستەفا شایستەی پێشوازی و وەرگرتنە". چونکە هەروەك ئایندە شایەتیی لەسەر ئەم ڕاستی‌یە دا، دەرگای خانووەکەشی بە هەمان جۆر ئەو شایەتی‌یەی دا)! (خەسرەو).

پاشــان بـۆم دەرکــەوت کــە خــوای گــەورە ئــەم لاوەی لــە بریــی "عەبدوڕڕەحــمان"ی جێگـەداری ڕاستەقینەم پێ بەخشــیوم و، کــردی بــە هـەوڵـدەری بێ وچانی ڕێگای خزمەتکردنی "پەیامی نوور".

خوای گەورە ناردنی ئەم "مستەفا"یەی کرد بە نموونەیەك بۆ بەخشینی "سی" کەس لە هاوچەشنی "عەبدوڕڕەحمان"!

وەك بڵێی خوای گەورە بفەرموێ:

من تەنـها "عەبدوڕڕەحــمان"ێکم لــێ سەندیتەوە، بەڵام لــە بریـی ئـەو، چەندەها کەسی وەك ئەم لاوەت دەدەمێ کە بێ وچان لـەو فەرمانبەریـیـە ئاییـنیـیە بەرزەدا هەوڵ دەدەن و، بـۆت دەبن بە چـەند قوتابیـیـەکی بە وەفـا و برازای دڵسۆز و کوڕی مەعنەوی و برایانی بـەڕێز و هـاوڕێی گیـانفیدا و تێکۆشەر.

بەڵێ، زۆر سوپاس بۆ ئەو خوایە، چونکە سی دانە "عەبدوڕڕەحــمان"ی وەك ئەم لاوەی پێ بەخشیم!

لەم کاتەدا ڕووم کردە دڵم و پێم وت:

(ئەی دڵی بریندار و چاو پڕ لە فرمێسکم!

خۆ بە چاوی خۆت ئەم نموونەیەت بینی و، برینە ناسۆرە شاراوەکانت پێ تیمار کرد. کەواتە ئۆقرە بگرە و، دڵنیابـە کـە هـەر ئەو خواوەنـدە سـەرجەمی برینەکانی تریشت بۆ ساڕێژ دەکات و لە ئازاریان ڕزگارت دەکات).

ئەی خوشك و برایانی پیرم!

ئەی ئەو کەسـانەی کـە - وەك مـن - لـە پیریدا خۆشەویستترین منـاڵ و ڕۆڵەی خۆیان لەدەست چووە، یان خزمێکیان کۆچی ماڵئاوایی کردووە!

(ئەمەی کە خەسرەو نووسیویەتی ڕاستە و، دەرگـای خانووەکـەم لـە بریـی مـن "مسـتەفا"ی وەرگرت و پێشوازیی لێ کرد)! (دانەر)

ئەی ئەو کەسەی کە "پیری" ئەرکی سەرشانی قورس کردووەو، لەگەڵ ئەوەشدا ناڵەو خەفەتی جودایی لەسەر خۆی کۆکردووەتەوە!

وا بۆ خۆتان حاڵی پەرێشانی منتان زانی و بۆتان دەرکەوت کە هەرچەند ئەو حاڵەی من بە چەندین جار لەو بارە ناسۆر و پەشێوەی ئێوە زیاتر و بەهێزتر بوو، کەچی ئەم ئایەتە پیرۆزە هات بە فریا و هانامەوەو، بە ئیزنی خوای گەورە هەموو پەرێشانی و زامەکانی منی ساڕێژ کرد..

خۆ گومانی تێدا نی‌یە کە دەرمانخانە پیرۆزەکەی قورئانی پیرۆز پڕە لە چارەسەر و دەرمانی هەموو نەخۆشی‌یەکانتان. جا ئەگەر توانیتان لە ڕێی "ئیمان"ەوە سەری لێ بدەن و، بە "پەرستش" تیماری خۆتان بکەن، ئەوا بێ‌هیچ گومانێك قورسی و خەم و خەفەتەکانی پیری لەسەر شانتان دەرەوێنێتەوە.

هۆی درێژەدانیش بە نووسینی ئەم باسە، تەنها بۆ ئەوەیە کە تکای دوعای خێر و زۆرتان لێ بکەم بۆ "عەبدوڕڕەحمان"ی خوالێخۆشبوو. هیوادارم لە دوور و درێژی‌یەکەی بێزار نەبن.

مەبەستیشم لە گێڕانەوەی زامە سامناکە ناسۆرەکەم بەم شێوە پڕ لە خەفەت و ئازارە – کە لەوانەیە زامی ئێوەش بکولێنێتەوە – تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی شیفای بێ وێنە و نووری درەخشانی دەرمانەکانی قورئانی پیرۆزە.

☐ ئومێدی سیازدەهەم:[1]

لەم ئومێدەدا لە بارەی یەکێك لە تابلۆ گرنگەکانی بەسەرهاتی ژیانم دەدوێم. تکام وایە دوور و درێژی‌یەکەی بێزارتان نەکات.

---

(١) ڕوودانی کارەساتی ئەو قوتابخانەیەی کە لەم ئومێدی سیازدەهەمەدا باس‌کراوە، پێش سیازدەساڵ ڕووی داوە. ئەمەش "تەوافوق"ێکی جوانە! (دانەر)

دوای ئەوەی کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە دیلیی ڕووسەکان دەرباز بووم و گەڕامەوە بۆ ئەستەمبووڵ، نزیکەی سێ ساڵ بۆ خزمەتکردنی ئایین لە "دار الحكمة الإسلامية"دا مامەوە..

بەڵام بە ڕێنمایی قورئانی پیرۆز و، هیممەتی شێخی گەیلانی و، بێداربوونەوەم بە پیری، لە ژیانی شارستانیی ئەستەمبووڵ بێزار بووم و ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە ڕەنگینەم لێ بێزرا. ئنجا ئەو تاسەمەندییەش پێی دەوترێت "دەردی غەریبی" هانی دام کە بڕۆمەوە بۆ شارەکەم. چونکە دەموت: مادەم هەر دەمرم، دەبا لە شارەکەی خۆمدا بمرم! بەم جۆرە ڕۆشتمەوە بۆ "وان".

لەوێ پێش هەموو شتێك ڕۆشتم بۆ سەردانی قوتابخانەکەم کە ناوی "خوڕخوڕ" بوو.

بینیم لە دەمی داگیرکردنی ئەم شارەدا لە لایەن ڕووسەکانەوە، ئەرمەنەکان قوتابخانەکەم و خانووەکانی ئەم شارەیان سووتاندووە!

ئنجا سەرکەوتمە سەر قەڵا بەناوبانگەکەی "وان" کە تاشە بەردێکی زەبەلاحە و قوتابخانەکەم ڕاستەوخۆ لە تەنیشت و داوێنی ئەو قەڵایەدا بنیات نرابوو..

لەم کاتەدا تارمایی هاوەڵ و برایانی ڕاستەقینەم، لە قوتابیانی قوتابخانەکەم، بە پێش چاودا دەهات و دەچوو کە حەوت ساڵ بوو بەجێم هێشتبوون!

ئەوەبوو دوای ڕوودانی ئەو کارەساتە سەخت و ناهەموارە، هەندێ لەو هاوڕێ گیانفیدایانەم لە ڕاستیدا شەهید بووبوون و، هەندێکی تریشیان پلەی شەهیدی مەعنەوییان بەدەست هێنابوو. کە ئەمەم دی، خۆم پێ ڕانەگیرا و بەکوڵ دامە گریان!

پاشان ڕۆشتمە سەر لوتکەی ئەو قەڵایە، کە بە ئەندازەی هەردوو منارەکە بەرز بوو و بەسەر قوتابخانەکەمدا دەیڕوانی. لەوێ دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە و تێڕامان..

جا لەبەر ئەوەی من لەوێ تەنیا بووم و، هیچ شتێکیش نەبوو ڕێی یادکردنەوەی ئەو ڕۆژگارانەم لێ بگرێت و، لە خۆیشمدا ئەندێشەم بەهێزە.. ئەوا بە بیر و ئەندێشەم گەڕامەوە بۆ هەشت ساڵ پێشتر و یادی ئەو کاتانەم کردەوە کە لەوێ بەسەرم بردبوون..

بینیم لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا گۆڕانێکی گەلێ گەورە بەسەر ئەم شارەدا هاتووە! تەنانەت هەر کە چاوم دەکردەوە هێندە گۆڕانکاریم بەدی دەکرد کە دەتوت چەرخێك بە خۆی و ڕووداوەکانیەوە بەسەر ئەم شارەدا تێپەڕیوە! چونکە سەنتەری ئەم شارە مەزنەی دەوراندەوری قوتابخانەکەم - کە لە تەنیشتی ئەو قەڵایەدا بوو - سەرانسەر سووتێنرابوو، یان بە تەواوی کاول کرابوو!

ئنجا بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە سەیرێکی ئەم دیمەنەم کرد و خەفەتێکی گەلێ زۆرم پێ خوارد، چونکە جیاوازییەکی یەکجار گەورەم لە نێوان ئێستا و ئەوسای ئەم شارەدا دەبینی! وەك بڵێی دوو سەد ساڵی ڕەبەقی بەسەردا تێپەڕ بوو بێت!

زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئەم خانووانەیان ئاوەدان کردبووەوە دۆست و خۆشەویست و ئازیزانی من بوون. کەچی وا ئێستا هەندێکیان بە کۆچ کردنیان لەم شارە، تیاچوون و تاڵیی کۆچکردنیان چەشت، خوای گەورە بە سۆز و میهرەبانیی خۆی لە هەموویان خۆش بێت. چونکە جگە لە گەڕەکی ئەرمەنەکان، سەرانسەری شار و سەرجەمی خانووی موسڵمانەکان کاول کرابوو!!

ئەوەندە لە ناخی دڵمەوە خەفەتم بەو دیمەنە خوارد کە ئەگەر هەزار چاوم بوایە بە هەر هەموویان فرمێسکم هەڵدەڕشت!

پێشتر وام دەزانی بە گەڕانەوەم بۆ شارەکەم لە غەریبی ڕزگارم دەبێت. کەچی - بە داخەوە - دڵتەزێنترین جۆری غەریبیم لە شارەکەی خۆمدا بەدی کرد!

چونکە بە سەدان کەسم دەبینی لە قوتابی و خۆشەویستانی وێنەی "عەبدوڕڕەحمان"ی ناوبراو لە ئومێدی دوازدەهەمدا لەوانەی کە پەیوەندییەکی ڕۆحیی توندوتۆڵمان لە نێواندا بوو، دەمبینی هەموویان کەوتوونەتە ژێر خاك و داروپەردووی کەلاوەی ئەم شارە و، تەنها شوێنەواری خانووەکانیان نەبێ هیچی تریان بەرچاو ناکەوێت!

لە بەردەم ئەم تابلۆ خەمناکەدا، ناوەرۆکی ئەو وتەیەم لەبەرچاودا بەرجەستە بوو کە لە مێژە لە یادم ماوە و زووتر بە تەواوی لێی تێ نەدەگەیشتم، کە دەڵێت:

لولا مفارقةُ الأحبابِ ما وَجَدَتْ لـها المنـايا إلى أرواحِنا سُبُلاً(١)

واتە زۆربەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەفەوتێنن: جودایی خۆشەویستانە!

بەڵێ، هیچ شتێك بە وێنەی ئەم کارەساتەی باسم کرد، ئازاری نەداوم و نەیخستوومەتە گریان! خۆ ئەگەر یارمەتیم لە "قورئانی پیرۆز" و "ئیمان"ەوە بۆ نەهاتایە، ئەوا ئەو خەم و پەژارانە سەروزیادی ئەوە بوون گیانم بکێشن!

بە چاوی خۆم تابلۆی خەمناکی ئەو جوداییەم دی کە هەر لە کۆنەوە شاعیران کاتێ مەنزڵگای دێرینی خۆشەویستانیان بەسەر دەکردەوە، دەیانبینی و فرمێسکیان بۆ هەڵدەڕشت.

---

(١) شیعری موتەنەبییە. بڕوانە: (دیوان المتنبي) ص١٧ نشر دار الجيل - بيروت. (وەرگێڕ)

ئیتر هاودەم لەگەڵ "چاو"مدا "دڵ" و "گیان"یشم بە وێنەی کەسێك پاش دووسەد ساڵ گەڕابێتەوە بۆ شوێنەواری مەنزڵگای خۆشەویستانی، بە کوڵ دەستیان دایە پڕمەی گریان!

لەم کاتەدا بە وێنەی دیمەنەکانی فیلمی سینەما، یەك لە دوای یەکی لاپەڕە جوان و بەلەزەتەکانی ژیانی ڕابوردووم بە پێش چاودا دەڕۆشت، هی ئەو ژیانە شادەی کە بۆ نزیکەی بیست ساڵ لەگەڵ قوتابییە بەڕێزەکانمدا و هەر لەم جێگایەدا بردبوومە سەر کە پێشتر شوێنێکی ئاوەدان و خۆش و پڕ لە شادمانی بوو، کەچی وا ئێستا جگە لە کەلاوە و شوێنەوار هیچی تری لێ بەدی ناکرێت!

کاتێکی زۆرم لە تێڕامان و سەرنجدانی ئەو تابلۆیانەی ژیانم بردە سەر. هەر لەو کاتەدا سەرم لە خەڵکی ئەم دنیایە سووڕ دەما کە چۆن خۆیان دەخەڵەتێنن و، بە چییەوە خۆیان دەستخەڕۆ کردووە، کەچی ئەمەش حاڵی دنیایە و، مرۆڤ تیایدا لە ڕێبوار و میوانێك زیاتر هیچی تر نییە!

هەروەك بە چاوی خۆم مەودای ڕاستیی ئەو وتەیەی ئەهلی حەقیقەتیشم بینی کە دەڵێن: "دنیا غەددارە.. فێڵبازە.. فانییە.. پێی مەخەڵەتێن"!

هەروەها بۆم دەرکەوت کە مرۆڤ چۆن پەیوەندیی لەگەڵ لەش و ماڵ و منداڵی خۆیدا هەیە، بە هەمان جۆر پەیوەندی لەگەڵ شار و وڵات و تەنانەت دنیاکەشیدا هەیە.

لەم کاتەدا کە دەمویست بە چاوەکانم بۆ پیریی خۆم تێر بگریم، دەشمویست بە "دە" چاو نەك تەنها بۆ پیری بەڵکو بۆ مردنی قوتابخانەکەم بگریم، تەنانەت هەستم دەکرد کە پێویستم بە "سەد" چاو هەیە تاکو پێیان بگریم بۆ شارە جوانە لە مردوو چووەکەم!

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە کە دەفەرموێ:

هەموو سەر لە بەیانی‌یەك فریشتەیەك بانگ لە خەڵكی دەكات و دەڵێت:

"لدوا للموت و ابنوا للخراب"[1]!

لەم كاتەدا ڕاستیی ئەم فەرموودەیەم نەك بە گوێ، بەڵكو بە چاو دەبیست!

جا هەروەك ئەو بارە ناهەموارە منی لەو كاتەدا خستە گریان، وا بیست ساڵە خەیاڵیشم هەر فرمێسك هەڵدەڕێژێت كە یادی ئەو كارەساتە دەكاتەوە!

بەڵێ، ڕووخانی خانووەكانی سەر لوتكەی ئەو قەڵایە كە هەزاران ساڵە ئاوەدانە و، پیربوونی شارەكەی ژێر قەڵاكە لە ماوەی هەشت ساڵدا كە دەڵێی هەشت سەد ساڵی ڕەبەقی بەسەردا تێپەڕ بووە و، مردنی قوتابخانەكەم - لە داوێنی قەڵاكەوە - كە جموجووڵ و ترپەی ژیانی لێ دەهات و كۆگای خۆشەویستان بوو..

هەموو ئەمانە، ئاماژە بۆ مردنی قوتابخانە ئایینی‌یەكانی دەوڵەتی عوسمانی دەكەن و، مەزنیی مەعنەویی تەرمە گەورەكەیان پیشان دەدەن، تەنانەت ئەم قەڵایە - كە تەنها یەك تاشە بەردی گەورەیە - بووە بە كێلی گڵكۆی هەموویان! دەمبینی قوتابیانی پێش هەشت ساڵی ئەم قوتابخانەیەم - خوا لێیان خۆش بێت - لەناو گۆڕەكانیاندا هاودەم لەگەڵ مندا دەگرین! تەنانەت خانووە هەڵوەشاوەكانی شارەكە و دیوارە ڕووخاوەكان و بەردە پەرتەوازەكانیشم دەبینی هاوبەشی خەفەت و گریانم بوون!

بەڵێ، هەرشتێكم دەبینی وامدەزانی لەگەڵ مندا دەگری! ئیتر تێگەیشتم كە ناتوانم لەوە زیاتر ئەم غەریبی‌یە لە شارەكەمدا هەڵبگرم! بۆیە هاتمە سەر ئەوەی كە یان بڕۆم بۆ لای ئەو ئازیزانە لەناو گۆڕەكانیاندا.. یان بڕۆمە

(١) رواه البيهقي في الشعب من حديث عن أبي هريرة والترمذي مرفوعاً، وأبو نعيم في الحلية عن أبي ذر مرفوعاً، وأحمد في الزهد عن عبدالواحد قال: قال عيسى عليه السلام، فذكره (الدرر المنتثرة) وانظر كشف الخفاء (٢٠٤١). (وەرگێڕ، لە چاپە عەرەبی‌یەكەوە)

ئەشکەوتێکەوە، هەتا منیش لەوێ بۆ خۆم وەك ئەوان دەمرم! چونکە دەموت: "مردن" گەلێ باشترە لەم جودایی و لێکدابڕانانەی کە لەم دنیایەدا دێنە ڕێی مرۆڤ و لە ڕادەیەکدان هەرگیز ئارامیان لەسەر ناگیرێت و، ئازار و زامیشیان لە پلەیەکی وەهادایە کە ناتوانرێت بەرگری بکرێت.

لە ناو ئەم پەژارانە چاوم بە هەر شەش لای خۆمدا گێڕا، کەچی لە تاریکی زیاتر هیچی ترم تێدا بەدی نەکرد. ئەو پەژارە و ئێش و ئازارە قورسانە دووچاری "بێ ئاگایی"یان کردم و.. ئەو بێ ئاگاییەش دنیای سامناك و چۆڵ پیشان دام؛ دەتوت هەر ئێستا دنیام بەسەردا دەڕووخێت!

لەو کاتەدا "گیان"م لەناو ئەم هەموو بەلا و گیروگرفتە زۆرانەی کە شێوەی دوژمنیان لەخۆ گرتبوو، بە دوای پشت و پەنایەکدا دەگەڕا تاکو پشتی پێ ببەستێ و، چاوی بۆ یارمەتیدەرێك دەگێڕا کە بتوانێت ئارەزووە لە ژمارە نەهاتووەکانی بۆ بهێنێتەدی کە هێندە زۆرن تا "ئەبەد" کۆتاییان نایەت..

لەو کاتەدا کە "گیان"م بە دوای ئەو "پشتیوان" و "یارمەتیدەر"ەدا دەگەڕا و، چاوەڕوانی دڵدانەوە و دەروویەکی دەکرد کە لێی بکرێتەوە سەبارەت بەو خەم و خەفەتە زۆرانەی کە ئەنجامی کاولکاری و لێکدابڕان و جودایییە بێ سنوورەکان بوون.. ئا لەو کاتەدا، ڕاستیی ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز بە ڕوونی لە بەردەم دیدی ئەندێشەمدا دەرکەوت کە دەفەرموێ:

﴿سَبَّحَ لله مَا فِي السَّموات والأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ۞ لَهُ مُلْكُ السَّموات والأَرْضِ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ عَلى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (الحديد: ١-٢)..

ئیتر لەو ئەندێشە ئازاربەخشە و لە ئازارەکانی جودایی و لێکدابڕان ڕزگاری کردم و، چاوی سەر و بینایی دڵی کردمەوە.

دوای ئەوەی کە حەقیقەتی ئەم ئایەتە پیرۆزە هات بە هانامەوە، ئاوڕم لە درەختە بەردارەکان دایەوە، بینیم بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە بۆم دەڕوانن و، پێم دەڵێن:

تەنها سەیری ئەو شوێنەوارە ڕووخاوانە مەکە.. ئەی سەیرێکی ئێمەش ناکەیت و سەرنجمان نادەیت؟!

بەڵێ، ڕاستیی ئەم ئایەتە بە توندی ڕایتەکاندم و بێداری کردمەوە و، پێی وتم:

بۆچی هەتا ئەم ڕادەیە خەفەت بۆ لەدەستچوونی ئەو نامە ئاوەدانەی سەر لاپەڕەی "وان" دەخۆیت، کە مرۆڤ بە دەستی خۆی نووسیبووی و بنیاتی نابوو تا ئەوەی شێوەی شارێکی ئاوەدانی لەخۆ گرتبوو؟

بۆچی بەم ئەندازەیە خەم و پەژارەی نەمانی ئەم شارە دایگرتوویت کە لافاوی سامناکی داگیرکردنی ڕووس بردی و گشت خەت و شوێنەوارێکی کوژاندەوە؟

سەرت بۆ لای خواوەندی بەدیهێنەر هەڵبڕە کە پەروەردگار و خاوەنی ڕاستەقینەی هەموو شتێکە و جڵەوی هەموو شتێکی لە دەستدایە.. دڵنیابە نووسراوەکانی خواوەند لەسەر لاپەڕەی "وان"دا هەمیشە بە کەماڵی ورشەداری و ڕەنگینی هەر لە گەشەکردن و تازەبوونەوەدان.

ئەو ڕووداوانەش کە تۆ زووتر بینیتن و شیوەن و گریانیش بەسەر چۆڵی ئەو جێگایانە و کاول بوونیاندا تەنها لە ئەنجامی بێ ئاگایی مرۆڤەوەیە لە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو جێگایانە و، هی ئەوەیە کە مرۆڤ - بە خەیاڵی هەڵەی - خۆی بە خاوەنیان لە قەڵەم دەدات و، نازانێت کە لە ڕێبوار و میوانێك زیاتر هیچی تر نییە!

لـە نـاوەندی ئـەم حاڵەتـە دڵ سـووتێنەر و بۆچوونـە هەڵەیـەی منـدا، دەرگایەکی گـەورەم لـێ خرایە سەرپشـت، کـە بەسـەر ڕاسـتی‌یەکی زۆر گرنگدا دەیڕوانی.. هـەروەك ئاسن کـە دەخرێتـە نـاو ئـاگر و هـەندێ نـەرم دەبێت ئنجا شێوەیەکی تایبەتیی بۆ دیاری دەکرێـت، "دەروون"یشـم بـە دیتنـی ئەو حاڵەتە گەرم و سووتێنەر و خەفەتە ئازار بەخشانە نەرمیی بەدەست هێنـا و ئامادەیی وەرگرتنی ئەو ڕاستی‌یە گرنگەی پەیدا کرد و، قورئانی پیرۆز لـە ناوەندی ڕاستیی ئەم ئایەتەوە بەرەکەتی ڕاستی‌یەکانی ئیمانی بە ڕوونی پیشان دا. ئیتر دەروونم وەری گرتن و ملی بۆ کەچ کردن.

بـەڵێ، هـەروەك لـە "مـەکتووبی بیسـتەم" و پەیامـەکانی هاوچەشـنیدا چەسپاندوومانە، ڕاسـتیی ئـەم ئایەتـە پیرۆزە - سوپاس بۆ خـوا - لـە ڕێژنـەی "ئیمان بە خوا"وە پشت و پەنایەکی گەورەی بە "گیان" و "دڵ"م بەخشـی کـە هەریەکەیان بـەپێی پلـەی خـۆی لـەم ئیمانـەدا سوودی لـێ وەرگـرت. ئـەم پشتیوانەش هێندە مەحکـەم و توندوتـۆڵ بـوو کـە ئەگـەر بـەڵا و گیروگرفت و بـارە ترسناکەکانم سـەد هێنـدەش گـەورەتر بوونایـە هـەر دەیتوانـی بەرامبـەر هـەموویان ڕابووەستێت و ڕووبـەڕوویان ببێتـەوە. چونکـە ڕاسـتیی ئـەم ئایەتـە یادی خستمەوە کە:

(هەموو شتێك ملکـەچ و فەرمانبـەرداری بەدیهێنـەری تۆیـە، کـە خـاوەنی ڕاستەقینەی ئەم بوونەوەرەیە و جڵەوی هـەموو شتێکی لـە دەستدایە. ئیـتر تۆ ئەوەت سەروزیادە کە پەیوەندیت بەو بەدیهێنەرەوە ببێت).

منیش هەر کە بەدیهێنەری خۆمم بەم شێوەیە ناسی و پشتم پێ بەست، ئیـتر هەموو شتێك وازی لـە دوژمنایـەتی کردنم هێنـا! تەنانـەت ئـەو حاڵەتانـەی کـە خەفەت و ئازاریان دەرخوارد دەدام ئێستا دڵخۆش و شادمانم دەکەن.

ئنجا هەروەك لە زۆر پەیامدا بە بەڵگەی گومانبڕ چەسپاندوومانە:

ئەو نوورەش کە لە "ئیمان بە ڕۆژی دوایی"یەوە هات بە فریامەوە، هێزێکی هێندە گەورەی یارمەتیدانی لە بەرامبەر هیوا و ئارەزووە بێ سنوورەکانمەوە پێ بەخشیم کە نەك تەنها بەشی حەز و ئارەزووە کاتی و بچووکەکان و پەیوەندییە دنیاییەکانی نێوان من و خۆشەویستانی ئەم دنیام بکات، بەڵکو بەشی حەز و ئارەزووە لە ژمارە نەهاتووەکانی جیهانی نەمری و بەختیاریی هەمیشەیی ئەودنیاشم بکات.

چونکە هەر تەنها درەوشانەوەیەکی میهرەبانیی خواوەندی "بەخشندەی میهرەبان" نیعمەتە بەتام و ناوازە و لە ژمارە بەدەرەکانی ڕووی زەوی - کە یەکێکە لە مەنزڵگاکانی میوانخانەی دنیا - لەسەر سفرەی هەموو بەهارێکدا بە میوانەکانی دەبەخشێت، تاکو بۆ ماوەی چەند ساتێك دڵیان خۆش بکات. وەك بڵێی ئەمەی لە دنیادا پێی بەخشین ژەمی بەیانیان بێت و، پاشان بیانگوێزێتەوە بۆ شوێنە هەمیشەییەکانی هەر هەشت بەهەشتە پڕ لە نیعمەتەکەی خۆی کە بۆ بەندەکانی ئامادەی کردوون.

بێ گومان کەسێك باوەڕی بە میهرەبانیی ئەم خواوەندە "بەخشندە و میهرەبان"ە بێت و، بە دڵنیاییەوە پاڵی پێوە بدات و، هەست بکات کە پەیوەندیی بەو خواوەندە خاوەن دەستەڵاتەوە هەیە، ئەوا خاڵێکی یارمەتیدانی هێندە مەزنی دەست دەکەوێت کە نزمترین پلەی ئەو خاڵە بە هانای سەرجەمی هیوا و ئاواتە لە ژمارە نەهاتووەکانیەوە دەڕوات و دەیانهێنێتەدی.

جا ئەو نوورەی کە لە باوەڕهێنانم بە ڕاستیی ئەم ئایەتەوە لێم دەرکەوت، هێندە درەخشان بوو کە هەر شەش لا تاریکەکەمی بە وێنەی ڕۆژ بۆ ڕووناك کردمەوە و، ڕۆشنایی تەواوەتیی بەو حاڵەتی خەفەت و گریانەشم بەخشی کە بۆ قوتابخانەکەم و قوتابییە کۆچ کردووەکانم دووچارم بوو. بە ڕادەیەك کە

تێیگەیاندم: جیهانێك ئەو خۆشەویستانە کۆچیان بۆ کردووە هەرگیز جیهانێکی تاریك نییە، بەڵکو جیهانێکی ڕووناکە و، ئەوانیش هەر تەنها جێگایان گۆڕیوە و، پاش ماوەیەکی تر لەگەڵ یەك کۆدەبینەوە و بە یەکتری شاد دەبینەوە.

بەم جۆرە، ئەم نوورە بە تەواوەتی وازی لە گریان و شیوەن پێ هێنام و، تێی گەیاندم کە جێگەدار و قوتابیی وەك ئەوانم دەست دەکەوێت.

دەسا شوکر و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە قوتابخانەی "ئیسپارتە"ی[1] لە بریی قوتابخانە کۆچکردووەکەی "وان" پێ بەخشیم و، ئەو خۆشەویستانەشی لە شێوەیەکی تردا و، بە ئەندازەیەکی زۆرتر و، لە شێوەی ئەم قوتابییە بەرێز و خۆشەویستانەی ئێستامدا بۆ زیندوو کردمەوە.

هەروەها ئەو نووورە تێی گەیاندم کە من لەوەوپێش بە هەڵەدا چووبووم کاتێ وامدەزانی ئەم دنیایە چۆڵ و ڕووخاوە و کاول کراوە!

چونکە تێی گەیاندم کە خاوەنی ڕاستەقینەی دنیا - بە گوێرەی خواستی حیکمەتی خۆی - ئەو تابلۆ کاتییانەی کە بە خامەی مرۆڤ کێشراون، دەگۆڕێت بە چەند تابلۆیەکی تر. بەمەش نووسراوە جۆراوجۆرەکانی خۆی نوێ دەکاتەوە.

ئەوەتا هەروەك بەرێك لە درەختێك دەکرێتەوە بەرێکی تری دەچێتەوە جێ، جودایی و نەمانی ناو گرۆی ئادەمیزادیش بە هەمان جۆرە و، بۆ مەبەستی نوێ بوونەوە و تازەکردنەوەیە.

کەواتە ئەو خۆشەویستانە بە تەواوەتی لەناو نەچوون، تاکو خەفەتێکی ئازاربەخش و بەسۆیان بۆ بخورێت. نەخێر، بەڵکو دەبێ لە ڕوانگەی ئیمانەوە

(١) مەبەست بڵاوبوونەوەی پەیامەکانی نوورە لە پارێزگای "ئیسپارتە"دا. (وەرگێڕ)

خەفەتێکی ناسکی بەلەزەتیان بۆ بخۆین بۆ ئەو لێکدابڕانەی کە بۆ مەبەستی بە یەك شادبوونەوەیە لە خانەیەکی تری ڕەنگین و جواندا!

هەروەها ئەم نوورە، سەرجەمی ئەو سەرسامی و ڕەشبینی‌یانەی منی سەبارەت بە بوونەوەر ڕەواندەوە و ڕووناکی کردنەوە.

کاتێ کە ویستم لە بەرامبەر ئەمەوە شوکر و ستایش بۆ خواوەند دەربڕم، ئەم بڕگەیەی خوارەوەم بە زمانی عەرەبی بۆ هات کە وێنەی ڕاستەقینەی ئەو ڕاستی‌یە پیشان دەدات:

(الحمد لله على نورِ الإيمانِ الْمُصَوِّرِ ما يُتوهمُ أجانبَ أعداءً أمواتاً موحشين أيتاماً باكين، أوِدّاءَ إخواناً أحياءً مؤنسين مُرَخَّصين مسرورين ذاكرين مُسَبِّحين).

بە واتای:

من شوکر و ستایشێکی لە ژمارەبەدەر پێشکەشی بەدیهێنەری شکۆمەندی خۆم دەکەم لەسەر بەخشینی نووری "ئیمان" کە سەرچاوەی ئەو هەموو نیعمەتە لەژمارەبەدەرانەیە. چونکە ئەو تابلۆ سامناکەی کە لەو حاڵەتە ئازاربەخشەوە سەری هەڵدا و منی وا تێگەیاندبوو کە گوایا بەشێك لەم بوونەوەرانە دوژمن و بێگانەن بە ئێمە[1] و، بەشێکی تریان چەند تەرمێکی سامناکن و، بەشێکی تریشیان چەند هەتیوێکی بێ کەسن و هەردەم لە گریاندان..

سوپاس بۆ خوا کە ئەو نوورەی ئیمان ئەم تابلۆ سامناکەی گۆڕی بە شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی، تەنانەت بە "عين اليقين" بینیم کە ئەوانەی من بە دوژمن و بیانیم دەزانین لە ڕاستیدا برا و هاوڕێی منن و، ئەوانەش کە وەك

(١) وەك: بوومەلەرزە و زریان و تۆفان و تاعون و ئاگر و.. هتد. (دانەر)

تەرمی سامناك دەمبینین، دەرکەوت تەرم نین بەڵکو هەندێك لەوانە زیندوون و هەندێکی تریشیان لەوانەن کە ئەرك و کارمەندیی ئەم ژیانەیان تەواو کردووە.

ئنجا ئەوەش کە وەهمی مرۆڤ بە گریان و شیوەنی هەتیوانی دادەنێت، لە ڕاستیدا زیکر و ویرد و تەسبیحاتی بوونەوەرانە.

واتە: بە ئەندازەی ئەو بوونەوەرانەی کە دنیا تایبەتی‌یەکەی منیان ئاوەدان و پڕ کردووەتەوە، کە ئەویش بە ئەندازەی هەموو دنیایە، لەگەڵ خۆمدا هەموویان بە "نییەت" و "تەسەوور" لەو شوکر و سوپاسەدا بەشدار دەکەم کە پێشکەشی ئەو خواوەندەی دەکەین و، بە زمانی حاڵی سەرجەمی بوونەوەران دەڵێین:

"الحـــمد لله على نور الإيمان"!

پاشان چێژ و تام و لەزەتەکانی ژیان کە لە ئەنجامی ئەو بارە سەرسامکەر و بێ ئاگایی بەخشەوە پەرتەوازە بوون..

هەروەها هیوا و ئاواتەکانم کە هەر هەموویان کشانە دواوە و سەرچاوەکانیان وشك بوون..

نیعمەت و لەزەتە تایبەتی‌یەکانیشم کە لە چوارچێوەیەکی گەلێ تەسکدا مابوونەوە، تەنانەت هەر نەیشمان..

هەموو ئەمانە، بەو نوورەی "ئیمان" - وەك لە چەند پەیامێکی تردا سەلماندوومانە - گۆڕانیان بەسەردا هات و، لەسەر شێوەی پێشوویان نەمان. چونکە نووری ئیمان سنووری بازنە تەسکەکەی دەوری دڵمی هێندە فراوان کرد کە جێگای سەرانسەری گەردوونی تێدا بووەوە، تەنانەت دنیا و قیامەتیشی کرد بە دوو سفرەی پڕ لە نیعمەت و میهرەبانی، لە بری ئەو

نیعمەتانەی کە لە باخچەکەی "خورخور"دا[١] وشك بوون و چێژ و لـەزەتیان لەدەست دا..

ئەم نوورەی ئیمان تەنها بەمەشەوە ڕانەوەستا، بەڵکو هەر یەك لـە "چاو" و "دڵ" و "گوێ" و هەستە هاوچەشنەکانی تری وەك ئەمانە و تەنانەت دەیان کۆئەندام و ئامێری مرۆڤی - هەر کەسەش بەپێی پلەی ئیمانیی خۆی - کرد بە "دەست" تاکو بە هۆیانەوە لەسەر ئەو دوو سفرە و خوانەی هەردوو دنیادا و، لە هەموو لا و سووچێکیانەوە، خۆشەچنیی نیعمەتەکانی ئەویان پێ بکات!

منیش، لە بەردەم ئەم ڕاستییە هەرە مەزنەدا و بۆ سوپاسکردنی خوای گەورە لەسەر ئەو هەموو نیعمەتە زۆر و زەبەندانە، وتم:

(الحمد لله على نور الإيمانِ الْمُصَوِّرِ للدارَيْن مملوءتين من النعمة والرحمة، لكل مؤمنٍ - حقاً - أَنْ يستفيد منهما بحواسِّه الكثيرة المنكَشِفَةِ بإذن خالقه).

به واتای:

سوپاس بۆ ئەو خوایەی ئیمانێکی ئەوتۆی پێ بەخشیوم کە نیعمەتی نووری ئەو ئیمانە دنیا و قیامەتمان بە دوو سفرەی پڕ لە نیعمەت و میهرەبانی پیشان دەدات و، هەر ئەو خواوەندەش سوود وەرگرتنی هەموو ئیماندارێکی ڕاستەقینەی لەو دوو سفرە پڕ لە نیعمەتانە لە ڕێی دەستی ئەو هەست و نەستانەیانەوە دەستەبەر دەکات کە بە نووری ئیمان و ئیسلام دەردەکەون.
خۆ ئەگەر بمتوانیایە بە ئەندازەی ژمارەی گەردیلەکانی جەستەم و پڕ بە دنیا و قیامەت شوکر و ستایشم پێشکەش بکردایە، ئەوا پێشکەشم دەکرد.

---

(١) "خورخور" ناوی قوتابخانەکەی مامۆستا نوورسی بووە لە شاری "وان" لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کە ئێستا تەنها داروپەردووی هەندێ لە دیوارەکانی ماوەتەوە و، بە ناوی کانیاوی "خورخور" ناونراوە کە لە ژێر قەڵای وان و لە نزیکی ئەو قوتابخانەدایە. (وەرگێڕ)

جا مادەم "ئیمـان" هـەر لـەم دنیایـەدا کـار و ئاسـەواری ئـاوای لـە دەست بێت، دەبێ لـە جیـهانی نـەمری و هەمیشـەییدا ڕێژنـە و بـەروبوومی گەلـێ گـەورەتر و زیـاتری بـە لاوە بێت، بـە ڕادەیـەك کـە عەقڵـە دنیاییـەکانی ئێمـە نەتوانێت پەیی پێ ببات و لە ناساندنیدا دەستەوسان دەبێت.

* * *

ئـەی خوشـك و برایـانی پیر و، ئـەی ئەوانـەی کـە لەبەر "پیری" جودایـی خۆشەویستانیان ئازاری تاڵیان دەرخوارد دەدات!

پێـم وایـە مـن لـە نـاوەڕۆکدا زۆر لـە ئێـوە پـیرتر بم، هەرچـەند لەوانەشـە هەندێکتان بە تەمەن لە من گەورەتر بن!

چونکـە مـن، لەبەر ئـەو بـەزەیی و میهرەبانی‌یە زۆر و زیادەی کـە خـوای گەورە لـە سروشتمدا بەرامبەر هـەموو گـرۆی مرۆڤی هاوڕەگەزم دایـناوە، جگـە لـە ئـازاری تایبـەتیی خۆم، ئـازاری هـەزاران بـرای تـرم لەگـەڵ خـۆدا هەڵگرتووە و، بە ئازاری هەموویان ئازار دەچێژم! وەك بڵێـی پیرێك بم تەمـەنم خۆی لە سەدان ساڵ دابێت!

بەڵام ئێوەی بەڕێز با جودایی و لێکدابڕانـی زۆریشـتان چەشتبێت، هێشتا هەر هێندەی من تووشـی بـەڵا و گـیروگرفت نـەبوون. چونکـە هەرچـەندە مـن کوڕم نی‌یە تا بیرم بە لایەوە بێت، بەڵام بەهۆی نهێنیی ئـەو سۆز و شـەفەقەتەی لـە سروشـتمدایە، هەست بەوپەڕی دڵناسـکی و ئـازار دەکـەم بـۆ هـەزاران ڕۆڵەی نەتەوەی ئیسلام کە دووچاری ئەشکەنجە و گیروگرفت دەبن!

تەنانەت بۆ ئازاری ئاژەڵە بێ زمانـەکانیش هەست بـەو دڵنـەرمی و ئـازارە دەکەم! ئەمە جگە لەوەی کـە لـە ڕووی غیرەتی ئیسلامی‌یەوە خـوای گـەورە پەیوەندی‌یەکی توندوتۆڵی بەرامبەر بـەم وڵاتـە و تەنانەت سـەرجەمی جیـهانی

ئیسلامی پێ بەخشیوم و، هەرچەندەش بۆ خۆم خانوویەکی تایبەتیم نی‌یە، کەچی هەموو جیهانی ئیسلامی بە ماڵ و خانە و لانەی خۆم دەزانم..

لەبەر ئەوە، زۆریی خەفەت و ئازارەکانی من هی خەفەت و ئازاری خەڵکی ئەم وڵاتە و سەرجەمی جیهانی ئیسلامی‌یە، کە گەلێ خەفەت بۆ جودایی و ئازاری ئەوان دەچێژم.

جا لەبەر ئەوەی هەرچی خەفەتی پیری و ئازاری جودایی و بەڵا و گیروگرفتی زۆرم هەبوون، ئەو نوورەی "ئیمان" هەموویانی لەناوبرد و، لە بریی ئەوانە: هیوا و ئاواتێکی توندوتۆڵ و دوور لە نائومێدی و، ڕووناکی‌یەکی نەکوژاوە و، دڵنەواییەکی نەبڕاوە و هەمیشەیی پێ بەخشیم.. ئەوا ئێوەی بەڕێزیش هەر ئەو ئیمانەتان سەروزیادە لە بەرامبەر ئەو تاریکی و بێ ئاگایی و خەم و پەژارانەی کە لە پیری‌یەوە سەری تێکردوون.

لە ڕاستیدا پیریی تەواو تاریك و نووتەك هی هەرزە و گومڕایانە. هەروەها سەختترین ئێش و ئازاری قورسی جوداییش بریتی‌یە لە ئێش و ئازار و جودایی ئەوان.

بەڵێ، چەشتنی ئەم ئیمانەی کە ئومێد بە دڵی مرۆڤ دەبەخشێت و، تیشکی ڕووناکی پەخش دەکات.. هەروەها هەست کردن بە دڵدانەوە و دڵنەوایی ئەو ئیمانە و، چەشتنی تام و لەزەتی ئەو دڵدانەوەیە، تەنها لە هەست پێ کردنی شعووری و، ئەنجامدانی ئەو پەرستشەدایە کە شایانی سەردەمی پیری‌یە و، ئایینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانی پێ داوە. نەك لە ڕەفتاری پێچەوانەوەی ئەمەدا کە ئەو پیرانە دەیکەن سەریان لێ شێواوە و، دڵدانەوەی خۆیان لە لاسایی کردنەوەی لاوان و، چاولێکەریی مەستی و بێ ئاگایی ئەواندا دەبینن!

هەمیشە بیر لەو فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەر ﷺ بکەنەوە کە دەفەرموێ:

"خيرُ شبابِكم مَنْ تَشبَّهَ بكهولِكم، وشرُّ كهولِكم مَنْ تَشبَّهَ بشبابِكم"[١] أو كما قال.

واته: باشترین لاوانی ئێوه ئەوانەن کە وەك پیرەکان لەسەرخۆن و دوورن لە کاری هەرزە و خراپەکاری. خراپترین پیریشتان ئەوانەن کە چاو لە لاوان دەکەن لە هەرزەیی و بێ ئاگایی و کاری ناڕەوادا.

دەسا خوشك و برایانی پیرم!

لەواتای فەرموودەیەکی پیرۆزدا هاتووە کە دەفەرموێ:

"میهرەبانیی خوا شەرم دەکات دەستی بەرزکراوەی نزا و لالانەوەی هەر پیرێکی ئیماندار بگێڕێتە دواوە"[٢].

جا مادەم میهرەبانی خوای گەورە بەم جۆرە ڕێزتان لێ دەگرێت، دەسا ئێوەش بە پەرستنی ئەو خواوەندە ڕێزی خۆتانی لێ بگرن.

□ ئومێدی چواردەهەم:

لە سەرەتای "تیشکی چوارەم"دا کە بریتییە لە تەفسیری ئایەتی: ﴿حَسْبُنا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيل﴾ (آل عمران:١٧٣) باسێك هەیە کە ئەمەی خوارەوە پوختەکەیەتی:

---

(١) أخرجه أبو يعلى والطبراني في الكبير من حديث واثلة وغيرهم. قال الحافظ العراقي في تخريج الإحياء ٦٢/٣ بإسناد ضعيف، وأخرجه البيهقي في شعب الإيمان من حديث أنس ومن حديث ابن عباس وأخرجه ابن عدي في الكامل من حديث ابن مسعود وقال ابن الجوزي: لا يصح. انظر فيض القدير ٤٨٧/٣ ورمز السيوطي لحسنه. (وەرگێڕ، لە چاپە عەرەبییەکەوە)

(٢) روى السيوطي في الجامع الكبير عن ابن النجار بسند ضعيف.. إن الله عز وجل يستحي من ذي الشيبة إذا كان مسدداً كروماً للسنة ان يسأله فلا يعطيه. (باختصار عن كشف الخفاء ٢٤٤/١). (وەرگێڕ، لە چاپە عەرەبییەکەوە)

کاتێ دنیا پەرستان منیان لە هەموو شتێك کرد، کەوتمە ناوەندی پێنج جۆری غەریبییەوە. هێندەش تەنگیان پێ هەڵچنی بووم و بێزاریان کردبووم کە "بێ ئاگایی" سەری تێکردم و نەیهێشت ئاورێك بەلای ڕووناکیی "پەیامەکانی نوور"دا بدەمەوە، تاکو هێز و یارمەتیی لێ وەربگرم و دڵنەوایی خۆمی پێ بکەم. بەڵکو ڕاستەوخۆ ڕوانیمە "دڵ"م و، "ڕۆح"ی خۆمم تاقی کردەوە..

بینیم: عیشقێکی تابڵێی بەهێز بۆ "مانەوە" و "نەمری" و، خۆشەویستییەکی یەکجار بەتین بۆ "وجوود" و، سەودایەکی گەورەش بۆ "ژیان" بەسەر دەروونمدا زاڵە و خۆی بەسەر مندا سەپاندووە. هاودەم لەگەڵ ئەوەشدا: "دەستەوسانی"یەکی بێ سنوور و "هەژاری"یەکی لە ئەندازە بەدەرم لە خۆمدا هەست پێ دەکرد..

کەچی لە بەرامبەر هەموو ئەمانەوە دەمبینی "فەوتان" و "نەمان"ێکی سامناك و گرنگم لە ڕێدایە، کە ئەو "مانەوە" و "ژیان"ە لەناو دەبەن و هەموو ئاواتەکانیشم دەکوژێننەوە!

کە ئەمەم بەدی کرد، یەکسەر منیش وەك ئەو شاعیرە دڵ سووتاوە، لەبەر خۆمەوە شیعرەکەی ئەوم خوێندەوە کە دەڵێت:

"دانست" خوازیاری فەنای جەستەمە
"لەبەد" ئاواتی: دڵی خەستەمە
دەروونم کەیلی پەژارە و دەردە
لوقمان سەرسامە و تیمار ئەستەمە

ئیتر بە نائومێدییەوە سەرم داخست.. کەچی لە ناکاودا ئایەتی: ﴿حَسْبُنَا اللّٰهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ هات بە هانامەوە و، پێی وتم: "بە وردی بمخوێنەرەوە".

منیش هەموو ڕۆژێك پێنج سەد جار دەمخوێندەوە و، لە هەر جارێکدا هەندێ لە نوور و بەرە کەتە کانیم بۆ دەردە کەوت! تا وام لێ هات کە نەك هەر تەنها بە "علم اليقين" بەڵکو بە "عين اليقين"یش نۆ پلەی "حەسبی"م لەم ئایەتەوە دەست کەوت:

یە کەم پلەی نووریی "حەسبی":

ئەو "عیشقی مانەوە"یەی کە لە مندایە، لە ڕاستیدا ناڕوانێتە مانەوەی "من"، بەڵکو دەڕوانێتە "بوون"ی ئەو خاوەن کەماڵە ڕەهایە و، "کەماڵ" و "مانەوە"ی ئەو. چونکە یە کێك لە سێبەرە کانی درەوشانەوەیە کی ناوێکی خوای گەورەی خاوەن کەماڵی ڕەها و جوانیی ڕاستەقینە - کە خۆی لە خۆیدا خۆشەویستە - لە چییەتی(ماهية)ی مندا هەیە.

جا ئەو عیشقی "مانەوە"یەی کە لە مندایە و دەڕوانێتە "بوون" و "مانەوە"ی ئەو خاوەن کەماڵە ڕەهایە، بەهۆی بێ ئاگاییەوە، ڕێگای ون کرد و سەری لێ شێوا و دەستی بە سێبەرە کەوە گرت و، عیشقی مانەوەی ئاوێنە کەی کەوتە سەر!

بەڵام هەر کە ئایەتی: ﴿حَسْبُنا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ هات و پەردەی لە ڕووی ئەم ڕاستییە لادا، هەستم کرد بەڵکو بە "حق اليقين" چەشتم و بینیم کە:

خودی لەزەتی مانەوە و بەختیاریم، تەنانەت لەزەتی لەوە باشتریشم لەوەدایە کە بە دڵنیایی و ملکەچییەوە باوەڕ بە "مانەوە"ی ئەو خواوەندە باقی و خاوەن کەماڵە بهێنم و، ئیمانم ببێت بەوەی کە هەر تەنها ئەو خوا و پەروەردگارمە.

ئەمەشمان لە پەیامی "الحسبية"دا و لەو دوازدە بڕگەیەدا کە هەریەکەیان بە: "هەروەها.." دەست پێ دەکات، بە چەندین بەڵگەی لەوپەڕی ورد و قووڵیدا ڕوون کردووەتەوە. هەموو ئەو هەست و شعوورە ئیمانی‌یانەشمان تێدا باس کردوون کە ئیمان دروستیان دەکات و، گشت خاوەن هەستێك سەری لێیان سوور دەمێنێت.

دووهەم پلەی نووریی "حەسبی":

لەگەڵ ئەو بێ دەستەڵاتی و کۆڵەواری‌یەی کە لە سروشتمدایە و، ئەو پیری‌یەی کە سەری تێ کردبووم و، ئەو غەریبی‌یەی کەوتبوومە ناویەوە و، ئەو بێ کەسی و تەنیا باڵی‌یەشدا کە تیایدا بووم و لە هەموو شتێك دابڕ کرابووم، دنیاپەرستان - بە پلانی خۆیان و لە ڕێی سیخوڕەکانیانەوە - هێرشێکی بێ بەزەییانەیان کردبووە سەرم..

ئا لەم کاتەدا، ڕووم لە دڵم کرد و پێم وت:

"چەندین سوپای چڕوپڕ و زۆر و زەبەندە هێرش دەکەنە سەر تاقە کەسێکی لاوازی نەخۆشی دەست بەستراو! ئایا من هیچ پشت و پەنایەکم نی‌یە"؟

گەڕامەوە بۆ ئایەتی: ﴿حَسْبُنا اللّٰهُ وَنِعْمَ الْوَكِيل﴾.

ئەویش پێی ڕاگەیاندم کە:

لەبەر ئەوەی تۆ خاوەنی (ناسنامەی پەیوەندیی ئیمان)یت ئەوا سەر بە پادشایەکی گەورە و خاوەن دەستەڵاتی ڕەهایت، کە پادشایەکە لە وەرزی بەهاردا بەوپەڕی ڕێکوپێکی پێداویستیی سەرجەم سوپاکانی ڕووەك و زیندەوەران - کە لەسەر زەویدا بڵاون و لە چوارسەد هەزار ڕەگەزی جۆراوجۆرن - دابین دەکات و، ڕۆزیی سوپای هەموو گیانلەبەران دابەش

دەکات کە مرۆڤ لە پێشەکی هەموویانەوەیە. ئەمەش نەك بە وێنەی ئەو ڕۆزییانەی کە ئێستا مرۆڤ لە شێوەی پوختەکراوەکانی شەکر و گۆشت و شتی تردا دۆزیویانەتەوە، بەڵکو لە شێوەی چەندین پوختەکراوی سەد جار لەوانە تەواوتر و باشتردا..

ئەو ڕۆزییانە، کاکڵە و پوختەکراوی هەموو جۆرە خۆراکێکن. تەنانەت ئەو شتانەی کە پێیان دەوترێت "ناوك" و "تۆو" لە ڕاستیدا "پوختەکراوە خواییەکان"ن..

جا ئەو پوختەکراوانە بە چەند بەرگێکی تایبەتی "قەدەر" کە لەگەڵ پێگەیشتن و نەشونمایاندا بگونجێ، دەپێچێتەوە و، لە چەندین قوتو و سندووقی بچووکدا دەیانپارێزێت. ئەم سندووقانەش لە کارگەی "ك. ن" و بە فەرمانی "كُنْ" بە خێرایی و بە ئاسانییەکی ڕەها و بە زۆرییەکی لە سنوور بەدەر دروست دەکرێن، بە ڕادەیەك کە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

﴿فَإِنَّما يَقُولُ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ﴾ (البقرة:١١٧).

جا مادەم بەهۆی "پێناسی پەیوەندیی ئیمان"ەوە پشتیوانێکی وەك ئەمەت دەست کەوتووە، ئەوا دەتوانیت بە دڵنیاییەوە پاڵ بە هێز و دەسەڵاتێکی گەورە و ڕەهاوە بدەیت و ئارامیی دڵی خۆتی پێ بەدەست بهێنیت.

لە ڕاستیشدا هەر کاتێك ئەم وانەیەم لەم ئایەتە پیرۆزە وەردەگرت، هەستم بە هێز و توانایەکی گەورەی مەعنەوی دەکرد و، لە خۆمدا هێزێکی وام شك دەبرد کە بتوانم نەك هەر ئەوانەی دەوروبەر و نزیکی خۆم، بەڵکو بەرەنگاری هەموو دوژمنێکی لە جیهاندا پێ بکەم! هەر ئەمەش بوو کە هانی دام لە قووڵایی و ناخی ڕۆحمەوە: ﴿حَسْبُنا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ بخوێنمەوە و دووپاتی بکەمەوە.

سێهەم پلەی نووریی "حەسبی":

کاتێ پاڵەپەستۆی نەخۆشی و هەموو شێوەکانی نامۆیی و جۆرەکانی ستەم لە سەرم توند بوون، هەستم کرد بەوەی کە سەرجەم پەیوەندییەکانم لەگەڵ دنیادا دەپچڕێن .. "ئیمان"یش لەلای خۆیەوە ڕێنمایی دەکردم و، پێی دەوتم:

(تۆ بۆ دنیایەکی تری ئەبەدی دەستنیشان کراویت و شایستەی وڵاتێکی هەتاهەتایی و بەختیارییەکی هەمیشەییت).

لەم کاتەدا هەر شتێك حەسرەتی لێ بچۆڕایە و بیخستمایەتە داخ و خەفەتەوە، وازم لێ هێنان و دەستم لێ داتەکاندن و، گۆڕیمن بەو شتانەی کە مزگێنیی خێر و خۆشییان تێدایە و بەردەوام دەخەنە شوکر و سوپاسی خواوەندەوە.

بەڵام ئایا ئەم ئامانجە چۆن هەتاسەر دێتەدی کە ئەوپەڕی ئاوات و ئامانجی ئەندێشە و مەبەستی ڕۆح و ئاکامی سروشتی مرۆڤە، ئەگەر ئەو خواوەندە بەدەستەڵاتە نەیهێنێتەدی کە خاوەنی توانستی ڕەهایە؟ ئەو خوایەی کە ئاگای لە هەموو جموجووڵ و وەستان و کردار و گوفتاری بەدیهاتووانیەتی و تۆماری دەکات لەسەریان؟

ئەم ئامانجە چۆن دێتەدی ئەگەر چاودێریی بێ سنووری ئەو خوایە نەبێت بۆ ئەم مرۆڤە بچووکەی کە لەناو بێ دەستەڵاتیی ڕەهادا دەتلێتەوە و، ئەو خوایە هێندە ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە کە گوفتاری خۆی ئاراستە کردووە و لە نێوان هەموو بەدیهاتووانیدا پلەی بەرزی بەو بەخشیوە؟

بەڵێ، کاتێ کە بیرم لەم دوو خاڵە دەکردەوە، واتە: کارایی و لێهاتوویی ئەم دەستەڵاتە بێ سنوورە و، ئەو گرنگییە ڕاستەقینەیەش کە خوای

بالآدەست بەم مرۆڤەی داوە کە لە ڕواڵەتدا کەم نرخ دیـارە.. کاتێ بـیرم لـەم دوو خاڵـە دەکـردەوە، دەمویسـت ئـەم دوو خاڵـەم لـە ڕووی ئیمانـەوە بـە چەشنێك لـێ دەربکـەوێت و بۆم ڕوون ببێتـەوە کـە بـە تـەواوی دڵنیـاییم پـێ ببەخشێت.

بۆ ئەم مەبەستە سەرم لە هەمان ئایەتی پیرۆزی: ﴿حَسْبُنا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيل﴾ دایەوە.

ئەویش پێی وتم:

(سەرنج لەو "نا"یە بدە کە لە "حسبنا"دایـە و، بزانـە ئەوانـە کێـن کـە چ بـە زمانی حاڵ و چ بە زمانی قسە و گوفتـار لەگـەڵ تۆدا دەڵێـن: "حسبنا" و، بۆ خۆت گوێیان لـێ ڕابگرە).

بەڵێ، ئەم ئایەتە بەم جۆرە فەرمانی پێ دام..

منیش کـە سـەیرم کـرد و سـەرنجـم دا، چـەندین جـۆری لـە ژمارەبـەدەری باڵندەی گەورە و مێرووی باڵداری یەکجار بچووکی وەك مێش و، چـەندەها جـۆر زینـدەوەری گـەورە و بچـووك و، ڕووەك و درەختـی لـەژمـارەبەدەری بەرز و بچکۆلەی بێ کۆتاییم بینی، کە هەموویان بە زمانی حـاڵ لەگـەڵ منـدا واتای: ﴿حَسْبُنا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيـــل﴾یـان دەوتـەوە و یـادی غـەیری خۆیشـیان دەخستەوە!

هەروەها بینیم:

ئـەم بوونەوەرانـە باشـترین وەکیلیـــان هەیـــە کـــە دابینکردنـــی هـــەموو مەرجەکانی ژیانی ئەوانی گرتووەتە ئەستۆ. تەنانەت لەو هێلکانەی کە لەیـەك دەچن و لە هەمان ماددەی یەکتر پێکهاتوون، هەروەها لـەو "مـەنی"یانـەی کـە وەك یەك وان و، لەو ناوك و تۆوانەی شێوەیان لە یەکتر دەچێت، بەبێ هەڵـە و

ناتەواوی و لـێ تێکچوون و، زۆر بە ڕێکوپێکی و جوانی و هاوسەنگی و ڕازاوەیی: سەد هەزار جۆر زیندەوەر و، سەد هەزار شێوە پەلەوەر و، سەد هەزار جۆر ڕووەك و، سەد هەزار جۆر درەخت بەدی دەهێنێت و لێکیان جیا دەکاتەوە!

ئەم بەدیهێنانەش بە بەردەوامی و بەوپەڕی زۆری و ئاسانی و فراوانی لە کاردایە، بە تایبەتی لە وەرزی بەهاردا کە بە چاوی خۆمان دەیبینین.

جا بەدیـهێنانی ئـەم شـتانە بـە کۆمـەڵی و بـە چەشـنێکی لەیـەکچووی تێهـەڵکێش و لەسـەر هـەمان شێوە و لــە نـاوەندی مەزنایـەتیی ئـەم توانسـتە ڕەهایەدا، بە ڕوونی: "تاك و تەنیایی" خوامان بۆ دەردەخات.

ئەم ئایەتە پیرۆزە تێی گەیاندم کە: هەرگیزاو هەرگیز کەس ناتوانێت خۆی هـەڵبقورتێنێت و دەسـت بخاتـە نـاو ئـەم کارانـەی پـەروەردگارێتیی ڕەهـا و بەدیهێنەرێتیی ئەو خوایەی کە ئەم موعجیزە لە سنوور بەدەرانە دەردەخات و بڵاویان دەکاتەوە.

جا ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە حەقیقەت و چیەتیی مرۆڤانە(الماهیـــة الإنســانیة)ی مـن - وەك هـی هـەر ئیمـاندارێکی تـر - تێبگـەن.. ئەوانـەی کـە دەیانەوێت وەك من وابن، با سـەرێکی ئـەو کۆیـەی "نـا" بکـەن و بـۆ تەفسـیری "مـن" (واتـە خـۆم) و ڕێگـا و شـوێنی لـەو کۆیـەدا بڕوانـن و، لـە بوونـی مـن و جەستەی لاوازی منی هـەژار - کـە وەکـو جەسـتەی هـەر موسـڵمانێکی تـر لاوازە - تێبگەن و، با بزانن کە: ژیان خۆی چی‌یە؟ مرۆڤایەتی چی‌یە؟ ئیسـلام چی‌یە؟ ئیمـانی تـەحقیقی چی‌یە؟ ناسینی خـوا چی‌یـە و، چـۆن خۆشەویسـتی خوامان دەست دەکەوێت؟

با لەمانە تێبگەن و.. وانەیەکی لـێ فێر بن!

چوارەم پلەی نووریی "حەسبی":

ئەو تەگەرە و لەمپەرانەی هاتنە ڕێم و لەرزەیان بە "بوون"م خست، وەك پیری و غەریبی و نەخۆشی و دەستبەسەری، هەموو ئەوانە پێکەوە لەو کاتەدا هێرشیان بۆ هێنام کە "بێ ئاگایی" سەری تێ کردبووم! وەك بڵێی "بوون"ی خۆم کە زۆر بە توندی دەستم لێ گیر کردبوو، بەرەو عەدەم هەنگاو بنێت، تەنانەت "بوون"ی هەموو بوونەوەرانیش بەرەو "نەبوون" بڕوات. ڕۆشتنی هەموو ئەمانەش بەرەو "نەمان" خەم و پەژارە و نیگەرانییەکی توند و تیژیان بۆ فەراهەم هێنام..

تا لەم کاتەدا سەرم لە ئایەتی: ﴿حَسْبُنَا اللّٰهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ دایەوە..

ئەویش پێی وتم:

(لە واتاکانم ورد بەرەوە و بە چاوی ئیمان بۆیان بڕوانە)!

منیش کە بە چاوی ئیمانەوە بۆم ڕوانین، بینیم:

"بوون"ی من کە - وەك بوونی هەر موسڵمانێکی تر - گەردیلەیەکی تابڵێی لاواز و بچووکە، لە ڕاستیدا ئاوێنەیەکە بۆ بوونێکی بێ سنوور و، هۆکارێکە بۆ دەستکەوتنی جۆرەها بوونی زۆر و لە ژمارە نەهاتوو کە بە چەشنێکی بێ کۆتایی دەکرێنەوە و دەردەکەون..

هەروەها وەکو وشەیەکی پڕ لە دانایی وایە کە چەندەها "بوون"ی هەمیشەیی دەبەخشێت کە زۆر لە خۆی گرانتر و بەرزتر و بەنرخترن[1].

---

(١) ئەو شتەی بەرەو "نەمان" دەڕوات، چەند جۆرێکی "بوون" لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، واتە: هەموو شتێکی "فانی" لە چەند لایەکەوە "باقی"یە. بۆ نموونە: دەنکە گەنمێك کە بە داڕزانی ناو خاك دەمرێت، لە پاش خۆی گوڵێك بەجێ دەهێڵێت کە سەد دەنکە گەنمی تێدایە. لیەر لەبەر ئەمەو لەم ڕوانگەیەوە، ترسان لە "مردن" و "نەبوون" و خەفەت خواردن بۆ "نەمان" کارێکە لە جێی خۆیدا نییە. (وەرگێڕ)

تەنانەت بە "علم الیقین" زانیم کە تاقە چرکەیەکی ئەم بوونەی من - لە رووی پەیوەندیی ئیمانییەوە - بە ئەندازەی بوونێکی هەمیشەیی گران و بەنرخە..

چونکە لەبەر ئەوەی بە هەستی ئیمانی دەمزانی کە بوونی من تەنها درەوشانەوە و ئاسەوارێکی خوای گەورەی "واجب الوجود"ە و یەکێکە لە بەدیهاتووە رێك و جوانەکانی، ئەوا ئەم زانینە لەو تاریکییە بێ سنوورانەی کە زادەی چەند وەهمێکی ترسناك بوون و، لە ئازاری دوور و درێژی جودایی و لێکدابڕانە بێ کۆتاییەکانیش رزگاری کردم. هەر ئەم زانینەش بە ئەندازەی ژمارەی کار و ناوە جوانەکانی خوای گەورە - کە پەیوەندییان بە بوونەوەرانەوە هەیە - پەیوەندیی برایانەی لە نێوان من و بوونەوەردا، بە تایبەتی لەگەڵ زیندەوەراندا، بۆ دروست کردم..

هەروەها ئەوەشم زانی کە لە ناوەندی جودایی و لێکدابڕانێکی کاتیی وەك "مردن"دا، بە یەك گەیشتنەوە و پەیوەندییەکی هەمیشەییم دەست دەکەوێت لەگەڵ سەرجەمی خۆشەویستانم لە بوونەوەردا!

بەم جۆرە، "بوون"ی من - وەك بوونی هەر باوەڕدارێکی تر کە ئیمان و پەیوەندیی ئیمانیی بێت - چەندین رووناکیی "بوون"ی ئەوتۆی دەست کەوتووە کە جودایی بوونەوەرانی نایەتەڕێ. تەنانەت گەر ئەم "بوون"ەی من بڕوات و لە دەستم دەربچێت، ئەوا مانەوەی جۆرەکانی تری "بوون" دوای من جێی دەگرنەوە و، وەك ئەوە وایە کە هەر خۆی بە تەواوی مابێتەوە!

بە کورتی:

"مردن" جودایی نییە، بەڵکو بریتییە لە بە یەك گەیشتنەوە و، جێ گۆڕینەوە و، بەرهەمهێنانی بەروبوومێکی باقی و هەمیشەیی!

پێنجەم پلەی نووری "حەسبی":

ماوەیەك ژیانم لـە ژێر چـەندین كۆڵـی قورسـدا دەینـاڵاند، بـە ڕادەیـەك كـە ئاوڕیان بەلای ژیان و "تەمەن"مدا پێ دامەوە..

سەرئجـم دا تەمەنم ڕووەو ئەودنیا بە پەلە و خێرایی لە ڕۆیشتندایە و، ژیـانی نزیكبووی ئاخیرەتیشم - لە ژێر ئـەم كۆڵـە قـورس و تـەنگ پـێ هەڵچنینـەدا - بەرەو كوژانەوە هەنگاو دەنێـت! كـەچی فەرمانبەرییـە بەرزەكانی "ژیـان" و سوودە بەنرخەكانی دەری دەخەن كە "ژیان" شایستەی ئەوە نییە بەم خێراییـە بكوژێتەوە، بەڵكو شایستەی ژیانێكی درێژخایەنە..

لەبەر ئەوە، بە خەفـەتێكی زۆرەوە بیرم لـەم كێشـەیە دەكـردەوە و، بۆ ئـەم مەبەستە سەرێكم دایەوە لە مامۆستاكەم:

﴿حَسْبُنا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيل﴾..

ئەویش پێی وتم:

(بەو جۆرە بڕوانە بۆ ژیان كە خـواوەندی "حَيّ" و "قَيُّـوم" دەیـەوێت بـۆی بڕوانیت).

منیش كە لەم ڕوانگەیەوە سەیرم كرد، بۆم دەركەوت كە:

ئەگەر "ژیان" بە تەنها یەك ڕووی بۆ من بڕوانێت، ئەوا سەدان ڕوخسـار و ڕووی هەیە كە پێیان دەڕوانێتە خواوەندی "حَيّ" و "قَيُّوم"..

ئەگەر تەنـها بەرهـەمێكی بـۆ مـن بگەڕێتـەوە ئـەوا هـەزار بەرهـەمی بـۆ بەدیهێنەرم دەگەڕێتەوە..

لەبەر ئەوە، تەنـها سـاتێكی ژیـان كـە لـە چوارچێوەی ڕەزامەندییەكانی خوادا بێت سەروزیادی مرۆڤە و، پێویست بە ژیانێكی دوور و درێژ ناكات!

ئەم ڕاستییەش بە چوار مەسـەلە ڕوون دەبێتـەوە. جـا بـا ئـەو كەسـانەی كە دەیانەوێت ژیانیان دەست بكەوێت یان ئەوانـەی كـە نەمردوون، بـا بێن و لـە

ناوەندی ئەو چوار مەسەلەیەدا بە شوێن ماهییەت و ڕاستیی "ژیان" و مافە ڕاستەقینەکانی ژیاندا بگەڕێن، تاکو دەستیان بکەوێت و بتوانن بژین!
پوختەکەشی ئەمەیە کە:

"ژیان" هەتا بڕوانێتە خواوەندی "حەیی" و "قەییوم" و، ئەو خواوەندە مەبەست بێت لە ژیاندا.. هەتا ئیمان "ژیان" و "گیان"ی ژیان بێت، ئەوا ژیان "مان"ی دەست دەکەوێت و بەروبوومی مانەوە و هەمیشەیی دەبەخشێت. تەنانەت هێندە بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ئەو پلەیەی کە درەوشانەوەی "نەبڕاوەیی"(سەرمەدییەت) بەدەست بهێنێت. دیارە ئەو کاتەش ئاوڕ بەلای کورتی و درێژیی تەمەندا نادرێتەوە!

شەشەم پلەی نووریی "حەسبی":

لە ناوەندی ئەو پیرییەی کە جودایی تایبەتیی خۆمم یاد دەخاتەوە و.. لە نێوان ڕووداوەکانی ئاخر زەماندا کە هاودەم لەگەڵ جودایییە گەورە و گشتییەکاندا هەواڵی کاول بوونی دنیاش ڕادەگەیەنن و.. لە ناوەندی گەشە کردن و دەرکەوتنی لەعادەتبەدەری هەستەکانم لە کۆتایی تەمەنمدا بە شێوەیەکی فراوان سەبارەت بە جوانی و عاشق بوونی ئەو جوانییە و شەیدابوونی ناخی سروشتم بۆ کەمالات..

لە ناوەندی هەموو ئەمانەدا، بینیم ئەو "نەمان"ەی کە هەمیشە خەریکی ڕووخان و کاول کردنە و، ئەو "مردن" و "نەبوون"ەش کە بەردەوام جودایی دەنێنەوە، بە شێوەیەکی سامناك جوانیی ئەم دنیا جوان و ڕازاوەیە دەشێوێنن و، بە تێك شکاندنیشی ناشیرینی دەکەن و، ناسك و نیانی و جوانیی ئەم بەدیهاتووانەش لەناودەبەن!

لە قووڵایی ناخی خۆمەوە ئازارێکی گەلێ قورس و لە ڕادە بەدەرم چەشت و، لە بەرامبەر ئەم کارەساتە ناهەموارەوە عیشقی مەجازیی ناو سروشتم کەوتە هەڵچوون و کەفوکوڵ و ملنەدان و سەرپێچی کردن!

هیچ چارەیەکیشم بەدەستەوە نەبوو بۆ ڕزگاربوون لەم بارە پەرێشانە و دڵدانەوەی خۆم جگە لە سەردانەوەم لەم ئایەتە پیرۆزە..

ئەویش پێی وتم:

(بە جوانی بمخوێنەرەوە و لە واتاکانم ورد بەرەوە).

منیش ڕۆشتمە ناو ڕوانینگای سوورەتی نوور لە ئایەتی: ﴿اللهُ نُورُ السَّمواتِ وَالأَرْضِ﴾دا و، لەوێ بە دووربینی ئیمان ڕوانیمە دوورترینی چینەکانی ئایەتی "حەسبی" و، بە مایکرۆسکۆبی هەستی ئیمانیش سەیری وردترین نهێنییەکانیم کرد..

بینیم: هەروەك ئاوێنە و شووشە و هەموو شتێکی ساف و بریقەدار تەنانەت کەف و بڵقی سەر دەریاکانیش جوانییە پەنهان و ڕەنگاوڕەنگەکەی "خۆر" دەردەخەن و، هەریەکەیان چەندین جۆری جوانیی حەوت ڕەنگەکەی ئەو ڕووناکییە پیشان دەدەن..

هەروەها وەك بە گوێرەی تازەبوونەوە و جووڵانەوەی ئەو ماددانە و بەپێی توانا و قابیلییەتیان و شکانەوەی جۆراوجۆریان، ئەو جوانییەی "خۆر"یش تازە دەبێتەوە و بە شێوەیەکی ڕازاوەی سەرنج ڕاکێش جوانیی پەنهان و حەوت ڕەنگەکەی تیشکی خۆر دەردەخەن..

بە هەمان جۆر، ئەو بەدیهاتووە ناسکۆڵە و جوانانەش کە لە جێگای ئاوێنەدان و جوانیی خاوێن و پیرۆزی خواوەندی جوان و شکۆمەندیان تێدا

دەدرەوشێتەوە کە ڕووناکیی ئەزەل و ئەبەدە.. ئەم بەدیهاتووانەش بە هەمان جۆر و بە بێ وەستان، هەر لە هاتن و ڕۆیشتندان و، بەمەش درەوشانەوەی ئەو جوانی‌یە هەمیشەییەی ناوە جوانەکانی خوای گەورە تازە دەکەنەوە!

کەواتە ئەو جوانی‌یە درەخشان و ئاشکرایەی کە بەسەر ڕوخساری ئەم بوونەوەرانەوە دەبینرێت - لە ڕاستیدا - موڵکی خۆیان نی‌یە، بەڵکو ئاماژە بۆ ئەو جوانی‌یە خاوێن و هەمیشەییەی خواوەند دەکەن کە داخوازی خۆپیشاندانن و، ئاماژە و نیشانە و درەوشانەوەی ئەو جوانی‌یە پاك و بێگەردەن کە دەیەوێت بە ئاشکرا ببینرێت و پیشانی کەسانی تریش بدرێت.

بەڵگەکانی ئەمەمان لە پەیامەکانی نووردا بە درێژی باس کردووە، بە تایبەتی لەو پەیامەدا کە بەم ڕستەیە دەست پێ دەکات:

"لێرەدا بە شێوەیەکی پوخت سێ دانە لەو بەڵگانە باس دەکرێن..."[(١)].

هەر مرۆڤێك خاوەنی چێژێکی بێ عەیب و ساغ بێت و سەیری ئەو پەیامە بکات، لە سەرسووڕمان و ڕێزلێ گرتندا خۆی بۆ ڕاناگیرێت، تەنانەت بەوەشەوە ڕاناوەستێت، بەڵکو دوای سوود وەرگرتنی خۆی تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی سوود بە کەسانی تریش بگەیەنێت. بە تایبەت ئەو پێنج خاڵەی کە لە بەڵگەی دووهەمدا باس کراون.

بێ گومان هەرکەسێك "ژیری"ی لەدەست نەدابێت و "دڵ"یشی ژەنگی نەگرتبێت دەڵێ: "ماشاء اللهّ، بارك اللهّ" و، "بوون"ی خۆی - کە هەژار و بێ نرخ دیارە - پێ بەرز دەکاتەوە و بە تەسدیق کردنەوە هەست دەکات کە لە ڕاستیدا موعجیزەیەکی بێ وێنەیە.

---

(١) مەبەست: شەشەم پلەی نووریی حەسبی‌یە، لە تیشکی چوارەمی "تیشکەکان"دا. (وەرگێڕ)

❁ ئومێدی پازدەهەم:[١]

ئەو کاتەی کە لە ژوورێکی شارۆچکەی "ئەمیرداغ"[٢]دا لە نیشتەجێی زۆرەملێ دانرابووم، چاودێرەکانی لایەنی دەستەڵاتدار بە تەواوی تەنگیان پێ هەڵچنیبووم و هەموو هەڵسوکەوتێکم هەنگاو بە هەنگاو لەسەر تۆمار دەکرا. ئەمەش گەلێ ئازاری دەرخواد دەدام، بە ڕادەیەك کە ژیانیشم لە پێش چاو کەوت و، پێم ناخۆش بوو کە لە بەندیخانە دەرچووبووم و، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد بمنێرنەوە بۆ بەندیخانەکەی "دەنیزلی" یاخود بمرم و بڕۆمە ناو گۆڕەکەمەوە، چونکە بەندیخانە و گۆڕ لەچاو ژیانێکی وادا گەلێ باشترن!

لەم کاتەدا چاودێریی خوای گەورە هات بە فریامەوە، چونکە ئامێرێکی "ڕۆنیۆ"ی - کە تازە پەیدا بووە - بە قوتابیانی قوتابخانەی (زەهراء)[٣] بەخشی، کە خاوەنی قەڵەمی ئەڵماسیی وەك ڕۆنیۆن! ئیتر بەم ئامێرە و بە یەك دانە پێنووس پێنج سەد نوسخە لە پەیامەکانی نوور دەردەچوون!

---

(١) ئەم ئومێدە لە لایەن یەکێك لە قوتابیانی نوورەوە بۆ مەبەستی تەواوکردنی پەیامی پیران نووسراوە، چونکە ماوەی دانانی ئەم پەیامانە سێ ساڵ پێش ئێستا تەواو بوو. (دانەر)

(٢) ئەمیرداغ قەزایەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی تورکیا و سەر بە پارێزگای "ئافیوون"ە. مامۆستا نوورسی پاش تەواوکردنی ماوەی مەحکوومی‌یەکەی لە بەندیخانەی دەنیزلی، لە ساڵی ١٩٤٤دا ڕەهەندەی ئەوێ کراوە. (وەرگێڕ)

(٣) مامۆستا نوورسی بە درێژایی ژیانی هەوڵی دامەزراندنی ئەم قوتابخانە(زانکۆ)یەی داوە، کە ویستوویەتی وانە ئایینی و زانستی‌یەکانی پێکەوە تێدا بخوێنرێن. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩١١ز لە نزیك دەریاچەی "وان" بەردی بناغەی بۆ دانا، بەڵام بارودۆخی جەنگی جیهانیی یەکەم و دیل بوونی مامۆستا لە ڕووسیا نەیهێشت ئەم پرۆژە پیرۆزە سەربگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چاودێریی میهرەبانیی خواوەندیش نەیهێشت ئەم ڕەنجەی مامۆستا بە خۆڕایی بڕوات، ئەوەبوو لە بریی ئەو قوتابخانەیە، چەند قوتابخانەیەکی مەعنەویی پێ بەخشی کە هەموو سووچ و گۆشەیەکی وڵاتیان گرتەوە، کە بریتین لە قوتابخانە مەعنەوی‌یەکانی نوور. هەر لەبەر ئەوەش بوو مامۆستا نوورسی قوتابیانی نووری بە قوتابیی قوتابخانەی "زەهراء" ناو دەبرد. (وەرگێڕ)

ئەم "فتووحات"ەی پەیامەکانی نوور بوون بەهۆی ئەوەی کە ئەو ژیانە پڕ لە بێزاری و دڵتەنگی‌یەم لەلا خۆشەویست و شیرین بێت و، هانی دام کە هەزاران شوکر و ستایش پێشکەشی خوای گەورە بکەم.

کەچی پاش ماوەیەکی کەم دوژمنە نهێنی‌یەکانی پەیامەکانی نوور کە ئەم فتووحاتەی نووریان بینی، ئارامیان لا هەڵگیرا و کاربەدەستانیان لە دژمان وروووژاند و، دیسانەوە ژیان لە پێش چاومان تاڵ بووەوە.

بەڵام ئەوەندەی نەخایاند چاودێری خوای گەورە جارێکی تر دەرکەوتەوە، چونکە ئەو پەیامانەی کە گیرابوون دەبوو کاربەدەستان - کە لە هەموو کەس زیاتر موحتاجی پەیامەکانی نوور بوون - بە حوکمی کارمەندی و ئەرکی سەرشانیان بیانخوێندایەتەوە!

ئیتر ئەو پەیامانە - بە فەزڵی خوای گەورە - توانی‌یان دڵی ئەوان نەرم بکەن و، خوێندنەوەی ئەو پەیامانە بە ڕادەیەك کاری تێ‌کردن کە بوون بە پشتگیری پەیامەکانی نوورا بەمەش سنووری قوتابخانەکانی نوور پتر فراوانیی بەدەست هێنا و لە بریی ڕەخنەگرتن، ڕێز و سەرسووڕمانی خۆیان لە بەرامبەرەوە دەربڕی!

ئەم بەرهەمەش سوودێکی گەلێ زۆری پێ گەیاندین و هەموو ئازار و دڵتەنگی‌یەکی لەناوبردین، تەنانەت ئەم بەرهەمە بە سەدان جاریش لە زیانە ماددی‌یەکانمان گەورەتر بوو.

بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەکی کەم بەسەر ئەمەشدا تێپەڕی کرد، مونافیقەکان - کە دوژمنە پەنهانەکانن - سەرنجی حکوومەتیان بۆ کەسی خۆم ڕاکێشا و، ژیانی سیاسیی ڕابوردوومیان خستەوە یاد و سام و مەترسی‌یەکی زۆریان سەبارەت بە من بڵاوکردەوە، بە تایبەتی لە نێوان فەرمانگەکانی "دادگەری و پەروەردە و ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ"دا.

ئنجا ئەو بەربەرەکانێ و ڕقەبەرایەتی‌یەی کە لە نێوان پارتە سیاسی‌یەکاندا ڕوو دەدات و بۆ ڕەخنە لە یەك گرتن دەیهێننە کایەوە، هەروەها ئەو هەرا و هوریایەی کە ئیرهابی و ئاشووبگێڕان - کە ڕووکاری شیووعی‌یەکانن - بەرپایان کردبوو..

هەموو ئەمانە، زیاتر پەرەیان بە گومان و مەترسیی لایەنە ڕەسمی‌یەکان دابوو، هەتا وای لێ هات حکومەت هەڵمەتێکی توندوتیژی کردە سەرمان بە گرتن و زەوتکردنی ئەوەی دەستگیریان بوو لە پەیامەکانی نوور!

بەم شێوەیە کار و چالاکیی قوتابیانی نوور ڕاوەستا.

ئنجا سەرەڕای ئەو پڕوپاگەندە ژاراوی‌یانەش کە هەندێ لە فەرمانبەر و کاربەدەستان لە دژی من و بۆ زامدارکردنی کەسایەتیم بڵاویان دەکردەوە - کە لە ڕادەیەکدا بوو هیچ کەسێك باوەڕی پێ نەدەکردن - هیچیان سەری نەگرت و نەیانتوانی بە کەسی بسەلمێنن.. کەچی سەرەڕای ئەمەش، بە چەند بڕوبیانوویەکی کەم نرخ لە هۆڵێکی گەورەدا و بە تەنیا کەسی لەو ڕۆژە سارد و سڕانەی کە دەتوت زەمهەریرە، دوو ڕۆژ منیان خستە بەندیخانە. لە کاتێکدا کە من لە ماڵەوە زۆر خۆمم لە سەرما دەپاراست و، لەبەر لاوازی و نەخۆشیم هەمیشە مەقەڵی و سۆپام دادەگیرساند.

ئا لەم کاتەدا کە سەرما تووشی تایەکی قورسی کردبووم و باری دەروونیشم تابڵێی پەرێشان بوو، چاودێریی خوای گەورە هات بە هانامەوە و ئەم ڕاستی‌یەی خوارەوە لە ڕووی دڵمدا کرایەوە و، پێی وتم:

(تۆ خۆت بەندیخانەت ناو ناوە "قوتابخانەی یوسفی". بەندیخانەی "دەنیزلی"یش چەندە دڵتەنگی و ئازاری دەرخوارد دان، چەندین هێندەی ئەوە سوود و دڵخۆشی و قازانجی مەعنەویی پێ بەخشین..

یەکێك لەو سوودە زۆرانە ئەوەبوو کە هاوەڵەکانی بەندیخانەتان سوودێکی زۆریان لە پەیامەکانی نوورەوە دەست کەوت..

یەکێکی تر لەو سوودانە ئەوە بوو کە لە ناوەندە بەرزەکانی کاربەدەستاندا دەست بە خوێندنەوەی ئەو پەیامانە کرا، بە ئەندازەیەك کە بەرهەمەکانی ئەو بەندیخانەیە خستنیە شوکرانە و ستایشێکی بەردەوامەوە و، هەموو سەعاتێکی تەنگی و ئازاری ئەو بەندیخانەیەی بۆ کردن بە "دە" سەعاتی پەرستش. بەمەش ئەو سەعاتە بڕاوە و فانییانەی بۆ گۆڕین بە دەیان سەعاتی نەبڕاوە و هەمیشەیی.

ئێستاش ئەم سێ‌هەمین قوتابخانە یووسفی‌یە[1]، بە پشتیوانیی خوا، ئەوەندە گەرموگوڕیت پێ دەبەخشێت کە ئەم سەرما و سۆڵەیە نەهێڵێت و، هێندە خۆشیت دەداتێ کە دڵتەنگیت لەناوبەرێت. ئەمەش بە سوود وەرگرتنی هاوڕێ موسیبەتدارەکانی بەندیخانەتان لە پەیامەکانی نوور و بەخشینی دڵنەوایی پێیان.

ئەوانەش کە توورەیی و ڕقی تۆیان وروروژاندووە، ئەگەر خەڵەتاو یاخود فریودراو بن ئەوا شایانی ئەوە نین ڕقیان لێ هەڵبگریت، چونکە بە بێ هەستی خۆیان و بە نەزانی ستەمیان لێ کردوویت.

بەڵام ئەگەر کەسانێك بە هەست و شعوور و زانینی خۆیان و، لەبەر ڕقێکی ڕەگداکوتاوی ناو دڵیان و، بۆ مەبەستی ڕازی کردنی گومڕایان ئازاریان دابیت، ئەوا بەم نزیکانە بەو مردنەی کە خۆیان بە "ئیعدامی ئەبەدی"ی دەزانن سزا دەدرێن و، جێگای تەنگ و تاری ناو گۆڕیش - کە زیندانی تاکەکەسی‌یە - چاوەڕێیان دەکات..

---

(١) مەبەست بەندیخانەی شاری "ئافیوون"ە لە سالی ١٩٤٨زدا. (وەرگێڕ)

تۆش لەلای خۆتەوە و لە ئەنجامی ئەو ستەمەی ئەواندا پاداشتێکی زۆرت دەست دەکەوێت و، ئەو کات و سەعاتە فانییانەشت بۆ دەکرێن بە دەیان سەعاتی هەمیشەیی و، چەندین تام و لەزەتی خۆشی ڕۆحی و مەعنەویشت دەستگیر دەبێت. جگە لەوەی کە ئەرکە زانستی و ئایینییەکانی سەرشانی خۆت بەجێ دەهێنیت).

بەم جۆرە، ئەم واتایە بۆ ڕۆحم هات و لە ڕووی دڵمدا کرایەوە.

ئیتر منیش پڕ بەدڵ وتم: "الحمد لله" و، بە حوکمی مرۆڤایەتیم بەزەییم بەو ستەمکارانەدا هاتەوە و، لە خوای گەورە پاڕامەوە کە ئیسلاحی حاڵیان بکات!

پاشان لە ئیفادەکەمدا ڕوونم کردەوە و بە "دە" دانە بەڵگە چەسپاندم کە ئەم ڕووداوە تازەیە پێچەوانەی یاسایە. تەنانەت سەلماندیشم کە ئەو ستەمکارانە خۆیان بە ناوی یاساوە سەرپێچییان لە یاسا کردووە و سنووری یاسایان شکاندووە! چونکە بە دوای بەڵگەی کەم نرخ و دۆزینەوەی بیانووی دەست هەڵبەست و پڕوپووچدا دەگەڕان، بە ڕادەیەك کە هەموو کەسێکی ئاگاداری ئەم ڕووداوە گاڵتەی پێ دەکردن و کەسانی حەقویست و بەویژدانیش دەستیان بە گریان کرد!

بەم کردەوانەشیان بۆ هەموو خاوەن ویژدانێکیان دەرخست کە هەرگیز ناتوانن بە ناوی یاساوە هیچ بیانوویەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی دەستدرێژی بۆ سەر پەیامەکانی نوور و قوتابیانی بکەن.. بەڵام ئەوان بەو جۆرە پێیان ترازا و بەرە و نزمترین پلەی شێتی و گەلحۆیی نزم بوونەوە!

نموونەی ئەمە:

ئەو سیخوڕانە، پاش ئەوەی بۆ ماوەی مانگێك چاودێرییان لەسەر دانایین، هیچیان دەست نەکەوت کە پێی تاوانبار ببین، ناچار ئەم ڕاپۆرتە درۆینەیەی

خوارەوەیان هەڵبەست کە گوایا: (خزمەتکارەکەی "سەعید" لە دوکانێك "عارەق"ی بۆ کڕیوە)!

بەڵام کەسیان دەست نەکەوت ئەم ڕاپۆرتەیان بۆ ئیمزا بکات جگە لە غەریبێکی مەست و سەرخۆش، ئەویش کە دوای هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر پێیان وت: "ئەم ڕاپۆرتە ئیمزا بکە"، لە وەڵامدا وتی: "ئەستەغفیروڵڵا! کێ دەتوانێت درۆی وا سەیر بکات"!

بۆیە ناچار بوون بە دەستی خۆیان ڕاپۆرتەکەیان بدڕێنن!

نموونەیەکی تر:

لەبەر ئەوەی باری تەندروستیم تێکچووبوو، پێویستییەکی زۆرم بە هەڵمژینی هەوای ساف و پاکی سروشتی بوو. لەبەر ئەمە، پیاوێك کە نەمدەناسی و تا ئێستاش هەر نایناسمەوە کێ بوو، عارەبانەیەکی بە ئەسپەکەیەوە پێ دام کە پێی بگەڕێم و گەشتی دەرەوەی شاری پێ بکەم، منیش یەك دوو سەعاتێك دەڕۆشتمە دەرەوە بۆ گەڕان بە سواری ئەو عارەبانەیە و، لە کرێی ئەمەشدا بەڵێنم بە خاوەنەکەی دابوو کە بایی پەنجا لیرە کتێبی بدەمێ، تاکو لەو پرۆگرامەی کە بۆ ژیانی خۆمم دانابوو لانەدەم و[1] لە ژێر منەتی کەسدا نەمێنمەوە.

جا ئایا ئەم کارە هیچ شتێکی وەهای تێدایە کە زیانێکی لێ بوەشێتەوە؟!

کەچی فەرمانگەکانی پۆلیس و دادگەری و ئاسایش و تەنانەت پارێزگاریش لە پەنجا جار زیاتر پرسیبوویان: ئەم ئەسپ و عارەبانەیە هی کێن؟ وەك بڵێی ڕووداوێکی سیاسیی سامناك بۆ شێواندنی ئاسایش ڕووی دابێت!

---

(١) واتە وەرنەگرتنی هیچ شتێك لە هیچ کەسێك بەبێ ئەوەی لە بەرامبەری ئەو شتەوە، پارە، یان شتی تری بداتێ. ئەمەش ڕەوشتێکی بەرزی مامۆستا نوورسی بووە، کە هەر لە منالی و سەردەمی خوێندنەوە تا ڕۆژی لە دنیا دەرچوونی لەسەری بەردەوام بووە. (وەرگێڕ)

هەتا لە ناچاریدا کەسێکی خۆبەخش ڕاپەڕی و وتی: ئەسپەکە هی منە و، یەکێکی تریش وتی: عارەبانەکە هی منە، تاکو کۆتایی بەم پرسیارە کەم نرخانە بێت. بەڵام ئەوانیشیان گرت و لەگەڵ مندا خستیاننە بەندیخانەوە!

بەم چەشنە ڕووداوانە و هاووێنەیان بووین بە تەماشاکەری گاڵتەی منالان و، بە گریانەوە دەستمان کرد بە پێکەنین و بە خەم و پەژارەوە گاڵتەمان پێ دەکردن!

هەروەك بۆمان ڕوون بووەوە کە هەر کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر پەیامەکان و قوتابیانی نوور بەو جۆرە دەبێت بە مایەی گاڵتە و پێکەنینی خەڵکی!

با دەمەتەقێیەکی سەیرتان بۆ بگێڕمەوە کە یەکێکی ترە لەو نموونانە:

پێش ئەوەی وەرەقەی تۆمەت دانە پاڵم بخوێنمەوە و بزانم تیایدا نووسراوە کە گوایا من ئاژاوەم ناوەتەوە و ئاسایشم تێکداوە، بە داواکاری گشتیم وت:

دوێنێ غەیبەتم کردی، چونکە بەو پۆلیسەم وت کە لە بریی بەڕێوەبەری ئاسایش ئیفادەی لێ وەرگرتم:

(خوا لەناوم بەرێ - سێ جار ئەمەشم دووپات کردەوە - کە ئەگەر لە هەزار بەڕێوەبەری ئاسایش و هەزار "داواکاری گشتی" زیاتر خزمەتی ئاسایشی گشتیم نەکردبێت)!

پاشان لەو کاتەدا کە من زۆر پێویستیم بە حەوانەوە و دوورەپەرێزی لە خەم و خەفەتی دنیا و خۆپاراستن بوو لە سەرما، کەچی ئەوان لەم کاتەدا گرفتاری ڕەهەندەیی و بەندییان کردم و بە ڕادەیەکی وا تەنگیان پێ هەڵچنیم کە زۆر لە وزە و توانای خۆم بەدەر بێت و، بە شێوەیەك کە مرۆڤ هەست بکات ئەم کارە لە ڕقێکی شارراوە و تایبەتییەوە هەڵقوڵاوە!

هەموو ئەم ڕووداوانە، ڕقێکی زۆریان لە دەروونی مندا دژی ئەوان دروست کرد. بەڵام چاودێریی خوای گەورە جارێکی تر هاتەوە بە هانامەوە و، دڵی منی لەم واتایە ئاگادار کردەوە:

(قەدەری خوا - کە سەرتاپا دادگەریی ڕووت و بێ گومانە - بەشێکی یەکجار گەورەی لەم ستەمەدا هەیە کە ئەوانە لێیان کردوویت و، ڕۆژییەکەی بەندیخانەت بانگی کردوویت بۆ ناو بەندیخانە! کەواتە دەبێ لە بەرامبەر ئەم بەشەوە ڕازی بیت و گەردنت بۆ قەدەری خوای گەورە نەوی بکەیت..

ئنجا دانایی و میهرەبانیی پەروەردگاریش بەشی زۆریان تێدا هەیە، وەك: کردنەوەی ڕێی نوور و هیدایەت و ئومێد بەخشین بە دڵ و دەروونی هاوەڵەکانی ناو بەندیخانەتان، کە پاداشتێکی زۆری بۆ ئێوە تێدایە. لەبەر ئەوە، دەبێ لە بەرامبەر ئەم بەشەوە، هاودەم لەگەڵ ئارامگرتندا، هەزاران شوکر و ستایش پێشکەشی خوای گەورە بکەن.

پاشان "نەفس"یش بەشی خۆی هەیە! چونکە کەموکوڕی و کەمتەرخەمیی زۆری نواندووە. جا دەبێ لە بەرامبەر ئەم بەشەی "نەفس"ەوە تۆبە و داوای لێبوردن بکەن و، بۆ لای خوا بگەڕێنەوە و، سەرزەنشتی ئەو نەفسانە بکەن و پێیان ڕابگەیەنن کە شیاوی ئەم زللەیەن..

ئنجا هەندێکیش لەو کارمەند و فەرمانبەرە دەبەنگ و ساویلکە و ترسنۆکانەی کە بە فڕوفێڵی دوژمنە پەنهانەکان فریو دراون، بەشی خۆیانیان هەیە! چونکە پەیامەکانی نوور بە تەواوی حەقی تۆی لەوانە سەندەوە و زللە مەعنەوییەکانی خۆی تێ سرەواندن، خۆ ئەوانیش ئەوەندەیان بەسە!!

بەشی دواهەمینیش هی ئەو کاربەدەست و فەرمانبەرانەیە کە هۆکاری ڕاستەقینە بوون لەم کارەساتانەدا. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە بە

دڵنیایی - بیانەوێت یان نەیانەوێت - سوودی ئیمانی لەو پەیامانـە وەردەگرن کە دەیانخوێننەوە - با بۆ مەبەستی توانج و ڕەخنەگرتنیش بێت - ئەوا لێبوردن لەوانە بە پێی یاسای: ﴿وَالْكَاظِمِينَ الغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّـــاسِ﴾ (آل عمـــران: ١٣٤) بە جوامێری و نەجابەت لە قەڵەم دەدرێت)!

پاش ئەوەی ئەم ئاگاداری‌یەم وەرگرت، کە سەرتاپا حەق و ڕەوایە، بڕیارم دا هەر لـە شوکرانەی خـوادا بم و، لـەم قوتابخانـە یوسفی‌یە نوێ‌یەدا دان بـە خۆدا بگرم. تەنانەت لەبەر تەمێ کردنی دەروونم بڕیارم دا یارمـەتیی ئەوانـەش بدەم کە دژایەتیم دەکەن!

لە ڕاستیدا ئەگەر سەرنجی یەکێکی وەك من بدەین، کە تەمەنی لە حـەفتا و پێنجدایە و لـە نێوان حـەفتا خۆشەویستدا تەنـها پێنـج دانـەیان مـاوە و، حـەفتا هەزار نوسخەی پەیـامـەکانـی نـووریش کاروبـاری "نـوور"ی‌یانـەی خـۆیان بەوپەڕی سـەربەستی ڕادەپەڕێنن و، ئەوەندە میراتگر و برای هەیە کە لـە بریـی یـەك دانـە زمـان بـە هـەزاران زمـان فەرمانبـەریی ئیمـان جـێ بـەجـێ دەکــەن.. "گۆڕ" بۆ یەکێکی ئاوای وەك من سەد جار لەم بەندیخانەیە باشترە..

ئنجا ئەم "بەندیخانە"یەش پتر حەوێنەر و دەیان جاریش سوود بەخشـترە لـەو ئازادی‌یە پابەند و دەسـت بەسـەری‌یەی دەرەوە و، لـە ژیـانی ژێـر چـاودێری و خۆسەپاندنی خەڵکی. چونکە لە بەندیخانەدا - بە هەر جۆرێك بووە - مرۆڤ دەتوانێـت لەگـەڵ سـەدان بـەندکراوی تـردا فــەرمان ســەپاندنی هــەندێ کاربەدەستی وەك بەڕێوەبەر و سەرۆکی پاسەوانەکان قبووڵ بکـات و ئـارامی لەسەر بگرێت، چونکە پیشە و کارمەندیی ئەوان لەوەدایـە ئـەو کارانـە ئـەنجام بدەن، ئنجا لە لایەن هاوڕێ زۆرەکانی بەندیخانەشەوە دڵدانەوە و دڵنـەواییت پێشکەش دەکرێت.

بەڵام لە دەرەوەی بەندیخانەدا دەبێ مرۆڤ بە تەنها خۆی لە بەرامبەر سەدان کاربەدەست و فەرمانبەرەوە دان بە خۆدا بگرێت کە هەموویان دەست دەخەنە ناو کاروباری مرۆڤ و خۆیانی بەسەردا دەسەپێنن!

پاشان سۆز و بەزەیی موسڵمانێتی و سروشتی مرۆڤانەش، بەرامبەر بە پیران - بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە لەم چەشنە حاڵەدان - دەکەوێتە جۆش و، ئەمەش ئازار و گیروگرفتی بەندیخانەیان بۆ دەگۆڕێت بە بەزەیی و میهرەبانی..

لەبەر هەموو ئەمانە، پڕ بەدڵ بە بەند کردنم و مانەوەم لە بەندیخانەدا ڕازی بووم!

کاتێ کە هێنایانم بۆ ئەم سێهەم دادگایە، لەبەر پیری و نەخۆشی و لاوازیی لە ڕادەبەدەرم، هەستم بە ماندووبوونێکی زۆر کرد و نەمتوانی بە پێوە ڕابوەستم و چاوەڕوانی بکەم. بۆیە ناچار بووم لە دەرەوەی دەرگای دادگا لەسەر کورسییەك دابنیشم. هێندەی نەخایاند حاکمەکە هات و بە توورەیی و سووکایەتی پێ کردنەوە وتی:

"بۆچی ئەم کابرایە بە پێوە چاوەڕوانی ناکات"؟!

منیش لەبەر نەمانی سۆز و بەزەیی بەرامبەر بە پیران، گەلێ توورە و دڵگران بووم. بەڵام کە سەرم هەڵبڕی ئەو کۆمەڵە زۆرەم لە موسڵمانان بەدی کرد کە لە دەورمان کۆبووبوونەوە و، بە چاو و دڵێکی پڕ سۆزی بەزەیی و میهرەبانی و برایەتی بۆ ئێمەیان دەڕوانی و، کەسیش نەیتوانی پەرتەوازەیان بکات و دووریان بخاتەوە. کە ئەمەم بەدی کرد، یەکسەر ئەم دوو "ڕاستی"یە هاتنە ناو دڵمەوە:

یەکەمیان:

دوژمنە پەنهانەکانی من و پەیامەکانی نوور چەند کارمەندێکی گێل و گەلحۆیان هان دا کە ئەم هەڵسوکەوتە نزم و سووکانەم لەگەڵدا بنوێنن،

گوایا دەیانەوێت بەم چەشنە ڕەفتارانە کەسایەتیم لە پێش چاوی خەڵکیدا بشکێنن و، ڕێز و ڕووتێکردنی خەڵکیش بەرامبەر بە من - کە حەزم لێی نییە و بە دوایدا ناگەڕێم - بگێڕنە دواوە. پێیان وایە بەم جۆرە هەڵسوکەوتانە دەتوانن بەربەست و دیوارێکی قایم لە بەردەم لافاوی فتوحاتی پەیامەکانی نووردا دروست بکەن!

جا لە بەرامبەر سووکایەتی پێکردنی تاقە کەسێکەوە، ئەم پشتگیری‌یە خواییە سەرنجی منی بۆ لای ئەو سەد کەسە وەرچەرخاند کە لە دەورمان کۆبووبوونەوە و، ڕێزی خزمەتگوزاری‌یەکانی قوتابیان و پەیامەکانی نووریان دەردەبڕی و، پێی وتم: (بۆ ئەو کەسانە بڕوانە کە بۆ لای ئێوە هاتوون و، بە دڵێکی پڕ لە ڕێز و خەفەت و پەیوەندیی توندوتۆڵەوە ڕێزتان لێ دەگرن)!

تەنانەت لە ڕۆژی دووهەمدا کە من وەڵامی پرسیارەکانی "داوەری لێکۆڵینەوە"م دەدایەوە، هەزار کەس لە گۆڕەپانی بەرامبەر پەنجەرەکانی تەلاری دادگادا کۆبووبوونەوە و، زمانی حاڵیان لە شێوەی ڕوخساریاندا بە جوانی دیار بوو کە دەیوت: (ئەوانە سەخڵەت مەکەن)! ئەوەندەش پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵماندا نواند کە پۆلیس نەیتوانی پەرتەوازەیان بکات و دووریان بخاتەوە!

لەم کاتەدا ئەم واتایە هاتە دڵمەوە کە:

(ئەو خەڵکە لەم کاتە دژوارەدا بە دوای دڵدانەوەیەکی تەواوەتی و نوورێکدا دەگەڕێن کە کوژانەوەی نەبێت. تەنانەت بە سروشتیان بە شوێن ئیمانێکی دامەزراوی قایم و مزگێنی‌یەکی ڕاستی بەختەوەریی هەمیشەییدا هەوڵدەدەن. بیستوشیانە کە ئەو شتانەی ئەوان بە دوایدا دەگەڕێن، لە

پەیامەکانی نووردا دەست دەکەون. لەبەر ئەوەیە کە ئەو هەموو ڕێزە زۆرە بەرامبەر کەسی من دەردەبڕن کە لە ڕادەیەکدایە گەلێ زیاترە لە سنووری توانای من و لەو ڕوانگەوەیە کە من خزمەتکاری ئیمانم. خوا بکات خزمەتێکم بۆ ئیمان ئەنجام دابێت).

ڕاستیی دووهەم:

ئەم واتایە هاتە دڵمەوە:

لە بەرامبەر سووکایەتی پێ کردنمان بە بیانووی ئەوەی کە گوایا ئاسایشی گشتیمان شێواندبێت و، لە بەرامبەر دوورخستنەوەی خەڵکییەوە لێمان بەو هەڵسوکەوتە نزمانەی کە چەند کەسێکی کەمی فریودراو ئەنجامی دەدەن.. لە بەرامبەر هەموو ئەمانەوە، لە لایەن ئەهلی حەقیقەت و نەوەی داهاتوو ڕێزێکی گەرموگوڕ و شایستەمان لێ دەگیرێت!

بەڵێ، لەو کاتەدا کە لە ژێر پەردەی شیوعێتیدا و بۆ مەبەستی شێواندنی ئاسایشی گشتیی وڵات، بەوپەڕی چوست و چالاکی ئاژاوە و کاری تۆقاندن و ترس و لەرز بڵاو دەکرێتەوە، ئا لەم کاتەدا، قوتابیانی پەیامەکانی نوور بە هێزی دامەزراوی ئیمانی تەحقیقی لە هەموو گۆشەیەکی وڵاتدا ڕووبەڕووی ئەو ئاژاوانە دەبنەوە و لە شوێنی خۆیاندا ڕایاندەوەستێنن و شان و شەوکەتیان دەشکێنن و، تێدەکۆشن کە ئاسایش و یاسا لە جێی مەترسی و ئاژاوەدا جێگیر بکەن.

بۆ ڕاستیی ئەم قسەیەش، لە ماوەی بیست ساڵی ڕابوردوودا و لە ڕووی شێواندنی ئاسایشەوە هیچ ڕووداوێك لەسەر قوتابیانی نوور تۆمار نەکراوە سەرەڕای زۆری و بڵاوبوونەوەشیان لە هەموو جێگا و گۆشەیەکی وڵاتدا، ئەوەتا لە دە پارێزگا و نزیکەی چوار دادگای پەیوەندیدار تا ئێستا هیچ

ئەفسەر و بەرپرسێك تاقە ڕووداوێكیان لەسەر تۆمار نەكردوون، تەنانەت چەند ئەفسەرێكی بەویژدانی سێ پارێزگا وتیان:

(لە ڕاستیدا هەریەك لە قوتابیانی نوور ئەفسەرێكی مەعنەویی ئاسایشە لە وڵاتدا. ئەوانە لە پاراستنی ئاسایش و پاسادا یارمەتیمان دەدەن، چونكە پەیامەكانی نوور بە هەركەسێك بدەن و ئەویش بە خوێندنەوەیان ئیمانی تەحقیقی بەدەست بهێنێت، ئەوا بەم كارە چاودێر و پاسەوانێك لە هۆش و بیری ئەو كەسەدا دادەنێن و، بەمەش تێدەكۆشن ئاسایشی گشتیی وڵات بپارێزن)!

بەندیخانەكەی "دەنیزلی" باشترین نموونە و شایەتی ئەم قسەیەمانە. ئەوەبوو هەر كە قوتابیانی نوور و پەیامی "میوە"[1] - كە بۆ بەندكراوان نووسراوە - ڕۆشتنە ئەو بەندیخانەیە، زیاتر لە دووسەد بەندكراو تۆبەیان كرد و، ڕێی ئایین و چاكە و گوێڕایەڵیی خوا و ئەنجامدانی فەرزەكانیان گرتەبەر، كە ئەمەش لە ماوەی سێ مانگ یان شتێك زیاتردا ڕووی دا. تەنانەت یەكێك لەوانە كە لە سێ كەس زیاتری كوشتبوو، وای لێ هات دەستی لە كوشتنی ئەسپێ دەگێڕایەوە! واتە نەك هەر تەنها بوو بە ئەندامێكی بێ زیان، بەڵكو بوو بە ئەندامێكی سوودبەخشی بە بەزەیی لە وڵاتدا!

فەرمانبەرە بەرپرسەكان بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەم ڕووداوانەیان دەكرد! تەنانەت پێش ئەوەی بڕیاری دادگا دەربچێت، هەندێ كەس لە لاوان وتبوویان:

---

(١) "پەیامی میوە" ئیشكی یازدەهەمە لە كۆمەڵە پەیامی (تیشكەكان) و، سەربەخۆش بە ناوی: "بەری درەختی ئیمان" بڵاومان كردووەتەوە و، بریتییە لە یازدە مەسەلەی ئەوتۆ كە پوختەی ئەو بابەتە ئیمانییانەن لە تێكڕای پەیامەكانی نووردا هێنراون. (وەرگێڕ)

(ئەگەر قوتابیانی نوور لە بەندیخانەدا بمێننەوە، ئێمەش کارێك دەکەین کە حوکم بدرێین و لەگەڵیاندا بە بەندکراوی بمێنینەوە و، ببین بە قوتابیی ئەوان و، سوود لە ئامۆژگاری‌یان وەربگرین، تاکو ئێمەش وەك ئەوانمان لێ بێت)!

گومانی تێدا نی‌یە کە ئەوانەی تۆمەتی شێواندنی ئاسایشی گشتی دەدەنە پاڵ قوتابیانی نوور، کە ئەم هەموو ڕەوشتە بەرزانەیان هەیە، گەلێ بە هەڵەدا چوون. یان بە چەشنێکی دڵتەزێن فریو دراون و لە خشتە براون. یا خود بۆ مەبەستی تۆقاندن و ئازاوەنانەوە کاربەدەستانی حکوومەت دەخەڵەتێنن، بە خۆیان بزانن یان نەزانن. بۆیە لە پێناوی ئەوەدا هەوڵ دەدەن کە لەناومان بەرن، یان گرفتاری ئەشکەنجە و ئازارمان بکەن.

ئێمەش بەوانە دەڵێین:

(مادەم مردن ناکوژرێ و، دەرگای گۆڕیش داناخرێت و، کاروانەکانی مرۆڤایەتیش لەم میوانخانەیەی دنیادا زۆر بە پەلە و یەك لە دوای یەك لە ئاسۆی خاکدا ئاوا دەبن، ئەوا دەبێ بەم زووانە هەردوو لامان لەیەك دابڕێین. بەڵام ئێوە تۆڵەی ئەم ستەم کردنەتان بە جۆرێکی سامناك دەبینن و ئەو "مردن"ەی کە بۆ ئەهلی ئیمان بریتی‌یە لە پشوودان و حەوانەوەی دوای دەردیسەریی ژیان، ئێوە لە شێوەی لە ناودانێکی هەمیشەیی(إعدام أبدی)دا دەیچێژن، چونکە ئەو تام و چێژە فانی‌یانەی کە دەستتان لە داوێنی گیر کردووە و بەهۆیانەوە پێتان وایە لە دنیادا دەمێننەوە، سەبارەت بە ئێوە هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێت بە ئازارێکی قورسی هەمیشەیی).

"حەقیقەتی ئایینی ئیسلام" کە ئەم نەتەوە ئایینداره لە مێژە دەستی کەوتووە و، بە خوێن و شمشێری سەدان ملیۆن پاڵەوان و شەهیدی تێکۆشەری ئەم نەتەوەیە - کە لە پلەی ئەولیادان - پارێزراوە، ئێستا - بە

داخەوە – مونافیقان کە دوژمنانی پەنهانی ئێمەن، ناوی "تەریقەت"[(١)]ی لێ دەنێن و، "تەریقەت"یش بە خودی خۆری حەقیقەتی ئیسلام دەردەخەن، کە لە ڕاستیدا "تەریقەت" تاقە تیشکێکی ئەو خۆرە درەخشانەیە – کە ئیسلامە – نەك خودی "خۆر" خۆی. ئەمەش بۆ ئەوەی هەندێ لە کارمەندە ساویلکەکانی پێ هەڵبنێن لە دژمان..

قوتابیانی نووریش، کە بەوپەڕی هەوڵ و تەقالا و چالاکییەوە بۆ دەرخستن و پیشاندانی ڕاستییەکانی "ئیمان" و "قورئان" تێدەکۆشن، بە ناوی "ئەهلی تەریقەت" یان "کۆمەڵەیەکی سیاسی" ناودەبەن، مەبەستیشیان لەمەدا ناشرین کردنی ئێمە و هەڵنانی کاربەدەستانە لە دژمان!

بەڵام ئێمە بەوان و بە ئەڵقە لە گوێیانی ئەوانیش، هەمان قسە دەڵێین کە لە بەردەم دادگا دادگەرەکەی "دەنیزلی"دا وتمان:

(ئەو حەقیقەتە خاوێنەی "ئیسلام" کە سەدان سەر بوونەتە گیانفیدا و سەرگەردی باڵای، ئێمەش بە هەمان جۆر سەرمان دەکەینە قوربانی و لە پێناویدا بەختی دەکەین. خۆ ئەگەر هەموو دنیا لەسەر سەرمان بکەن بە ئاگر، ئەوا ئەو سەرانەی کە بوونەتە قوربانیی ئەو حەقیقەتەی قورئان هەرگیز نەوی ناکرێن و جڵەوی خۆیان نادەنە دەست زەندیقەکان و، لەو ئەرکە خاوێن و پیرۆزەی خۆیان – پشت بە خوا – لانادەن)!

بەم جۆرە،ساڵێك لە ساڵەکانی ئەم تەمەنی پیرییەم، کە بە ڕووداوەکانی خۆی نائومێدی و کارەسات و ئەرکە قورسەکانی بۆ پێکهێنام و، دڵدانەوەکانی سەرچاوەی "ئیمان" و "قورئان"یش هاتن بە هانایەوە و فریای کەوتن.. ساڵێکی ئەم پیرییەم – لەگەڵ ئەو هەموو مینەتی و دەردیسەرییەدا – بە "دە" ساڵی شادی و خۆشحاڵیی ژیانی لاویم

(١) لەبەر ئەوەی تەریقەت بە پێی یاسای ئەو ڕۆژگارانە قەدەغە بووە، ویستوویانە بەو تۆمەتە یاساییە تاوانباریان بکەن! (وەرگێڕ)

ناگۆڕمەوە. بە تایبەت کە یەك سەعاتی تۆبەکاری بەجێهێنەری فەرزەکان لە بەندیخانەدا لە حوکمی دە سەعاتی عیبادەتدایە و، هەر ڕۆژێکی نەخۆشی ستەم لێکراویش پاداشتی دە ڕۆژی هەمیشەیی دەست خاوەنەکەی دەخات!!

ژیانێك کە بەم شێوەیە بێت، دەبێ چەندە مایەی شوکر و ستایش بێت بەرامبەر بە خوای گەورە! بە تایبەتی بۆ یەکێکی وەك من کە لە لێواری گۆڕدا ڕاوەستاوە و چاوەڕوانی نۆرەی خۆی دەکات!

بەڵێ، ئەمە ئەو "وانە"یە بوو کە لەو ئاگادارکردنەوە مەعنەوی‌یەوە وەرم‌گرت و لێی تێگەیشتم. ئیتر پڕ بە دڵ وتم: "سوپاسی نەبڕاوە و بێ کۆتایی بۆ خوای گەورە" و، دڵخۆش بووم بە پیری و، بە زیندان و بەندکردنیشم ڕازی بووم..

چونکە "تەمەن" ڕاوەستانی نی‌یە و هەمیشە لە ڕۆشتندایە، جا ئەگەر بە خۆشی و چێژ و لەزەتەوە بڕواتە سەر ئەوا خەفەت و دڵتەنگی‌یەکی زۆر بۆ مرۆڤ بەجێ دەهێڵێت، چونکە لەدەست چوونی خۆشی لە ڕاستیدا ئازارە.. خۆ ئەگەر ئەو تەمەنە شوکرانەبژێریی خوای تێدا نەبێت و بە بێ ئاگایی لە مرۆڤ بەسەر بچێت، ئەوا تەمەنەکەی دەڕوات، کەچی دەستمایەیەك لە گوناهکاری کۆ دەکاتەوە و بەجێی دەهێڵێت..

بەڵام ئەگەر بە ئازار و بەندی لە مرۆڤ بڕواتە سەر، ئەوا لەبەر ئەوەی نەمانی ئازار خۆی لە خۆیدا خۆشی و لەزەتێکی مەعنەوی‌یە و، ئەم چەشنە تەمەنانەش بە جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستش دادەنرێن، ئەوا لە ڕوویەکەوە ئەو تەمەنە بە "باقی" دادەنرێت و هەر دەمێنێتەوە و، خاوەنەکەشی بەروبووم و تەمەنێکی بێگەرد و هەمیشەیی دەستگیر دەبێت..

لە لایەکی تریشەوە ئەم جۆرە تەمەنانە کەفارەتێکن؛ ئەو هەڵە و گوناهانە دەشۆرنەوە کە بوون بەهۆی بەندبوونمان!

جا لەبەر ئەمە و لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە ئەو بەندکراوانەی کە فەرزەکانیان بەجێ دەهێنن، هەمیشە ئارام بگرن و لە شوکرانەی خوادا بن.

❁ ئومێدی شازدەهەم:

پاش ئەوەی کە ساڵێکی تەواوی مەحکوومیم لە بەندیخانەی "ئەسکی شەهر"دا بردە سەر، بەو پیری‌یە ڕەهەندەی "قەستەمۆنی"یان[1] کردم و، نزیکەی سێ مانگ لە پۆلیسخانەکەی ئەوێدا بەند بووم.

شتێکی ئاشکرایە کە چەندە ئازار تووشی کەسێکی وەك من دەبێت لەم جۆرە جێگایانەدا، لە کاتێکدا کە بە گۆشەگیری دەژی و، ناتوانێت تەنانەت لەگەڵ هاوڕێ وەفادارەکانیشیدا بژێنێتەوە و، بەرگە ئیسلامی‌یەکانی بگۆڕێت بە بەرگە ئەوروپاییەکان[2].

ئا لەم کاتەدا کە نائومێدی دەورەی دابووم، چاودێریی خوای گەورە هات بە فریای پیریمەوە. چونکە پۆلیس و بەرپرسەکانی ئەو پۆلیسخانەیە، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بوون بە هاوڕێ و برادەری بەوەفای من کە هەرکات بمویستایە دەیانهێنامە دەرەوە بۆ گەشتی دەوروبەری شار و، بە وێنەی هەر خزمەتگوزارێکی تایبەتی خزمەتیان دەکردم..

ئەمە جگە لەوەش کە زۆریان لێ نەکردم بۆ لەسەر کردنی "شەپقە"!

---

(١) "قەستەمۆنی" شارێکە دەکەوێتە باکووری تورکیا. ساڵی ١٩٣٦ز مامۆستا نوورسی ڕەهەندەی ئەوێ کراوە و، لە ژوورێکی بەرامبەر پاسگای پۆلیس هەشت ساڵ لە ژێر چاودێری و نیشتەجێی زۆرەملێدا بووە. تا لە ساڵی ١٩٤٣دا براوە بۆ "دادگای گەورەی جەزا" لە شاری "دەنیزلی". (وەرگێڕ)

(٢) چونکە دوای دەرچوونی یاسای سەیر و سەمەرەی "بەرگ و پۆشاك" خەڵکی بە زۆرەملێ ناچار کران شەپقە و پۆشاکی ئەوروپایی بپۆشن! (وەرگێڕ)

پاشان ڕۆشتمە ناو قوتابخانە یووسفی‌یەکەی بەرامبەر ئەو پۆلیسخانەیەی "قەستەمۆنی" و، لەوێ دەستم کردەوە بە نووسینی پەیامەکان. (فەیزی و ئەمین و حیلمی و صادق و نەزیف و صەلاحەددین) و هاووێنەیان لە پاڵەوانانی نوور لە پێناوی لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پەیامەکاندا بەوپەڕی لێبڕانەوە دەستیان کرد بە دەوام لەو قوتابخانەیەدا و، بەو لێدوان و باسە بەنرخە زانستی‌یانەی ئەوێ لێهاتوویی و چالاکی‌یەکی ئەوتۆیان نواند کە لەچاو ئەوەی کاتی لاویم لەگەڵ قوتابی‌یەکانی پێشوومدا، گەلێ زیاتر بوو.

پاشان دوژمنە پەنهانەکانمان دەستیان دایە هاندانی هەندێ بەرپرس لە دژمان و، هاندانی هەندێ لەوانەش کە بەخۆیان دەنازین و لە خۆیان بایی بووبوون لە زانایان و شێخانی تەریقەت. بەم کارەشیان بوون بەهۆی کۆبوونەوەمان لە بەندیخانەکەی "دەنیزلی" لەگەڵ چەند قوتابی‌یەکی تر، کە لە چەندین پارێزگای ترەوە هاتبوون.

درێژیی ئەم باسە و ئەم ئومێدی شازدەهەمە لەو نامانەدایە کە لە "قەستەمۆنی"یەوە ناردوومن و لە کتێبی "پاشبەندی قەستەمۆنی"[(١)]دا کۆکراونەتەوە، هەروەها لەو نامە کورت و نهێنی‌یانەشدان کە لە بەندیخانەی "دەنیزلی"یەوە ئاراستەی برایانم کردوون و، لەو "بەرگری"یەشدا باس کراوە کە لە بەردەم دادگای دەنیزلیدا پێشکەشم کردووە[(٢)].

---

(١) بۆ خوێندنەوەی ئەو نامانە سەر لە کتێبی (پاشبەندەکان) بدە. (وەرگێڕ)

(٢) نامەکانی دانەر بۆ قوتابیانی لەناو بەندیخانەی دەنیزلیدا، هەروەها بەرگری‌یەکانیشی لە بەردەم دادگای ئەوێ، لە کتێبی (تیشکەکان)دا بڵاوکراونەتەوە. خوێنەری بەڕێز دەتوانێ لە کتێبی ناوبراودا بیانخوێنێتەوە. (وەرگێڕ)

جا لەبەر ئەوەی حەقیقەتی ئەم ئومێدە لەو شوێنە ناوبراوانەدا هەیە، ئەوا خوێنەری بەڕێز بۆ ئەو "پاشبەند" و "بەرگری"یە ڕەوانە دەکەین، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژەیەکی پوختی بۆ دەکەین:

هەندێ لە پەیامە تایبەتی‌یەکان و کۆمەڵە گرنگەکانیم، بە تایبەت ئەو پەیامەی کە لە بارەی دەجالی موسڵمانان(سوفیانی)ەوە دەدوێن[1]، لەگەڵ هەندێ لەو پەیامانەی کە کەرامەتەکانی "پەیامەکانی نوور" باس دەکەن، لە ژێر لیژنەیەك دار و خەڵووزدا شاردبووەوە، بەو ئومێدەی کە پاش مردنم یاخود پاش ئەوەی سەرۆکەکان گوێ بۆ دەنگی ڕاستی ڕادەگرن و، هۆش و مێشکیان لە "ڕاستی" تێدەگات، بڵاو بکرێنەوە. لەم کارەی خۆشم بێ خەم و دڵنیا بووم. بەڵام هەر کە فەرمانبەرانی پشکنین و یاریدەدەری "داواکاری گشتی" بۆ دۆزینەوەی پەیامەکانی نوور خۆیان کرد بەناو ماڵدا و ئەو پەیامە شاراوانەیان لە ژێر دار و خەڵووزەکاندا دەرهێنا، بەرەو بەندیخانەی "ئیسپارتە"یان بردم، هەرچەندەش بەدەست تێکچوونی باری تەندروستیمەوە دەتلامەوە.

لەم کاتەدا کە من لەڕادەبەدەر خەفەت و ئازارم دەچەشت و، بیرم لەو زیانانە دەکردەوە کە هاتوونەتە ڕێی "پەیامەکانی نوور"، ئا لەم کاتەدا چاودێری پەروەردگار - جارێکی تر - هاتەوە بە هانامانەوە، چونکە ئەو بەرپرسانەی کە لە هەموو کەسێك زیاتر پێویستیان بەو پەیامە شاراوە بەنرخانە بوو، بە گرنگی‌یەکی زۆرەوە دەستیان بە خوێندنەوە و توێژینەوەی ئەو پەیامانە کرد و، بەمەش ئەو دام و دەزگا ڕەسمی‌یانە وەك قوتابخانەکانی نووریان لێ هات و، ڕوانینی ڕەخنە و توانجی جارانیان لە پەیامەکانی نوور گۆڕا و، لە بریی ئەوە بە چاوی ڕێز و سەرسوورمانەوە بۆیان دەڕوانی!

---

(١) مەبەست تیشکی پێنجەمی کتێبی (تیشکەکان)ە. (وەرگێڕ)

تەنانەت بێ ئەوەی بە خۆشمان بزانین زۆربەی کاربەدەستانی "دەنیزلی" و کەسانی تریش پەیامی "الآیة الکـــبری"یان خوێندبووەوە کە زۆر بە نهێنی چاپ کرابوو[1]! بە خوێندنەوەی ئەو پەیامەش ئیمانیان پەرەی سەند و، ئێمەش بەم دەرەنجامە گەشاینەوە و، ئەشکەنجە و ئازارەکانمان لە بیر چووەوە.

پاشان بردینیان بۆ بەندیخانەی "دەنیزلی" و لە هۆڵێکی گەورەدا بەندیان کردم کە تابلێی بۆگەن و شێدار و سارد و سڕ بوو!

لەوێشدا ئازار و خەم و خەفەتێکی زۆر لە چەند لایەکەوە ڕووی تێکردم، لەبەر گیرانی برادەرە بێ تاوانەکانمان بەهۆی منەوە و، پەك کەوتنی بڵاوبوونەوەی " پەیامەکانی نوور" و، دەست بەسەرداگرتنیان و، گیرۆدە بوونم بە پیری و نەخۆشی. هەموو ئەمانەش دووچاری بێزارییان کردم و، بە خەفەتەوە دەتلامەوە..

هەر بەو جۆرە مامەوە، هەتا چاودێریی پەروەردگار فریام کەوتەوە و، ئەو بەندیخانە سامناکەی بۆ گۆڕیم بە قوتابخانەیەکی نوور و، دەرکەوت کە بە ڕاستی "بەندیخانە" قوتابخانەی یووسفی‌یە! ئەوەبوو پەیامەکانی نوور کەوتنەوە بڵاوبوونەوە و، پاڵەوانانی قوتابخانەی "زەهراء"یش بە قەڵەمە ئەڵماسی و کارامەکانیان دەستیان دایە نووسینەوە و لەبەر گرتنەوەی پەیامەکان. تەنانەت پاڵەوانەکەی نوور[2] لە ماوەی چوار مانگدا و لەو بارودۆخە ناهەموارەی دەوروبەرماندا زیاتر لە بیست نوسخەی لە پەیامەکانی "میوە" و

(١) لەو پەیامە تیشکی حەوتەمی کۆمەڵە پەیامی (تیشکەکان)ە، هەروەك لە چاپێکی سەربەخۆشدا بە ناوی: (بینینەکانی گەشتیارێك) بڵاومان کردووەتەوە. (وەرگێڕ)

(٢) مەبەست لەو پاڵەوانە شەهید "حافظ عەلی"یە - خوا لێی خۆش بێت - کە یەکێکە لە قوتابییە دێرین و دڵسۆزەکانی پەیامەکانی نوور. ساڵی ١٩٤٤ز لە بەندیخانەی دەنیزلی ژەهری دەرخوارد دراوە و شەهید بووە. (وەرگێڕ)

"بەرگرى" نووسىيەوە و، نووسينەوەى ئەم نوسخانەش بوو بەهۆى چەندين فتووحات چ لە ناوەوەى بەنديخانە و چ لە دەرەوەيدا، كە ئەمەش زيان و بێزارىيەكانى ئەو گيرو گرفتەى بۆ گۆڕيين بە سوود و دڵخۆشى و، سەر لە نوێ نهێنىيەكى ترمان بۆ دەركەوت لە نهێنىيەكانى ئايەتى:

﴿وَعَسى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ﴾ (البقرة:٢١٦)!

پاشان لەسەر بناغەى ئەو ڕاپۆرتە هەڵە و ساكارەى كە لە لايەن كارشناسە سەرەتاييەكانەوە پێشكەش كرا بوو، بڵاوكراوەيەكى توندوتيژ لە دژى ئێمە بڵاو كرايەوە، وەزيرى پەروەردەش لە لايەكى ترەوە هێرشێكى توندى كردە سەرمان. تا واى لێ هات هەندێك داواى لە سێدارەدانى ئێمەى دەكرد، تەنانەت هەوڵ و تەقالاشيان بۆ ئەو مەبەستە خستەكار!

ئا لەم كاتە دژوارەدا كە ئێمە چاوەڕوانيى ئەوەمان دەكرد كارشناسەكانى ئەنقەرەش ڕەخنەى گازندەمان ئاراستە بكەن، كەچى چاودێريى خواى گەورە فريامان كەوتەوە و ڕاپۆرتەكەيان - بە پێچەوانەى چاوەڕوانيى ئێمە - سەرتاپا ڕێزگرتن بوو لە پەيامەكانى نوور و، نووسيبوويان كە: لە پێنج سندووقى پڕ لەو پەيامانەدا تەنها نزيكەى "دە" هەڵە زياتر هيچى تريان تێدا نەدۆزيوەتەوە!

ئێمەش لە بەردەم دادگادا ڕوونمان كردەوە كە ئەو شتانەى ئەوان بە هەڵەيان لە قەڵەم داوە، هيچيان هەڵە نين، بەڵكو سەرتاپا ڕاستين! ئنجا بەمەشەوە ڕانەوەستاين، بەڵكو لە بەردەم دادگادا ڕوونمان كردەوە و بۆمان چەسپاندن كە ڕاپۆرتە پێنج پەڕەييەكەى ئەوان نزيكەى "دە" هەڵەى تێدايە!

هەروەها لەو كاتەدا كە چاوەڕوان بووين لە هەرحەوت دەزگا ڕەسمىيەكانەوە كە پەيامەكانى "ميوە" و "بەرگرى"يان بۆ ڕەوانە كرابوو، هەروەها لە وەزارەتى داديشەوە كە سەرجەمى پەيامەكانيان بۆ نێررابوو - بە

تایبەتی ئەو پەیامانەی کوتەکی جەرگبڕ دەسرەوێننە گیانی گومڕایان - چاوەڕوان بووین لە لایەن ئەوانەوە هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆر و فەرمانی قورسمان لەسەر دەربچێت، کەچی ڕاپۆرتە نەوازشدەرەکانیان گەیشتە دەستمان کە لەوپەڕی نەرمیدا بوون و لەو نامەیە دەچوون کە سەرۆك وەزیران بۆی ناردین. وەك بڵێیت ئارەزوومەندی ئاشتی و ڕێکەوتن بن لەگەڵماندا!

ئەمانە هەموویان زۆر بە ڕێکوپێکی دەیچەسپێنن کە: بە فەزڵ و کەرامەتی چاودێریی خوای گەورە، ڕاستییەکانی پەیامەکانی نوور بەسەر ئەواندا سەرکەوت. بە ڕادەیەك کە وای لێ کردن پەیامەکان بخوێننەوە و ڕێنماییان لێ وەربگرن و، ئەو ڕاستییانە دام و دەزگا گەورە و ڕەسمییەکانیشی وەك قوتابخانەکانی نوور لێ کرد و، کەسانێکی زۆری دوودڵ و سەر لێ شێواویشیان ڕزگار کرد و ئیمانی بەهێز کردن. ئەمەش خۆشی و شادییەکی ئەوتۆی پێ بەخشین کە بە دەیان جار لەو بێزاری و دڵتەنگییە زیاتر بوو کە هاتە ڕێمان!

پاشان دوژمنە پەنهانە خۆشارەوەکان ژەهریان بۆ کردینە ناو خواردنەوە. دوای ئەم کارەساتە، پاڵەوانەکەی نوور (حافظ عەلیی شەهید) لە بریی من برا بۆ خەستەخانە و، هەر لە بریی منیش کۆچی بۆ جیهانی بەرزەخ کرد و، گریان و خەم و پەژارەیەکی زۆری بۆ بەجێ هێشتین.

پێش ئەم ڕووداوە، ڕۆژێك لەسەر چیای "قەستەمۆنی"یەوە چەند جارێك بە دەنگی بەرز وتم:

(برایانم! گۆشت دەرخواردی ئەسپ و گیایش دەرخواردی شێر مەدەن)!

واتە هەموو پەیامێك بە هەرەمەکی بە هیچ کەسێك مەدەن، نەوەك دووچاری گیروگرفتمان بکەن. وەك بڵێی ئەم کاك "حافظ عەلی"ەش - کە

حەوت ڕۆژە ڕێ لێمانەوە دوور بوو - بە ئامێری تەلەفۆنی مەعنەویی خۆی ئەم قسەیەمی بیستبێت، نامەیەکی بۆ ناردم کە تیایدا نووسیبووی:

(بەڵێ مامۆستام! یەکێك لە کەرامەتەکانی "پەیامەکانی نوور" و لە کارە تایبەتی‌یەکانی ئەوەیە کە گۆشت دەرخواردی ئەسپ و گیایش دەرخواردی شێر نادات، بەڵکو گیا بە ئەسپ و گۆشتیش بە شێر دەدات)!

بەم جۆرە پەیامی "ئیخلاس" درا بەو شێر و کەڵە زانایە و، دوای چەند ڕۆژێك ئەو نامە ناوبراوەمان بەدەست گەیشت!

کاتێ لێکمان دایەوە و ڕۆژەکانمان ژمارد، بۆمان دەرکەوت ئەو ڕستەیەی لە هەمان کاتدا نووسیوە کە من لەسەر چیاکەی قەستەمۆنی‌یەوە دووپاتم دەکردەوە!!

جا مردنی پاڵەوانێکی مەعنەویی ئاوا لە پاڵەوانەکانی نوور لەو کاتەدا کە مونافیقەکان بۆ تاوانبارکردنمان و سزا سەپاندن بەسەرماندا تێدەکۆشان، سەرەڕای نیگەرانیی بەردەوامی خۆیشم بەرامبەر بەوەی کە بە فەرمانێکی ڕەسمی برام بۆ خەستەخانە لەبەر ئەو نەخۆشی‌یەی کە لە ژەهرپێدانمەوە سەری تێ کردبووم..

ئا لەم کاتەدا کە ئەم هەموو بێزاری و دڵتەنگی‌یە دەورەی دابووین، چاودێریی خوای گەورە هات و یارمەتیی داین، چونکە نزا و پاڕانەوەی بێگەردی برا بەڕێزەکانم مەترسیی ژەهرەکەی لابرد و، سەبارەت بەو پاڵەوانە شەهیدەش گەلێ نیشانەی زۆر بەهێز هەن لەسەر ئەوەی کە لە گۆڕەکەیدا هەر خەریکی پەیامەکانی نوورە و وەڵامی پرسیارەکانی مەلائیکەتی پێ دەداتەوە! پشت بە خوا پاڵەوانەکەی دەنیزلی "حەسەن فەیزی" - خوا لێی خۆش بێت - و هاوڕێ بەوەفاکانی، جێگای ئەو شەهیدە دەگرنەوە و، لە بریی ئەو بە نهێنی خزمەتگوزاری نوور ڕادەپەڕێنن.

ئنجـا لەبـەر بڵاوبوونـەوەی بـەر فراوانـی پەیامـەکانی نـوور لـەناو بەندیخانەکەدا و پێشوازی کردنی بەندکراوان و بە دەمەوە چوونی خێرایان بۆ ئەو پەیامانە، دوژمنەکانمان ترسیان لـێ نیشت و لایەنی ئەو ڕا و بۆچوونـەیان دەگرت کـە لـە بەندیخانـە دەربـاز بکرێین و بـەر بدرێین، تـاکو دەنگمـان بـەو بەندکراوانە نەگات! چونکە قوتابیانی نوور ئەو خەڵوەتگە پـڕ لـە بێزاری‌یـەی بەندیخانـەیان وەك ئەشـکەوتی لاوە ئیمانداره‌کـانی "أصحـاب الکـهف" و بـە وێنەی خەڵوەتگای زاهیـدە گۆشـەگیرەکان لـێ کردبوو! ئـەوەبوو بەوپـەڕی دامەزراوی و لـەسەرخۆییەوە کەوتبوونە تێکۆشان بۆ نووسینەوەی پەیامەکانی نوور و بڵاوکردنەوەیان لە نێوان بەندکراواندا!

هـەموو ئەمانـە دەیچەسـپێنن کـە چـاودێریی خـوای باڵادەسـت یارمـەتیی داوین و فریامان کەوتووە.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم واتایەم بە دڵدا هات:

مـادەم ئیمـامی ئـەعزەم (ئـەبوو حەنیفـە) و پێشـەوا و موجتـەهیدەکانی هاوێنـەی، بـە زینداـنـی و بـەند کـردن ئـازار دران و، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئارامیان گرت و لەرزەیان پێ نەکەوت..

مادەم ئیمامی ئەحـمەدی کـوڕی حەنبـەل و تێکۆشـەرە گـەورەکانی تـر لـە پێناوی تاقە مەسەلەیەکی قورئاندا ئازار دران، کەچی هەموو شـیان لـە بـەردەم ئـەو مەینـەتی و ئازارانـەدا خۆیـان ڕاگـرت و، لەسـەر لوتکـەی ئـارامگرتندا ڕاوەستابوون و، کەسیان سکاڵا و بێزاری‌یان پیشان نـەدا و، هیـچ کامیشـیان لە وتەی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە..

مادەم چەندین زانا و پێشەوای مەزنی تریش لـە بـەردەم ئـەو گـیرو گرفت و ئازارانـەی هاتـە ڕێیـان نەلـەرزین و دانیـان بـە خـۆدا گـرت و، هەمیشـە لـە

شوکرانەی خوادا بوون، لە کاتێکدا کە ئەو بەڵا و ئازارانەی داباری بەسەر ئەواندا زۆر سەختتر بوو لەوەی ئێوە..

مادەم وایە.. ئەوا ئێوە قەرزی شوکرانەی زۆرتان لە ئەستۆدایە، لە بەرامبەر ئەو ئازارە کەمەی کە لەسەر چەندین حەقیقەتی زۆری قورئانی پیرۆز تووشتان دەبێت، هاودەم لەگەڵ ئەو پاداشتە زۆرەی کە لەم ڕێیەوە دەستتان دەکەوێت.

لێرەدا یەکێك لە دەرکەوتنەکانی چاودێریی پەروەردگار باس دەکەم کە لە ستەم و زوڵم و زۆری مرۆڤەوە بۆم دەرکەوت:

لە تەمەنی بیست ساڵیمدا دەموت:

(دەبێ لە کۆتایی تەمەنمدا، بە وێنەی ئەو گۆشەگیر و زاهیدانەی کە دەستیان لە دنیا هەڵگرتووە و ڕۆشتوونەتە ناو چیاکان، منیش لە ئەشکەوتێکدا بژیم و لە ژیانی کۆمەڵایەتی دوور و گۆشەگیر بم).

هەروەها ئەو کاتەش کە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە باکووری خۆرهەڵاتی ڕووسیا دیل بووم، بڕیارم دا کە:

(ئیتر دەست نەخەمە ناو کاروباری خەڵکی و، پاشماوەی تەمەنم لەناو ئەشکەوتەکاندا بە گۆشەگیری ببەمە سەر و، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆم بکێشمەوە).

وا چاودێریی پەروەردگار و دادگەریی قەدەری خواوەند بەزەییان بە پیریمدا هاتەوە و، لە بریی ئەو ئەشکەوتانەی کە بە پەرۆشەوە بیرم لێ دەکردنەوە و، زۆر لەوانمش باشتر و لە بڕیار و ئارەزووەکەی منیش بەرزتری پێ بەخشیم و، ئەو ئەشکەوتانەی بۆ گۆڕیم بە بەندیخانەی گۆشەگیری و تەنیایی..

هەروەها لە بريى ئەشكەوتەكانى گۆشەگيران و وەرزشكارە ڕۆحى‌يەكان كە من لە نيازمدا بوون، چەند قوتابخانەيەكى يوسفيى پێ بەخشيم، تاكو كاتەكانمان بە فيڕۆ نەڕوات..

چونكە لە ڕاستيدا چەند سوودێكى زۆر لەو ئەشكەوتە قيامەتيانە (بەنديخانە)دا هەيە، جگە لە بەجێهێنانى ئەركى "جيهاد"يش لە پێناوى قورئان و ڕاستى‌يەكانى ئيماندا. بە ڕادەيەكى ئەوتۆ كە دواى تەبرييە و ئازاد بوونى برايانم، بڕيارم دا شتێكى وا دەربخەم كە لە بەنديخانەدا بمهێڵنەوە و، لەو تێكۆشەرە دڵسۆزانەى وەك "خەسرەو" و "فەيزى" و هاوەڵانيان - كە لێ بڕاون بۆ خزمەت - دوور نەكەومەوە، تاكو تێكەڵى خەڵكى نەبمەوە و، بەشێكى زۆرى كاتەكانم بە شتى بێ سوود و بە ڕيا و خۆدەرخستن نەبەمە سەر! چونكە مانەوەم لە بەنديخانەدا لەچاو ژيانێكى كۆمەلأيەتيى وەها گەلێ پێ باشترە.

بەڵام قەدەرى خوا و ئەو ڕۆزى‌يەى كە ئەو بۆى نووسيبووم بەرەو گۆشەيەكى ترى بردم.

جا لەبەر ناوەرۆكى: "الخيرُ فيما اختارَهُ اللهُ" و، بەپێى نهێنيى: ﴿وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ﴾ و، لەبەر بەزەيى هاتنەوە بە پيريمدا و، بۆ ئەوەش بە شەوق و تاسە و حەزێكى زۆرترەوە لەم خزمەتە ئيمانى‌يەدا تێبكۆشين، ئەوا - لەبەر ئەمانە - كارێكى گەلێ زياتر لە ويست و توانای خۆمان لەم قوتابخانە يوسفى‌يە سێ‌هەمەدا بە ئێمە سپێرراوە.

بەڵێ، سێ دانايى و سێ سوود بۆ خزمەتى نوور لەوەدا هەبوو كە چاودێريى پەروەردگار ئەشكەوتەكانى بير لێكردنەوەى سەردەمى لاويمان - كە دوژمنى سەرسەختى نەبوو - گۆڕى بە هۆڵەكانى زيندانى تەنيايى:

دانایی و سوودی یەکەم:

کۆبوونەوەی قوتابیانی نوور لەم کاتەدا بە جۆرێك کە هیچ کەسێك زیانی پێ نەگات، تەنها لە "قوتابخانەی یووسفی"دا دەبێت. چونکە بە یەك گەیشتنیان لە دەرەوە دەبێتە مایەی گومان و، پێویستیی بە خەرجی و مەسرەفێکی زۆریش هەیە. ئەوەبوو هەندێکیان دەبوو نزیکەی پەنجا لیرەی خەرج بکردایە بۆ چاوپێکەوتنێکی بیست دەقیقەیی لەگەڵ مندا، تەنانەت هەندێ جار چاوی پێم نەدەکەوت و دەگەڕایەوە.

لەبەر ئەوە، من خۆم بە شادمانی‌یەوە ئازاری بەندی هەڵدەگرم لەبەر بە یەك گەیشتنەوەم لەگەڵ هەندێ هاوڕێی بەوەفام.

کەواتە بەندیخانە بۆ ئێمەمانان نیعمەت و میهرەبانی‌یە.

دانایی و سوودی دووهەم:

لەم کاتەی ئێستادا پێویستە خەڵکی هەموو شوێنێك لە خزمەتی ئیمانیی پەیامەکانی نوور ئاگادار بکرێنەوە و، سەرنجی ئەوانەش ڕابکێشرێت کە موحتاجی ئەم پەیامانەن..

خۆ ئاشکراشە کە بەندکردنی ئێمە ئەم سەرنجە ڕادەکێشێت و وەکو بڵاوکردنەوەی ئاگاداری وایە! بەمەش کەللەڕەقترین سەرکەش و ئەوانەش کە موحتاجی ئەم پەیامانەن دەستیان دەکەوێت و، ئیمانی خۆیانی پێ دەرباز دەکەن و، لە مەترسی ڕزگاریان دەبێت و، قوتابخانەکانی نووریش فراوانتر دەبن.

دانایی و سوودی سێهەم:

قوتابیانی نوور لە بەندیخانەدا لەگەڵ یەکتر ئاشنا دەبن و لە یەکترەوە فێری ڕەوشت بەرزی و ئیخلاس و خۆبەختکاری دەبن. ئیتر کە ئەم خزمەتە نووری‌یەیان هەبێت، گوێ نادەنە هیچ بەرژەوەندی و سوودێکی دنیایی.

بەڵێ، قوتابیانی نوور لەم ڕێگایەوە ئیخلاسێکی زۆریان دەستگیر دەبێت، چونکە بەڵگە و نیشانەی زۆر دەبینین لەسەر ئەوەی کە هەموو گیرو گرفتێکی ناو قوتابخانەی یوسفی (دە) هێندەی خۆی سوودی ماددی و مەعنەوی و بەرهەمی باش و خزمەتی فراوان و بێگەردی ئیمانیی تێدایە. تەنانەت کاتی وا هەیە ئەو سوود و بەرهەمانە دەگەنە سەد ئەوەندەش! ئیتر دانابەزنە ئاستێکی نزم بۆ دەستخستنی سوودە هەندەکی و تایبەتی‌یەکان.

سەبارەت بە خۆیشم ئەم گۆشە و جێگایانە خەفەتێکی ناسکی بەلەزەتیان تێدایە. کە ئەویش بەم جۆرەیە:

لەم جۆرە جێگایانەدا ڕووداوی وا دەبینم کە سەردەمی لاویم و شار و قوتابخانەکەی ئەوسام یاد دەخاتەوە! چونکە بە گوێرەی داب و نەریتی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات (کوردستان) خۆراکی قوتابی‌یەکان هەندێکی لە دەرەوەی قوتابخانەوە بۆیان دەهات و، هەندێکی تریشی خۆیان دروستیان دەکرد..

ئیتر ئەمە و چەند شتێکی تری هاوچەشنی ئەمە کە لێرەدا هەن، ئەو سەردەمانەم یاد دەخەنەوە و، خەفەتێکی بەلەزەتم دەدەنێ! ئیتر منیش بە خەیاڵ بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێمەوە و پیریم لە بیر دەچێتەوە!

* * *

پاشکۆی پەیامی پیران
مەکتووبی بیست و یەکەم لە
کتێبی (مەکتووبات)

باسمه سبحانه

﴿وَإنْ مِنْ شَيءٍ إلاّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَقَضى رَبُّكَ ألاّ تَعْبُدُوا إلاّ إيّاهُ وَبالْوَالِدَينِ إحْسَاناً إمّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُما أَوْ كِلاهُما فَلا تَقُلْ لَهُما أُفٍّ وَلا تَنْهَرْهُما وَقُلْ لَهُما قَوْلاً كَرِيماً ۞ وَاخْفِضْ لَهُما جَناحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْـمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارْحَـمْهُما كَما رَبَّيانـي صَغِيراً ۞ رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِما فِي نُفُوسِكُمْ إنْ تَكُونُوا صَالِحِينَ فَإنَّهُ كانَ لِلأَوّابِينَ غَفُوراً ۞﴾ (الإسراء: ٢٣-٢٥)

برای بێ ئاگام!

ئەی ئەو کەسەی کە باوکێك یان دایکێکی پیر، یـان یـەکێك لـە خزمـانی، یان برایەکی ئایینیی پەك کەوتە، یـان هـەر کەسێکی دەستەوسـانی نەخۆش لـە ماڵیدا دەژی!

بە وردی سەرنج لەم ئایەتە پیرۆزە بـدە و بزانـه کـە چۆن تەنـها یـەك ئایـەت پێنـج جۆری میـهرەبانی و بـە چـەند شێوەیەکی جیاجیـا بۆ دایـك و بـاوك بـە دەست دەهێنێت.

بەڵێ، بەرزترین حەقیقەتی دنیا بریتی‌یە لە سۆز و بەزەیی و میهرەبانیی دایك و باوك بۆ منداڵەکانیان، هەروەها بەرزترین مافیش مافی ڕێز لێگرتنیانە لە بەرامبەر ئەو شەفەقەت و بەزەییەوە. چونکە دایك و باوك، بەوپەڕی لەزەت چەشتن و بەختیاری‌یەوە، ژیانی خۆیان لە پێناوی ژیانی منداڵەکانیاندا بەخت دەکەن.

لەبەر ئەمە، گەر هەرکەسێك مرۆڤێتیی خۆی لەدەست نەدابێت و نەچوو بێتە ڕیزی ئاژەڵەوە، بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە ڕێزی ئەو خۆشەویستە بەڕێز و قوربانیدەرە ڕاستەقینانە دەگرێت و، بە ڕاستی خزمەتیان دەکات و تێدەکۆشێت دڵشادی و خۆشحاڵی‌یان پێ ببەخشێت و ڕەزامەندی‌یان بەدەست بهێنێت. دەبێ بیشزانین کە خوشك و برای باوك لە حوکمی باوکدان و، خوشك و برای دایکیش لە حوکمی دایکدان. جا بە قورس زانینی بوونی هەرکام لەو پیرە موبارەکانە، یاخود حەزکردن بە مردنیان، تابلۆی بێ ویژدانی و کەم نرخی و نزمی‌یە. ئەمە باش بزانە و بێداربەرەوە!

بەڵێ، باش تێبگە و بزانە کە ئاوات خواستنی نەمانی ئەو کەسەی ژیانی خۆی لە پێناوی تۆدا بەخت کردووە، چەندە ستەمێکی سەخت و بێ ویژدانی‌یەکی گەورەیە.

ئەی ئەو کەسەی کە لە خەم و خەفەتی ژیاندایە!

باش بزانە کە ستوونی بەرەکەت و هۆکاری میهرەبانیی ناو ماڵەکەت و، هۆی دوورخستنەوەی دەرد و بەڵا، تەنها هەر ئەو پیرە پەككەوتەیە، یاخود ئەو کەسە کوێرەی خزمەتە کە بوونی بە قورس دەزانیت!

هەرگیز مەڵێ: دەستم کورتە و ناتوانم خزمەتیان بکەم! نەخێر، گەر ئەو بەرەکەتە نەبوایە کە بەهۆی بوونی ئەو کەسانەوە دەستت دەکەوێت و بەسەرتدا دەبارێت، دەستت لەوە زیاتر کورت دەبوو، هەروەك

ڕۆزی‌یەكەشت دەچووە قاتی. ئەم ڕاستی‌یە لە من وەربگرە و باوەڕی پێ بكە، چونكە هێندە بەڵگەی سەلمێنەرم سەبارەت بەم ڕاستی‌یە لە لایە كە دەتوانم بە تۆشی بسەلمێنم. بەڵام بۆ ئەوەی دوور نەڕۆین و درێژەی پێ نەدەین، كورتی دەكەمەوە بۆت..

جا تۆش باوەڕت بەم قسەیەم هەبێت و، منیش سوێندت بۆ دەخۆم كە ئەم ڕاستی‌یە لەوپەڕی بێ گومانیدایە. تەنانەت نەفس و شەیتانەكەشەم ملیان بۆ كەچ كرد و تەسلیم بوون. خۆ شتێكی بێ گومانە كە ڕاستی‌یەك بتوانێت شەیتانەكەم تووڕە بكات و دەروونی سەركەشی بەدخوازیشم بشكێنێت، دەتوانێت بە تۆیشی بسەلمێنێت و قەناعەتت پێ ببەخشێت.

بەڵێ، خوای پەروەردگار، كە بە شایەتیی هەموو بوونەوەرانی ناو گەردوون: شكۆمەندی بەخشندە و میهرەبان و نیان و خاوەن كەرەمە، كاتێ كە ئەم خواوەندە منداڵان دەنێرێتە جیهانی دنیا، یەكسەر - بە سۆز و بەزەیی خۆی - ڕۆزی‌یەكانیشیان بە دوادا دەنێرێت، وەك پڕكردنی مەمكان و تەقینەوەیان چەشنی سەرچاوەی ئاو بەرەو دەمی ئەو ساوایانە.

هەر ئەو خواوەندە ڕۆزیی پیر و پەككەوتەكانیش - كە وەك منداڵیان لێ هاتووە، تەنانەت لە منداڵیش زیاتر پێویستیان بە بەزەیی و میهرەبانی‌یە - لە شێوەی بەرەكەتدا دەنێرێت و، هەرگیز بەخێوكردنیان ناخاتە ئەستۆی ئەو ڕژد و پیسكە و دەست نووقاوانەی خەڵكی. چونكە ئەو ڕاستی‌یەی كە ئەم ئایەتە پیرۆزانە ڕایدەگەیەنن:

﴿إِنَّ اللهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ﴾ (الذاريات:٥٨)..

﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ دَابَّةٍ لا تَحْمِلُ رِزْقَها اللهُ يَرْزُقُـهَا وَإِيَّـاكُمْ وَهُـوَ السَّـمِيعُ الْعَلِيمُ﴾(العنكبوت:٦٠)..

ڕاستی‌یەكی وەهایە كە بەخشندەیی و كەرەمی لێ دەچۆڕێت و، زمانی حاڵی هەموو زیندەوەرە جۆراوجۆرەكان دەری دەبڕن و دانی پێدا دەنێن.

ئنجا نەك هەر تەنها ڕۆزیی ئەو پیر و پەك کەوتە و خزمانە لـە شێوەی بەرەکەتدا دێن، بەڵکو هەندێ گیانلەبەری تریش کە خوای گەورە کردوونی بە هاوەڵی مرۆڤ، وەکو "پشیلە"، بە هەمان جۆر لە شێوەی بەرەکەتدا و لە نێوان ڕۆزیی مرۆڤدا ڕۆزییان بۆ دەنێرێت! ئەو شتەش کە پشتی ئەم قسەیەم دەگرێت، ئەم ڕووداوەیە کە بۆتانی دەگێڕمەوە و بە چاوی خۆم دیومە:

هەروەك خۆشەویستە نزیکەکانم ئاگادارن، دوو سێ ساڵ پێش ئێستا بەشی خۆراکی ڕۆژانەم تەنها نیو کولێرە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کولێرەی ئەو گوندەی کە تیایدا بووم لەچاو هی شوێنانی تردا بچووك بوون، تەنانەت جاری وا دەبوو بەشی نەدەکردم. پاشان چوار پشیلە بوون بە میوانم! کەچی هەر ئەو لەتە کولێرەیە بەشی من و ئەوانیشی دەکرد و هەندێ جار لێشمان دەمایەوە!

ئەم ڕووداوەش چەندین جار دووپات بووەوە، بە ڕادەیەك قەناعەتی تەواوم پەیدا کرد کە من سوودم لە بەرەکەتی ئەو پشیلانە وەردەگرت! وا ئێستا ڕایدەگەیەنم و ئاشکرای دەکەم کە ئەو پشیلانە هەرگیز کۆڵێکی قورس نەبوون بەسەر شانمەوە و، ئەوان هەرگیز لە ژێر منەتی مندا نەبوون، بەڵکو من لە ژێر منەتی ئەواندا بووم!

جا برای مرۆڤم!

لە کاتێکدا کە ئاژەڵێکی دڕندە ئاسا - کە پشیلەیە - بێت بە میوانی ماڵێك و بەو جۆرە بێت بە تەوەرەی بەرەکەتی ئەو ماڵە، ئەی ئایا گەر بەڕێزترین بوونەوەر - کە مرۆڤە - بڕواتە ئەو ماڵەوە دەبێ چۆن بێت؟ کە باشترین مرۆڤیش باوەڕدار بێت و باشترین باوەڕدارێك کە شایستەی خزمەتکردن و خۆشەویستی بن ئەو نەخۆشە پیرانە بن و لەناو ئەوانیشدا دڵسۆزترین هاوەڵ و ڕاسترین خۆشەویست کە دایك و باوکن!

ئیتر بۆ خۆت ئەمە لێك بدەرەوە و بزانە كە چ بەرەكەتێكی گەورە و چ هۆكارێكی دەستكەوتنی میهرەبانی و دوورخستنەوەی موسیبەتن لەو ماڵە! وەك ناوەرۆكی ئەم فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەر ﷺ ئەوە دەگەیەنێت كە دەفەرموێ: "لولا الشيوخُ الرُّكَّعُ لَصُبَّ عليكم البلاءُ صبّاً"[1].

كەواتە برای مرۆڤم! سەرنج بدە و بیر بكەرەوە و پەند وەربگرە. ئنجا ئەوەش بزانە كە ئەگەر تۆ بەم زووانە نەمریت، خۆ هەر دەبێ پیر ببیت. جا ئەگەر تۆ ئێستا ڕێز لە دایك و باوكت نەگریت، ڕۆژێك دێتە ڕێی تۆش كە منداڵەكانت هیچ ڕێزێكت لێ نەگرن، چونكە ئەو نهێنییەی كە خوای گەورە لە "الجزاءُ مِنْ جنسِ العمل"دا دایناوە، ئەمەمان بە باشی پێ دەسەلمێنێت.

جا ئەگەر دواڕۆژی ئەودنیای خۆتت خۆش دەوێت، ئەوا ئێستا گەنجینەیەكی گەورەت لە بەردەستدایە، فریای بكەوە با لە كیست نەچێت. دەستكەوتنیشی تەنها بە خزمەتگوزاری و ڕازیكردنی دڵی دایك و باوك دەبێت.

خۆ ئەگەر دنیاشت خۆش دەوێت، هەر هەوڵ بدە ڕەزامەندییان بەدەست بهێنە و هەمیشە سوپاسیان پێشكەش بكە، با ژیانی دنیات بە حەوانەوە بەسەر بەریت و، ڕۆزییەكەشت بەهۆی بەرەكەتی ئەوانەوە دەستگیر ببێت. دەنا بە قورس زانینی ئەوان و حەزكردنت بە مردنیان و بریندار كردنی دڵە ناسكەكانیان وا لەو كەسە دەكات كە حەقیقەتی ئایەتی: ﴿خَسِرَ الدُّنْيَا وَالآخِرَةَ﴾ی (الحج: ١١) بەسەردا بچەسپێت.

خۆ ئەگەر تۆ بە دوای میهرەبانیی خواوەندی "ڕەحمان" و "ڕەحیم"دا دەگەڕێیت، ئەوا با بەزەییت بە سپاردە و ئەمانەتەكانی ئەو خواوەندە "ڕەحمان"ەدا بێتەوە كە لای تۆ دایناون.

(١) بۆ تەخریجەكەی بڕوانە لاپەڕە ٤٩. (وەرگێڕ)

برایەکم هەبوو لە برایانی ئاخیرەت ناوی "مستەفا چاوش"[(١)] بوو. دەمبینی هەمیشە لە کاروباری دین و دنیایدا سەرکەوتووە و، منیش نەمدەزانی چ نهێنییەك لەمەدا هەیە. پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەم پیاوە موبارەکە زانیبووی مافی دایك و باوك بەسەریەوە چییە، بۆیە بە ڕێکوپێکی چاودێریی ئەو مافانەی کردبوو. هەر لەبەر ئەوەش حەوانەوە و میهرەبانیی لە دنیادا دەستگیر بووبوو.

ئومێدەوارم کە - پشت بە خوا - قیامەتیشی پێ ئاوەدان کردبێتەوە.

جا هەرکەسێك کە دەیەوێت بەختەوەر بێت، با چاو لەو بکات و وەك ئەو وابێت.

اللهم صل وسلم على مَن قال: "الجنةُ تحتَ اقدام الامهات"[(٢)] وعلى آلـه وصحبه أجمعين.

﴿سُبْحَانَكَ لا عِلْمَ لَنَا إلاَّ ما عَلَّمْتَنا إنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ﴾.

---

(١) مستەفا چاوش: ناوی تەواوەتیی: "خلوصی مصطفی"یە و ساڵی ١٨٨٢ز لە دایك بووە. لە "بارلا" خزمەتی مامۆستا نوورسیی کردووە. لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٣٩ز و لە تەمەنی پەنجا و حەوت ساڵیدا دنیای فانیی جێ هێشتووە، خوا لێی خۆش بێت. (وەرگێڕ)

(٢) حديث: (الجنة تحت اقدام الامهات) عزاه السيوطي في الجامع الصغير (٣٦٤٢) الى القضاعي والخطيب في الجامع وقال الحاكم صحيح الإسناد ووافقه الذهبي وأقره المنذري إلاّ أنـه ضُعف بـهذا اللفظ. انظر ضعيف الجامع الصغير وزيادته (٢٦٦٥) وكشف الخفاء (٣٣٥/١).

قلت: ويغني عنه مايلي:

عن معاوية جاهمة رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ "الزم رجلها فثمَّ الجنة". حسن: في صحيح الجامع الصغير وزيادته (١٢٥٩): رواه ابن ماجة قال المحقق: حسن.

وعن جاهمة رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ "الزمها فان الجنة تحت أقدامها" يعني الوالدة. حسن: في صحيح الجامع الصغير وزيادته (١٢٦٠) رواه أحمد والنسائي قال المحقق: حسن.

پوختەیەک لە ژیانی دانەر

* ناوی "بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی"یە.
* لە نێوان چیا بڵندەکان و لە گوندی "نوورس"ی سەر بە پارێزگای "بەدلیس"ی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانی (باکووری کوردستان) لە بنەماڵەیەکی کوردی دیندار لەدایك بووە.
* لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٦-١٩٦٠ز)دا ژیاوە.
* "صۆفی میرزا"ی باوکی بە خواپەرستی و پیاوچاکی بەناوبانگ بووە و، هەر خۆراکێك حەڵاڵ نەبووبێت دەرخواردی مناڵەکانی نەداوە.. خاتوو "نووریە"ی دایکیشی بە پاك و خاوێنی و دەستنوێژەوە نەبووبێت شیری بە مناڵەکانی نەداوە!
* دایکی لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و، باوکیشی لە ساڵەکانی بیستی سەدەی پێشوودا کۆچی دواییان کردووە و، لە گۆڕستانی گوندی نوورس نێژراون.
* چوارەم مناڵی خانەوادەکەیانە کە یەك لە دوای یەك ئەمانەن:

(دوڕڕییە، خانم، عەبدوڵلا، سەعید، محەممەد، عەبدولمەجید، مەرجان).

* لە پێشدا لـە لای "مـەلا عـەبدوڵڵا"ی بـرا گـەورەی دەستی بـە سـەرەتاکانی خوێندن کردووە. پاشان چەندین گوند و شـاری کوردستان گـەڕاوە و، لای زانا گەورەکانی ئەو سەردەمە وانە گرنگەکانی خوێندووە.

* لـە تەمـەنی چـواردە ساڵیدا بڕوانامـەی زانـایی لـە زانسـتە ئیسـلامی‌یەکاندا بەدەست هێناوە.

* بە هەوڵ و تەقالای خۆی شارەزایی لە زانستەکانی ڕۆژگاردا، وەك: کیمیا فیزیا، بایۆلۆجی، جیۆلۆجی، بیرکاری، گەردووناسی، جوگرافیـا، هتـد.. پەیدا کردووە.

* لەبەر زیرەکیـی نـاوازە و لـە ڕادەبەدەری، نازنـاوی (سـەعیدی مەشـهوور) پاشان (بەدیعوززەمان)ی لە لایەن زانایانەوە پێ دراوە.

* یەکـەم کەسـە هـەوڵی داوە بـۆ دامـەزراندنی زانکـۆ لـە کوردسـتاندا و، کردنەوەی قوتابخانەی کوردی و، خوێندنی وانەی زانستەکانی سـەردەم شـان بە شانی زانستە ئاینی‌یەکان.

* گەورەترین کەسایەتیی کوردی ئەم سەردەمە و مەزنترین زانایە کە لە دوای مـەولانا خـالیدی نەقشـبەندی لـەناو نەتـەوەی کـورددا هاتووەتـە دنیـاوە و، ناوبانگی جیهانیی بۆ دروست بووە و، لـە ڕووبـەرێکی فراوانـی سـەر زەویدا سوود لە بەرهەمەکانی وەردەگیرێت.

* تاکـە کەسـایەتی بـووە کـە هـەموو زەبـر و زەنگێکـی مسـتەفا کـەمال و دامودەزگـا چەوسێنەرەکانی و سی و پێنـج سـاڵی بـەندی و زیندانـی تاکـە کەسی و ڕەهەندەیی و دەست بەسەری و دەیـان دادگـای تۆقێنـەر نـەیانتوانیوە چۆکی پێ دابدەن و لە خـەباتی ڕەوای خـۆی کۆڵـی پێ بـدەن. تەنانـەت ئـەو توانیویەتی سەرکەوتنیشیان بە سەردا بە دەست بهێنێت.

* زیاتر لە سەد و سی کتێب و نامیلکەی لە ژێر ناونیشانی (سەرجەمی پەیامەکانی نوور)دا نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە.

* وەرگێڕانی سەرجەمی پەیامەکانی نوور بۆ (زمانی عەرەبی) لە لایەن مامۆستا (ئیحسان قاسم صالحی)یەوە تەواو بووە و، لە دە دانە بەرگی قەشەنگدا و لە هەردوو شاری ئەستەمبووڵ و قاهیرە چەند چاپێکی یەك لە دوای یەکیان تا ئێستا لێ بڵاوکراوەتەوە.

* بەشێکی زۆریشیان لە لایەن خوشکی نۆموسڵمان: ماری وێڵد (شوکران واحیدە)ەوە کراون بە (زمانی ئینگلیزی) و، تا ئێستا پێنج بەرگی گەورەیان بە چاپی جوان و مۆدێرن بەو زمانە لێ بڵاو کراوەتەوە.

*بە (زمانی کوردی)ش تا ئێستا شەش بەرگی گەورەی بە شێوەیەکی نایاب لێ چاپکراوە، جگە لە سی کتێب و نامیلکەی سەربەخۆ.

* ئەم پەیامانە بۆ زیاتر لە پەنجا زمانی نەتەوەکانی جیهان وەرگێڕراون، کە تا ئێستا کاری وەرگێڕان تیایاندا بەردەوامە، وەك زمانەکانی:

ئەڵمانی، فەرەنسی، ڕووسی، ئۆردی، فارسی، ئیتالی، کۆجاراتی، مەلایا، ڕۆمانی، چینی، بولگاری، پورتوگالی، ئەلبانی، بۆسنی، ئیسپانی، مەقەدۆنی.. هەروەها گەلێ زمانی تریش.

* تا ئێستا زیاتر لە بیست کۆنگرەی جیهانی و دەیان کۆڕی زانستی و پێشبڕکێی ڕۆشنبیری لە ئاستی جیهاندا لەسەر کراوە و، دەیان کتێب و، سەدان لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە و، چەندین بەڵگەنامەی زانکۆییشی لە خوێندنی باڵادا لەسەر وەرگیراوە، کە هەندێکیان لە کوردستاندا بووە.

* دواهەمین کۆنگرەی جیهانی لەسەر مامۆستا بەدیعوززەمان لە شاری ئەستەمبووڵ لە بەرواری (٣-٥/١٠/٢٠١٠ز)دا ساز کرا و، چەندین

کەسایەتیی زانستی لـە (چل و چوار) وڵاتـەوە بەشداریيان تێـدا کـرد کـە توێژەرانی (سی و سێ) وڵات لەوانە سەد و پێنج دانـە توێژینـەوەی زانستییان پێشکەش کرد.

* لە باشـووری کوردستانیشـدا، هـەتا ئێستا سێ سیمینار تایبـەت کـراوە بـە مامۆستا نوورسی و پەیامەکانی، لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، سۆران). هەروەك تا ئێستا سێ مزگەوت بە ناویەوە نـاونراوە لـە شـارەکانی (سلێمانی، سۆران، کەرکووك).

* * *

پێرستی بابەتەکان

بابەت **لاپەڕە**

پاشکۆی پەیامی پیران
(مەکتووبی بیست و یەکەم)

* * *

پەیامەکانی نوور

بە زمانی کوردی

بە چاودێری و پشتیوانیی خوای گەورە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئێستا لە وەرگێڕانی ئەم پەیامانەدا بە زمانی کوردی بەردەوامین و، هەر بە پشتیوانیی ئەویش هەتا ئێستا بەم جۆرەی خوارەوە بڵاومان کردوونەتەوە:

یەکەم: لە شێوەی کتێب و نامیلکەی سەربەخۆدا

١ - پەیامی بیماران (چاپی چوارەم)
٢ - پەیامی پیران (چاپی سێهەم)
٣ - وتە بچووکەکان (چاپی چوارەم)
٤ - سروشت هونەرە یان هونەرمەند؟! (چاپی سێهەم)
٥ مەلائیکەت و ژیانی دوارۆژ (چاپی سێهەم)
٦ - پەیامی ڕەمەزان (چاپی نۆهەم)
٧ - حیکمەتی خۆپەنادان لە شەیتان (چاپی دووهەم)
(لە چاپی یەکەمی کتێبی ژمارە ٢١یشدا بڵاوکراوەتەوە)
٨ - پەیامی ئیخلاس و برایەتی (چاپی سێهەم)
٩ - زللەی میهرەبانی (چاپی سێهەم)
١٠ - چارەسەری وەسوەسە (چاپی حەوتەم)
١١- مرۆڤ و ئیمان (چاپی چوارەم)
١٢ - بەری درەختی ئیمان (چاپی دووهەم)
١٣ - موعجیزاتی لەحمەدی (چاپی پێنجەم)
١٤ - ئیجتیهاد لەم سەردەمەدا (چاپی سێهەم)
١٥ پەنجەرەکان (چاپی دووهەم)
١٦ - پەیامی حەشر (چاپی دووهەم)
١٧ - (من) خودیی مرۆڤ و بزووتنی گەردیلەکان (چاپی دووهەم)
١٨ - ڕابەری لاوان (چاپی سێهەم)
١٩ - ڕابەری خوشکان (چاپی سێهەم)
٢٠ - ڕابەری خزمەتگوزارانی قورئان (چاپی دووهەم)

٢١ - ڕاستیيەكانی ئیمان (چاپی دووهەم)
٢٢ - ڕاستیی تەوحید (چاپی دووهەم)
٢٣ - شوكرانەبژێری (چاپی دووهەم)
٢٤ - بینینەكانی گەشتیارێك (چاپی دووهەم)
٢٥ - میعراجی پێغەمبەر ﷺ (چاپی سێهەم)
٢٦ - موعجیزاتی قورئانی
٢٧ - لاوێتیی قورئان
٢٨ - سوننەتی پێغەمبەر ﷺ پلیكانە و ڕێبازە (چاپی سێهەم)
٢٩ - نوورەكانی حەقیقەت
٣٠ - موناجات
٣١ - كلیلێك بۆ جیهانی نوور

دووهەم: لە شێوەی كۆمەڵە پەیام و بەرگی گەورەدا:

١ - (وتەكان)
٢ - (مەكتووبات)
٣ - (بریسكەكان)
٤ - (تیشكەكان)
٥ - (پاشبەندەكان)
٦ - (داوەریيەكان)

خوا یار بێ بەرگەكانی تریش یەك لە دوای یەك چاپ دەكرێن

THE AGED LETTER

From the Risale-i Nur Collection

By:

Bediuzzaman Said Nursi

Translated from the Arabic into Kurdish by:

Farooq Rasool Yahya

2013

رسالة الشيوخ

من كليات رسائل النور التي ألفها:

الأستاذ بديع الزمان سعيد النورسي (رحمه الله)

ترجمها من التركية إلى العربية:


الأستاذ إحسان قاسم الصالحي

نقلها من العربية إلى الكردية:

فاروق رسول يحيـــى

الطبعة الثالثة المنقحة

السليمانية ١٤٣٤هـــ/٢٠١٣م



ئەگەر دەتەوێت بزانیت کە چۆن:

- "قورئانی پیرۆز" ئاوڕی میهرەبانی لە پیران دەداتەوە و، دەرگای هیوا و ئومێدیان بۆ دەخاتە سەرپشت و، مزگێنییان بۆ دەهێنێت؟
- نووری پێغەمبەری ئازیز ﷺ و شـەفاعەتەکەی، دەرمانی دەردەکان و، ڕووناکی بەخشی سەرجەم نائومێدییە ڕەشەکانە؟
- "پایەکانی ئیمان" و "ئایەتەکانی قورئان" بە هانای مرۆڤی بە تەمەنەوە دەڕۆن و، دنیای دەوروبەری بۆ دەکەنە خەمرەوێن؟
- "لاوازی" و "دەستەوسانی"ی سەردەمی "پیری" دەبنە تکاکار و هۆی دەستکەوتنی سۆز و چاودێریی پەروەردگاری میهرەبان؟
- تێڕوانینی ئیمانی و زانستی "دڵ" و "ژیری" لە گومانەکانی گومڕایی و فەلسەفەی لەخشتەبەری ماددی خاوێن دەکەنەوە؟

ئەگەر پێت خۆشە ئەمانە و بابەتەکانی هاوشێوەیان بزانیت،

ئەوا فەرموو بە شێنەیی ئەم (پەیام)ە بخوێنەرەوە.

ISBN 0-0212-0000-9

9 780021 200009

نرخی (٢٥٠٠) دینارە